دەرمان و مادە سڕکەرەکان

هۆکارەکانی ئالودەگی و شێوازەکانی خۆپاراستن و بەرەنگاربوونەوەیان

Drugs and Intoxicant Substances:
Reasons behind Addiction and methods of protection and Challenge

نوسینی عەتا مەلا کەریم
بەریتانیا
2005

ئەم کتێبە پێشکەشە بە هەر چوار جگەرگۆشەکەم ژیار، ژینیار، ڕێنوار و ساڤیا
بەهیوای پاشەڕۆژێکی پرشنگدار بۆ هەموو منالآنی کوردستان

دەرمان و مادە سڕکەرەکان

هۆکارەکانی ئالودەگی و شێوازەکانی خۆپاراستن و بەرەنگاربوونەوەیان

Drugs and Intoxicant Substances: Reasons behind Addiction and methods of protection and Challenge

نوسینی عەتا مەلا کەریم
بەریتانیا
2005

تێبینی: ئەگەرچی لە ساڵی ٢٠٠٥ ەوە نێردراوە بۆ دەزگای سەردەم بەلآم
تا ئێستا [٢٠٠٧/٩/٢٣] ئەم کتێبە بڵاونەکراوەتەوە!

ناوەرۆک

پێشەکی

١.دەرمان و مادە سڕکەرەکان – لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ

٢.دەرمان و مادە سڕکەرەکان: جۆرەکانی و کاریگەرییەکانیان

٣. چونێتی بەرەنگاربوونەوەی دەرمان و مادە سڕکەرەکان

پێشەکی

لە منالییەوە وشەی وەک قات و تلیاک بەرگوێمان دەکەوت. کە شتێک کەم بوایە یان لە بازاڕدایە نەبوایە پێیان دەووت بووە بە تلیاک! چەندەها جار گوێم لە دایکم بووە ووتویەتی: ئەو شتە قاتی بووە، دەست ناکەوێت. باشە قات و قاتی چی دەگەیەنێت؟ نە دایکم و نە من ئەو سەردەمە نەماندەزانی قات چییە، بەڵام دەمانزانی شتێکی دانسقەو گرانبەهاو دەگمەن دەگەیەنێت. کاتێک شاکاری "لانەوازان" کەوتە بەرچاو لەوێدا وەستا سابیر گیرۆدەی تلیاک بوو بوو، هادی قاچاخچیش دابەشکەرو دابینکەری ئەو مادەیە بوو. باشە ئەو پیاوە بۆ خۆی خستۆتە ئەو بارە ناهەموارەوە؟

بەدرێژایی مێژووی نوێی شانۆو نواندنی کوردی گەلێک نمونەی دیکەش دەبینین کە کەسانێک شروبی تۆسیرام بەیەک قوم هەڵدەقوڕێنن و ناچارن بۆ پەیداکردنی پەنابەنە بەر کاری خراپ و لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێن؛ دیارە لێرەدا بواری باسکردن و شیکارکردنیان نییە. دەڵێن هونەر ئاوێنەی کۆمەڵگایە کەواتە گەر دیاردەیەک لە کۆمەڵگادا بوونی نەبێت لە هونەریشدا جێگای نابێتەوە .

جاروباریش لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا ئاماژە بە کێشەی ئالودەگی بە دەرمان و مادە سڕکەرەکانەوە کراوە، بەڵام ئەوەندەی من ئاگادارم باسێکی تێرو تەسەل و هەمەلایەنە لەو بارەیەوە نەکراوە . بێجگە لە چەند وتارێکی کورت و چەند نامیلکەیەکی بچوک دەربارەی زیانەکانی جگەرەو ئەلکهول نەبێت کە زیاتر بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی تەندروستی نوسراون.

باسکردنی دەرمان و مادە سڕکەرەکان مەسەلەک نییە ئێمە ئێستا دایبهێنین بەڵکو باسکردنی کێشەیەکە کە خۆی لە خۆیدا هەیەو بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتیش، بە پلەی لێکجیاواز، هەبووەو کێشەی هەموو جیهانیشە کە کوردستانیش بەشێکی دانەبڕاوە لێی .

لەوانەیە کەسانێک بڵێن نەخێر: وڵاتی ئێمە شوکور ئەو کێشانەی نییەو باسکردنیشیان ڕەنگە ببێت بە پڕوپاگەندەو ڕیکلام بۆ گەنجان! تکایە واز لەو مەسەلەیە بهێنن. بەڵام واقیعی ژیانی ڕۆژانەی گەنجەکانمان و پەردەوازە بوونی هەزارانیان بە هەرچوارقوژبنی جیهانداو گەڕانەوەی چەندەهایشیان بۆ هەرێمی کوردستان کە بێگومان بەدەر نییە لە هێنانەوەی دیاردەو خوو هەڵسوکەوتی باش و خراپ و هەمەجۆر پێچەوانەی ئەو مەسەلەیە دەسەلمێنێت. سەرباری ئەوەش کە ئێستا جیهان بووە بە گوندێکی بچوک و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە تەلەفیزیۆن و سەتەلایت و ئینتەرنێت و مۆبایل هەموو جیهانی لە چوارچێوەی یەک تۆڕی پێکەوەگرێدراودا تەنیوە .

پێش بەجێهێشتنی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٢ دا گەلێک جار گوێم لە وشەی حەبخۆرو حەبخۆرەکان و مودمین و موعتاد و شوروبخۆر دەبوو کە بۆ خەڵکانێک بەکاردەهات و ئەوەش کە نکولی لێناکرێت مێژووی دورودرێژی جگەرەو ئەلکهولە لە کوردستاندا کە خەڵکانێکی زۆر بە ڕێژەیەکی کەم تازۆر بەکاریان دەهێنن .

دیارە کوردستان بە بەرانبەرکردن لەگەڵ ئێران و ئەفغانستان و خۆرئاوا کێشەی دەرمان و مادە سڕکەرەکانی زۆر کەمەو ئەمەش مایەی خۆشبەختییەو زوو فریاکەوتنی ئەو مەسەلەیەش بواری بەرگرتن و خۆپاراستن باشتر دەڕەخسێنێت. نەخۆشێک کە تازە گیرۆدەی دەردێک بووە زۆر ئاسانتر چارەسەر دەکرێت لە کەسێکی دیکە کە چەندەها ساڵە بەو دەردەوە دەناڵێنێت .

بەگەیشتنم بۆ هەندەران هێندەی نەبرد کە لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە تەلەفونێکم بۆکرا. ئەو بەم جۆرە دوا: ژمارە تەلەفونی تۆیان داوە بەمن کە گوایە تۆ کەسێکی پەنابەریت و شارەزای زمانی ئینگلیزیت و ... هتد منیش ڕەزامەندیم بۆ دیدارەکە نیشاندا بەبێ ئەوەی کە بزانم چییەو بەچی دەگات.

ئەو کەسە (ئاندی پرات) لێپرسراوی تیمی بەرگری لە دەرمان و مادە سڕکەرەکانی شارەکەم بوو. کاتێک دەربارەی دەرمان پرسیاری لێکردم ئەو مەسەلەیەم زۆر لەلا نامۆ بوو. ڕاست و ڕەوان ووتم من دەربارەی ئەو مەسەلە هیچ نازانم و ئەسڵەن لە وڵاتی ئێمەدا کێشەی لەو جۆرە نییە. ئەو زۆر بەهێمنی ووتی ئێمە هیچ کارمان بە گرتن و بردن و ڕاوەدونانی ئەو کەسانە نییە کە پەیوەندیان بە کێشەی دەرمانەوە هەیە، ئەوە ئەرکی

پۆلیسە. ئەرکی ئێمە پەروەردەو هوشیارکردنەوەیەو بەشێوەیەکی دەوری کۆدەبینەوەو نوێنەرانی هەموو بەشەکانی کۆمەڵگامان لەگەڵەو ئەگەر پێت خۆش بێت تۆیش دەتوانیت لەگەڵمان بەشداربیت. کورد دەڵێت شەڕ لە بەتاڵی باشترە! منیش ڕەزامەندیم نیشاندا.
دوای ئەوە بەشداری کۆبونەوەکانم کردو زانیاری باشم دەستگیر بوو دەربارەی دەرمان و مادە سڕکەرەکان. ماوەیەک لەوەدوا لەڕێگای ئەوانەوە بەشداری کۆنفرانسی یەکڕۆژەی مانچستەرم کرد دەربارەی شێوازەکانی بەرگرتن لە ئالودەگی بەدەرمان و مادە سڕکەرەکانەوەو هەر لەوڕێگایەشەوە بەشداری کۆنفرانسی یەکڕۆژەی لەندەنم کرد کە زیاتر لە ١٠٠٠ کەس تێیدا بەشدار بوون بە نوێنەرایەتی سەرجەم نەتەوەو ئاین و ڕگەزەکانی نێو بەریتانیا لە مانگی ئایاری ٢٠٠٣ داو لەوێ چاوم بەکەسانێکی زۆر کەوت و نمونەی چەندەها دەرمانم بەچاوی خۆم بینی کە بۆ نمایش دانرابوون، یەکێک لەوانە قات بووا!
لەلایەکەوە بەهۆی کاریگەری تیمی بەرگری لە دەرمان و مادەسڕکەرەکانەوەو لەلایەکی تریشەوە بەهۆی بابەتی خوێندنەکەمەوە کە تایبەتە بە کریمینۆلۆجی واتە تاوانناسی، خولیای قوڵبونەوەی زیاتر لەو مەسەلەیەدا لەلام چەکەرەی کرد و کۆرسێکی تایبەتم وەرگرت بەناوی " هوشیاربوونەوە لە مەترسییەکانی دەرمان و پراکتیزەکردنیان" وە لە ئەنجامدا بڕوانامەی NCFE in Drug Awareness Studies and Their Applicationsوەرگرت و مەسەلەی نامیلکەیەکی کوردیم لەگەڵ لێپرسراوی کۆرسەکە (پیتەر بروکس) باسکرد. ئەو یەکەمجار زۆر زۆری پێخۆش بوو وە ووتی کە پرۆژەیەکی لەوبابەتە بەدەستەوەیە بۆ وەرگێڕانی ئەو کۆرسە بۆ گەلێک زمان ئەگەر تۆیش کوردی بهێنیتە نێو ئەو پرۆژەیەوە ئەوە مایەی خۆشحاڵی ئێمەیە.دوای ئەوە بە ماوەیەک پێی ڕاگەیاندم کە بەداخەوە کۆلێج ڕازینەبون کە ئەو کۆرسە وەربگێڕرێت بۆ زمانی ئۆردوو گوجاراتی چونکە خەڵکی پاکستان و هیندستان لێرە گەنجەکانیان هەموو ئینگلیزی دەزانن و وەرگێڕانی بۆ ئەو زمانانە پێویست ناکات. هەرچی کوردیشە دەمێنێتەوە سەر خۆت بەڵام کۆلێج ئامادە نییە هیچ کۆمەکێکت بکات .
ئەو مەسەلەیە بەو جۆرە مایەوە تا پەیوەندیم کرد بە کاک ئەکرەم قەرەداخییەوە لە سلێمانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (لە ڕێگای ئومێدی برازامەوە) کاک ئەکرەم زۆر بە ڕێزەوە پێشوازی لەو مەسەلەیە کردو من لێرەدا بەپێویستی دەزانم کە سوپاسی ئەو هاندانەی بکەم چونکە بەبێ ئەو هاندانەی ئەو باوەڕناکەم دەستم بچوایە ئەو کارەو ئەم خزمەتە بچوکەم پێشکەش بە گەلەکەم بکردایە .
دوای بەرانبەر کردنی دەیان کتێب و نامیلکەو چەندەها ماڵپەڕی ئینتەرنێت و پەیوەندی ئەلەکترۆنی E-mail بە چەندەها لایەنی بەرگریکردن لە دەرمان و مادە سڕکەرەکانەوە لە بەریتانیاو ئەوروپاو ئەمریکا، گەیشتمە ئەو ڕاستییەی کە ئەوان دوای ئەزمونی چەندەها ساڵە گەیشتونەتە ئەو ئاستەی کە ئێستا تێیدان و وەرگێڕانی ئەو کۆرسە یان هەرکتێبێکی دیکە کە لە بەریتانیا یان خۆرئاوا نوسراوە بە تەنهاو وەکو خۆی بۆ کوردیی ناتوانێت وەڵامدەرەوە بێت بە کێشەی خوێنەری کورد. کتێب و نوسراوەکانی ئەوان هەریەکەیان لایەنێکی مەسەلەکە شیکاردەکات و ناکرێت هەمویشیان وا بە زوویی وەربگێڕرێن .
لەئەنجامدا گەیشتمە ئەو ڕاستییەی کە بە کەڵک وەرگرتن لەهەموو ئەو سەرچاوەو خەزنە پڕ زانیاریانە خۆم نامیلکەیەک ئامادەبکەم کە هەتا بکرێت گشتگیرو هەمەلایەنە بێت و لەگەڵ واقیعی کۆمەڵگای کوردەواریدا کۆک بێت و وەڵامدەرەوەبێت بە پرسیارو گرێکانی نێو هزری گەنجانی کوردستان .
هیوادارم ئەم هەوڵە بچوکەی من ببێتە هەنگاوێک لەو ڕێگا دوورو درێژو سەختەداو بتوانێت بەردێک بێت لە دیواری پۆڵاینی بەرگری تەندروستی گەنجەکانماندا تا ئەوکاتەی کە بەتەواوی بەرنامەیەکی ستراتیژی فراوان دادەڕێژرێت بۆ بەگژاچونەوەی دیاردە و دەردە کۆمەڵایەتییە کۆن و نوێکان .

عەتا مەلاکەریم
بەریتانیا
13-6-2005
parsendow@hotmail.com

١. دەرمان و مادە سڕکەرەکان – لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ

دەرمان و مادە سڕکەرەکان چین؟
کاریگەری دەرمان و مادە سڕکەرەکان لەسەر مرۆڤ چیە ؟
بۆچی خەڵک دەرمان و مادە سڕکەرەکان بەکاردەهێنن؟
مێژووی بەکارهێنانی دەرمان و مادە سڕکەرەکان
یاسای نێو دەوڵەتی و دەوڵەتان لەمەڕ دەرمان و مادە سڕکەرەکان

دەرمان و مادە سڕکەرەکان چین؟

وشەی دەرمان لەبنەڕەتدا بۆ هەموو ئەو مادە و پێکهاتە کیمیاویانە بەکارهاتووە کە بە شێوەیەک یان زیاتر کاریگەری بایۆلۆژی و سایکۆلۆژی جێدەهێڵن لەسەر لەشێکی زیندوو کاتێک بەشێوەیەک لە شێوەکان دەچنە نێو ئەو لەشەوە. بەگوێرەی ئەم پێناسەیە دەرمان هەموو ئەو مادانە دەگرێتەوە کە بەدرێژایی مێژوو مرۆڤ بۆ کەمکردنەوەی ئازارو چارەسەری دەردەکانی، یان بۆ لەناو بردنی نەیارەکانی (ژەهر) بەکاری هێناون؛ جا ئیتر لە کۆمەڵێک گژوگیای کوتراو دروستی کردبن یاخود لە تاقیگەیەکی کیمیاوی مۆدێرندا ئامادەکرابن .

دەرمان Drug یان Drugs لە زمانی ئینگلیزی و کۆمەڵگای هاوچەرخی ئینگلیزیدا ئەمڕۆ یەکسەر و بێچەندوچون ئەو مادانە دەگرێتەوە کە دەبنە هۆی گۆڕینی شێوازی ئاسایی کارکردنی مێشک و لەش یان هەردوکیان پێکەوە[1] . بەم جۆرە هەرجۆرە باسکردنێکی دەرمان واتای ئەو دەرمانانە دەگەیەنێت کە بەکارهێنانیان بەشێوەیەک یان زیاتر کار لە شێوەی کارکردنی ئاسایی لەش و مێشک دەکات، ئیتر بەکارهێنانیان یاسایی بێت وەک ئەلکهول و جگەرە یان نایاسایی بێت وەک هەموو دەرمان و مادە سڕکەرەکانی دیکە. ئەگەرچی زۆر کەس وشەی دەرمانە نایاساییەکان Illegal Drugs بەکاردەهێنێت بەڵام بەشێوەیەکی گشتی وشەی Drug ئەو واتایە دەدات بەدەستەوە.

لەزمانی کوردیدا وشەی دەرمان بە تەنها زیاتر مانا پزیشکییەکەی دەگەیەنێت واتە ئەو مادانەی کە حەکیم و دوکتۆر بۆ چارەسەری نەخۆش ئامادەی دەکەن یان بەکاریدەهێنن. بەڵام دەستەواژەی "دەرمان و مادە سڕکەرەکان" پڕاوپڕ مانای Drugs دەبەخشێت بەپێی مانا ئینگلیزییەکەی. پێدەچێت لە پاشەڕۆژدا ئەم ناوە کورتببێتەوەو تەنها وشەی دەرمان مەبەستەکە بدات بەدەستەوە، بەڵام بۆ مەبەستی ئەم کتێبە دەستەواژەی دەرمان و مادە سڕکەرەکان بەکاردەهێنم بۆ دووورکەوتنەوە لە لێڵی و تەمومژ .

دەرمان و مادەسڕکەرەکان ، دەکرێت بوترێت، لە چا و قاوەوە دەست پێدەکەن و بە ئەلکهول و جگەرەدا تێدەپەڕن تا دەگەنە هیرۆین و ئەفیون و کراک کۆکاین و هتد... بەم شێوەیە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە دەرمان و مادە سڕکەرەکان بۆمبێکی شاراوە نین و خویەکی تایبەت بە دەستەیەکی تایبەتی کۆمەڵگا نین بەڵکو بە شێوەیەک یان زیاتر سەردەکەن بە هەموو ماڵێکداو هیچ کۆمەڵگایەک لێیان بەدەر نییە، پێشکەوتو بێت یان دواکەوتو .

بێگومان ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە بوترێت: کەوابێت دەرمان و مادە سڕکەرەکان زۆر ئاسایین و بەشێکن لە ژیانی ڕۆژانەمان یاخود وا تێبگەین کە هەموویان وەک یەکن. بەڵکو بە پێچەوانەوە جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوانیانداو، وەک دواتر ڕوونی دەکەمەوە، دابەش دەبن بەسەر چەندەها گروپ و پلەی مەترسی جیاجیادا .

کاریگەری دەرمان و مادە سڕکەرەکان لەسەر مرۆڤ چیە ؟

دەرمان و مادە سڕکەرەکان بەپلەی یەکەم دەبنە هۆی ئەوەی مرۆڤ خویان پێوەبگرێت و نەتوانێت بە ئاسانی دەستبەرداریان ببێت. ئەمەش چەندەها کێشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی بەدوادا دێت و لە سەریەشەو بێتاقەتیەکی بچوکەوە بیگرە تا دەگاتە دزی و ئەنجامدانی تاوان و لە هەندێک باریشدا پەککەوتەیی و تەنانەت مردنی ئەو کەسەش لەئەنجامی زیادە بەکارهێنانەوە یان توشبونیەوە بە چەندەها نەخۆشیی کوژەری وەک شێرپەنجەو نەخۆشییەکانی دڵ و مێشک .

ئەو کەسانەی کە جۆرێک یان چەند جۆرێک لە دەرمان و مادە سڕکەرەکان بەکاردەهێنن لەسەری ڕادێن و بەردەوام حەز بەبەکارهێنانی زیاتری ئەو مادانە دەکەن بۆ ئەوەی هەست بکەن ئاساین. ئەم دیاردەیە لە پلە سەرەتاییەکانیدا پێیدەڵێن خوگرتن یان خوگری و تاڕادەیەک بە ئاسایی دادەنرێت .

---

[1] Drug Awareness Studies and their Applications (NCFE Course) UK 2003.

خوگری دەکرێت بە چالاکی و هەڵسوکەوتی دیکەشەوە بێت وەک قومار، دۆمینە، تاوڵە، گوێگرتن لە هەواڵ و کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و یارییە ئەلەکترۆنییەکان، یان بە خواردنی جۆرە خواردنێکی تایبەتەوە وەک گوڵەبەڕۆژەو چەرەس و زۆرخۆری .

کاتێک خوگری گەیشتە ڕادەیەکی ئەوتۆ کە ئەو کەسە بەبێ ئەو دەرمانە یان مادەیە هەڵنەکات و لە کاتی لێبڕان یان لێکشانەوەیدا بەتەواوی باری ژیانی تێکچوو هەستی بە بارێکی ناهەموارکرد و دەرمان و مادە سڕکەرەکە بووە کێشەی سەرەکی و مەبەستی بنچینەیی ژیانی، ئەوا پێدەنێتە قۆناغێکی نوێوە کە بە ئینگلیزی پێی دەڵێن Addictedو بە عەرەبی پێیدەڵێن "مدمن" و بە فارسی پێیدەڵێن "موعتاد" بەکوردیش من وشەی "ئالودەگی" م بۆ داناوە. ئالودەگی واتە ئەو کەسە بەجۆرێک ئالودەی ئەو شتە بووە کە وازهێنانی سەختە، بەڵام نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت کە ئەستەم نییە. زۆر کەس بەسەرکەوتویی واز لەو مادانە دەهێنن، ئەگەرچی زۆر کەسی دیکەش تێهەڵدەچنەوە. کەسانێک کە ساڵەهایە وازیان لە هیرۆین هێناوە، ڕەنگە هێشتا کاریگەرییەکەی هەر لە بەشی پشتەوەی هەستەکانیاندا خۆی مەڵاس دابێت و چاوەڕوانی نەهامەتی و کۆستێکی ئەو کەسە بن کە بەرەو لایان هەڵبخلیسکێتەوە[2].

ئەو کەسەی کە دەست لە دەرمان و مادە سڕکەرەکان هەڵدەگرێت و لەپڕ لێیان دەکشێتەوە هەست بە بارێکی دەرونی و جەستەیی ناخۆش دەکات کە پێی دەڵێن پاشەکشێ یان کشانەوە Withdrawal ئەمەش بەپێی جۆری دەرمانەکەو ڕادەی ئالودەگی کەسەکە و کەسایەتییەکەی دەگۆڕێت. ئەم بارە ئێستا لەڕێگای کۆمەکی پزیشکییەوە چارەسەردەکرێت .

لەکۆمەڵگای کوردەواری خۆماندا چەندەها کەس بەبێ هیچ جۆرە کۆمەک و چارەسەرێکی پزیشکی وازیان لە جگەرە کێشان هێناوە، کە دیارە نیکۆتین یەکێکە لە مادە ئالودەگییە هەرە بەهێزەکان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئیرادەی پۆڵاینی تاکەکەس کە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە .

ئەوکەسەی کە دەرمان و مادە سڕکەرەکان بەکاردەهێنێت هەمیشە لەشی داوای زیاتری لێدەکات بۆ ئەوەی هەست بکات ئاساییە. واتە لەشی ئەو کەسە ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵ ئەو دەرمانە ڕادێت و بۆئەوەی ئەو کاریگەرییەی جارانی هەبێت پێویستی بە ڕادەیەکی زیاترە لەو مادەیە. ئەمەش جارێکی دیکە بەپێی جۆری دەرمانەکەو ڕادەی زۆرو کەم بەکارهێنانی دەگۆڕێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە. ئەم بارە پێی دەڵێن ڕاهاتن یان قبوڵکردن Tolerance.

پێدەچێت کەسێک بڵێت: باشە باپیرم ٧٠ ساڵە جگەرە دەکێشێت و هیچیشی لێنەهاتووە! یان فڵانە کەس ئەوەتەی هەیە ئەلکهول دەخواتەوەو تەندروستیشی زۆر باشە! ئەمانە زۆر جار ڕاستن و هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی نێوان تەندروستی کەسەکان، هۆکاری دەوروبەر و شێوازی قبوڵکردنی لەشی ئەو کەسە بۆ ئەو مادەیەو ڕاهاتنی لەسەری و هەروەها شێوازی بەکارهێنانی مادەکە؛ تا چ ڕادەیەک کۆنترۆڵی هەبووە بەسەر خۆیدا و مادەکە کۆنترۆڵی نەکردووە بەسەریدا. بەڵام نابێت ئەو ڕاستییەمان لەبیر بچێت کە یەک بەیەکی دەرمان و مادە سڕکەرەکان لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی زانستی و کۆکردنەوەی زانیاری و ئامارو داتاوە پلەی مەترسییان بۆ دانراوەو ئامۆژگاری خەڵک کراوە کە بەکاریان نەهێنن یان بەپێی یاسا قەدەغەکراون. ئەم لێکۆڵینەوەو توێژینەوە زانستییانە هەردەم بەردەوامن و ڕۆژانە ئەنجامی نوێ دەدەن بەدەستەوە. نوێترین دەرەنجام لەسەر زیانەکانی ئەلکهول و جگەرەیە کە لە هەموو جیهان و بەتایبەتی لە خۆرئاوا بە زۆری بەکاردێن و بەشێکن لەژیانی ڕۆژانەی ملیۆنان کەس .

بەکارهێنانی دەرمان و مادە سڕکەرەکان دەبێتە هۆی گەلێک کێشەو تەنگوچەڵەمەی کەسێتی و خێزانی و کۆمەڵایەتی کە کاریگەری ئەدگاری و تەندروستی و ئابوری گەورەی لێدەکەوێتەوە. لێکۆڵینەوەکان لەسەر هەڵسوکەوتی بەکارهێنەران لە بەریتانیا تێبینی ئەم خاڵانەیان کردووە:

---

[2] Claire, A.,& Smith, H., (2003) Drug Culture: The Facts Behind the Headlines. London: Franklin Watts p.6.

- شەڕەنگێزی: بەکارهێنەران بەزۆری توندوتیژو شەڕەنگێزن و بە ڕێژەیەکی بەرز لە کاری توندوتیژی و تاوانەوە دەگلێن.
- ئاژاوەی ناوماڵ: بەکارهێنەران ڕێژەیەکی بەرزی ئاژاوەی ناوماڵیان هەیە و ڕێژەی تەڵاق و دەستلێکبەردان لەنێوانیاندا زۆر بەرزە.
- تێچونی تەندروستی: بەکارهێنەران کۆڵێکی قورسن بەسەر خێزان و کۆمەڵگاوە بەهۆی تێچونی کێشە تەندروستییەکانیانەوە کە بەهۆی دەرمانەوە لە ئاستێکی بەرزدایە.
- کارنەکردن: ڕێژەی بێکاران لەنێو بەکارهێنەراندا زۆر بەرزەو کەمتر هەلی کارکردنیان بۆ هەڵدەکەوێت بەهۆی نەگونجانی مەرجەکانی کارو ڕەفتارو هەڵسوکەوت و شێوازی ژیانی ئالودەبوانەوە.
- تێچونە ماڵییەکان: بەکارهێنەران هەردەم بارێکی قورسی ماڵین بەسەر خۆیان و خێزانەکانیان و کۆمەڵگاو دەوڵەتەوە.
- تاوانی زیاتر: بەکارهێنانی دەرمان و مادە سڕکەرەکان واتا تاوانی زیاتر.
- منداڵ: بەکارهێنەران ناتوانن بەباشی منداڵەکانیان پەروەردە بکەن و زۆربەی جار خراپ خراپ مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیان دەکەن و لەئەنجامدا وەک نمونەی خراپ دێنە نێو کۆمەڵگاو بەزۆریی ئەوانیش ئالودە دەبن .
- قەرەباڵخبوونی گرتوخانەکان: بەکارهێنەران ڕێژەیەکی بەرزی زیندانییەکان پێکدەهێنن[3].

بەکارهێنەرانی دەرمان و مادە سڕکەرەکان زۆر شێوەو شێوازیان هەیە کە لەگەڵ شێوازی خەڵکی ئاساییدا جیاوازە، ئەمەش وا لە زۆر کەس دەکات کە فەرمانی ئەوە بدەن کە هەموو ئەوکەسانە بە ئاسانی جیادەکەنەوە. لە ڕاستیدا ئەگەر بەو جۆرە بیر بکەینەوە ڕەنگە بکەوینە هەڵەی گەورەوە. نیشانەی جەستەیی و ئەدگاری زۆر جار بەڵگەیە بەڵام زۆرجاری دیکەش فریودەرن؛ چەندەها کێشەی ئابوری و تەندروستی و سایکۆلۆژی و کولتوری کار لە مرۆڤەکان و چونێتی هەڵسوکەوت و گرنگیدان یان نەدانیان دەکات بە جلوبەرگ و شێوازی دەرەوەو ڕادەی گرنگیدان یان نەدانیان بە سیمای خۆیان. لەبەر ئەو هۆیانە دەبێت زۆر وریا بین لە بڕیاردانماندا بەسەر خەڵکیداو هەڵەشە نەبین.
بەشێوەیەکی گشتی ئەم نیشانەو سیما دەرەکی و هەڵسوکەوتییانە لە بەکارهێنەراندا ڕەچاوکراوە:

- مەزاجیان بەزۆری بەرزو نزم و هەڵبەزو دابەز دەکات و لەوپەڕی خۆشی و شادییەوە دەفڕێت بۆ ئەوپەڕی پەستی و بێتاقەتی و بەپێچەوانەشەوە.
- بەزۆری لە چونە سەرکارو خوێندنگاو زانکۆو هتد... دوادەکەون.
- ڕێژەی بزربوونیان لە کار یان خوێندن هتد... بەرزە.
- بەشێوەیەکی بەردەوام پارە قەرز دەکەن.
- منداڵ و گەنجان پێدەچێت پارە لە دایک و باوک و کەس و کارو هاوڕێکانیان بدزن .
- بەزۆری ئارەزوی خواردنیان کەمە و کێشیان دادەبەزێت.
- مێشکیان جەنجاڵەو ناتوانن چەقبەستنە (ترکیز) سەر خاڵێکی دیاریکراو.
- شێوەی جلوبەرگیان ناقۆڵاو پیسوپۆخڵ و نەگونجاوە لەگەڵ ئارەزوی گشتی.
- بەزۆری پیاوان سەروریشیان هاتووەو گرنگی نادەن بە شێوەی دەرەکییان.
- کاتێکی زۆر لەدەرەوەی ماڵ بەسەردەبەن.
- ماوەی زۆر دەخەون، بەتایبەتی دوای بەسەربردنی ماوەیەکی زۆر لەدەرەوەی ماڵ.
- چەقۆو کەوچک و شتی لەوبابەتانەیان لەلایە کە ڕەنگیان گۆڕاوە پێدەچێت بۆ مەبەستی دەرمان بەکارهاتبن.

[3] Drug Awareness Studies and their Applications (NCFE Course) UK 2003.

- پێدەچێت سرنج و دەرزی بۆ ئەو مەبەستە بەکاربێن.

بەلأم هەروەک پێشتر باسم کرد، ئەم نیشانانە مەرجی سەرەکی نین و نەبونیشیان جارێکی دیکە مەرجی خاوێنی ناگەیەنێت لە بەکارهێنانی ئەو مادانە. چونکە کەسانێک کە باری مادییان یان پلەو پایەی سیاسی و کۆمەلأیەتیان یان هەموویان پێکەوە چەندەها نەنگی و ڕەفتاری خراپیان بۆ حەشاردەدات دەتوانێت لە نیشانە دەرەکییەکانی بەکارهێنانی ئەم مادانەش بیانپارێزێت؛ بەلأم دیارە لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنان و بەردەوامییەوە ناتوانن خۆیان لە ئاسەوارە تەندروستی و کۆمەلأیەتییەکانی بپارێزن و هەر دەردەکەون.

بۆچی خەڵک دەرمان و مادە سڕکەرەکان بەکاردەهێنن؟

"وا خەملێنراوە کە ٣% ی دانیشتوانی گۆی زەوی، یان ١٨٥ ملیۆن کەس دەرمان و مادە سڕکەرەکان سالأنە بەکاردەهێنن. لەنێو ئەوانەدا خەڵکی نزیکەی هەموو ولأتەکانی جیهان و هەموو بوارەکانی ژیانی تێدایە . ژمارەیەکی دیکەی لەهەژمارنەهاتوویش، لەسەرتاسەری جیهاندا سەرقاڵی بەرهەمهێنان و قاچاخچێتین بە دەرمان و مادە سڕکەرەکانەوە و کەسانێکی زیاتریش بەدەست کێشە کۆمەلأیەتی و ئاسەوارە ئابورییەکانی ئەم بازرگانییەوە دەناڵێنن. ئەم خەڵکە لە ولأتە پێشکەوتوو گەشەکردووەکانیش دەژین، هەژارو دەوڵەمەند، تەندروست باش و نەخۆش، هاولأتی و پەنابەر دەگرنەوە. کەوابێت دیاردەی دەرمان و مادە سڕکەرەکان دیاردەیەکی جیدیی و واقیعی هەموو گۆی زەوییە[4] ".

مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی دەکرێن بە سێ بەشەوە لە پەیوەندییان بە دەرمان و مادە سڕکەرەکانەوە :

یەکەم: یان بەهیچ جۆرێک دەرمان و مادە سڕکەرەکان بەکارناهێنن یان ئەوەندە کەم و دووراودوور بەکاریان دەهێنن کە هیچ کاریگەرییەکی نییە لەسەر ڕەوتی ژیانیان؛ ئەم کەم بەکارهێنانە هەموو جۆرەکان ناگرێتەوە. ئەم جۆرە ئەو گەنجانەش دەگرێتەوە کە بۆ تاقیکردنەوەو بەسەیرو سەمەرەزانینی شتی نوێ جارێک ئەو مادانەیان بەکارهێناوە! ئەم جۆرە کارە بۆ گەنجان زۆر مەترسیدارە چونکە بەهۆی نەشارەزای و نەناسینی ئەو مادانەوە پێدەچێت تووشی کارەساتی کوژەر ببن؛ هەندێک مادە بۆی هەیە لە ماوەیەکی کەمدا مرۆڤێک بکوژێت ئەگەر بە ڕێژەیەکی بەرز بەکاربێت. لەلایەکی دیکەوە چونکە ئەو مادانە گرانبەهاو دانسقەن زۆر کەم وەک خۆیان دەفرۆشرێن و قاچاخچی و فرۆشیارەکانیان مادەی دیکەیان تێکەڵدەکەن بۆ ئەوەی کێشی زیادبکات؛ ئەو مادانە زۆرجار مەترسییان لە دەرمانە ئەسڵییەکە زیاترە.

دووەم: ئەمانە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە مادەکان دەناسن و شارەزای مەترسییەکان هەن بەلأم تەنها لە بۆنەو ئاهەنگەکاندا و بە ڕێژەیەکی دیاریکراوو کۆنترۆڵکراو بەکاریدەهێنن؛ ئەم جۆرە بەکارهێنانە بۆ هەندێک مادە مەترسی کەمترە وەک ئەلکهول، بەلأم بۆ زۆربەی ئەوانی دیکە هیچ ڕێنومایيەک نییە بۆ بەکارهێنانیان بە جگەرەشەوە .

سێیەم: ئەوانەی کە ئالودەی دەرمان و مادەسڕکەرەکان بوون و بەردەوام لەلایەنی جەستەیی و سایکۆلۆژیەوە ناچارن بەکاریان بهێنن؛ شایانی باسە هەموو ئەمانە پەشێمان و کوڵۆڵ و دەستەوسانن و شایانی چارەسەرو پشتگیری پزیشکیین و بە نەخۆش دادەنرێن.

خەڵک دەرمان و مادە سڕکەرەکان بۆ گەلێک مەبەستی جیاجیا بەکاردەهێنن. هۆکارەکان ئەوەندەی جۆرەکانی زۆرو هەمە چەشنن. هەندێک کەس خودەدەنە دەرمان و مادە سڕکەرەکان بۆ ئەوەی متمانە بە خۆیان پەیدا بکەن و شەرمن نەبن یان بەسەر هەستی خۆبەکەمزانیندا زاڵبین . زۆر لە گەنجان وا دەزانن بە جگەرە کێشان و ئەلکهول خواردنەوەو بەکارهێنانی جۆرەکانی دیکەی دەرمان گەورەو پێگەیشتوو دیار دەبن و وەک کورد دەڵێت دەبن بە پیاو! لێرەدا کۆمەڵگا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە فێرکردنی گەنجاندا وەک نمونەو چاولێکەری .

---

[4] World Drug report 2004 of UNODC [online]

لە کۆمەڵگا خۆرئاواییەکاندا ئەلکهول بەشێکە لە ڕێورەسمی ئاینیی و کۆمەڵایەتی و ژیانی ڕۆژانە، منداڵەکان هەموو فێردەکرێن کە نابێت تا تەمەنێکی دیاریکراو ئەو مادانە بەکار بهێنن وەک ئەلکهول و جگەرە کە بۆ گەورە یاسایی و ئاساییین. هەربۆیە منداڵ و مێردمنداڵەکان چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەن کە یاسا ڕێگایان پێدەدات بەکاریان بهێنن یان هەلێکی نایاساییان بۆ هەڵدەکەوێت و دەستی دەدەنێ؛ ئەم بارە زۆر باوەو کێشەیەکی سەرەکی ئەمڕۆی ئەو کۆمەڵگایانەیە.

لە کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکانیشدا جگەرە بەشێکە لە ژیانی ڕۆژانەی ژمارەیەکی زۆر خەڵک. منداڵەکان یان ئامۆژگاری دەکرێن یان بە هەڕەشەو گوڕەشە دەتۆقێنرێن دژی جگەرەکێشان، ئەنجامەکەشی لە زۆرترین باردا بە خراپ دەشکێتەوەو ئەوانیش بەهەمان شێوە چاوەڕوانی ئەو هەلەن کە لە کۆنترۆڵی گەورەکان قوتاریان ببێت و وا هەست بکەن کە خۆیان گەورەن .

ئەوانەی کە دەرمان و مادە سڕکەرەکان بەکاردەهێنن هەر نەبێت بۆ ماوەیەک شادومان و چالاک دیارن لە بارەی کۆمەڵایەتییەوەو سەرنجی کەسانی دەوروبەر بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن، یان وەک کورد دەڵێت هاوەڵ بۆ خۆیان پەیدا دەکەن. ئەم دیاردەیە بەتایبەتی لەنێو گەنجاندا زۆ برەوی هەیەو زۆر گەنج واهەست دەکەن کە ئەگەر وەک هاوەڵەکانیان نەکەن ئەوا لاوازو لاکەوتە سەیر دەکرێن و لە باشترین باردا تەنیاو تەریک دەمێننەوەو ئەوان هاوڕێیەتییان ناکەن[5] .

کەمی زانیاری و بەهەڵە وەرگرتنی مەسەلەکە هۆکارێکی دیکەی ئالودەبوونە. زۆر کەس دەڵێن دەرمان و مادە سڕکەرەکان تەنیا تلیاکەو کەسیشیان نە تلیاکیان بینیوەو نەدەشزانن ڕەنگی چۆنە. لەم بارەدا زۆر بەلایانەوە ئاساییە کە حەبی ڤالیۆم و ئەتیڤان بخۆن یان ئەلکهول بخۆنەوەو جگەرە بکێشن. کەسانێکی دیکە ڕەنگە بڵێن عارەق خراپە بەڵام جۆرەکانی دیکە قەیناکات. خەڵکانێکی زۆر لەو باوەڕەدان کە نێرگەلە نیکۆتین دەگێڕێتەوەو ئەو دوکەڵەی کە هەڵیدەمژن نیکۆتینی تێدا نییە یان ئەو توتنە تایبەتەی کە بۆ نێرگەلە بەکاردێت بێزیانە. ئەمانەو چەندەها زانیاری هەڵەی دیکە کە لەشوێنی خۆیاندا یەک بەیەک ڕونیان دەکەمەوە .

دابونەریتی کۆمەڵایەتی ڕۆڵێکی گەورەو بەرچاوی هەیە لەم مەسەلەیەداو ئەوەی کە لەلای کۆمەڵگایەک زۆر خراپ و نەفرەت لێکراوە بەشێکە لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگایەکی دیکە. لە وڵاتانی خۆرئاوادا لە کۆنەوە خەڵکی لەسەر خواردنەوەی ئەلکهول ڕاهاتون و جگەرەیان کێشاوەو چاو قاوەیان خواردۆتەوە، نەوە لە دوای نەوە لەسەر ئەوە ڕاهاتون و بچوک لە گەورەوە فێربووە. لە هەندێک وڵاتی وەک ئەفغانستان و ئێران و میسردا ئەو داب و نەریتە پێدەچێت بۆ حەشیش و تلیاک و ئەفیون ڕاست بێت بەڵام زۆربەی خەڵک ئەلکهول بە حەرام و نەفرەت لێکراو دەزانن. لە یەمەن خواردنی قات وەک گوڵەبەڕۆژە وایە بەڵام ئەلکهول حەرامە. لە هەندێک وڵاتانی ئەمریکای لاتیندا گیای کۆکا کە سەرچاوەی کۆکاینە وەک چاو قاوە بەکار دێت. پەیڕەویکەرانی ئاینی ڕاستافاریان Rastafarian کێشانی کانەبیس بە ئەرکێکی ئاینی دەزانن، ئەم دابو نەریتە ئاینییە لەلای هیندۆسەکانیش هەربەوجۆرەیە لە بۆنەو ئاهەنگەکانیاندا. لە هەرێمی کوردستاندا جگەرەو چا دوو دیاردەی کۆمەڵایەتی نەک هەر قبوڵکراوو ئاسایی بوون بەڵکو گەلێک جار ئەو کەسەی کە چاناخواتەوە وەک کەسێکی ناکۆمەڵایەتی و نامۆ چاوی لێکراوە، بەتایبەتی لە لادێکاندا. بەڵام ئێستاکە هەڵوێست بەرانبەر جگەرە گۆڕانکاری باشی بەسەردا هاتووەو دێت .

بەکارهێنانی دەرمان وەک بەهێزکەرو چالاککەر لەلای وەرزشەوانەکان بەتایبەتی ئەوانەی کە یاری جوانی لەش ئەنجامدەدەن زۆر برەوی هەیە. هەندێک دەرمان لەوانەیە بەشێوەیەکی کاتی بەشێک لەو ئەنجامانە بدات بەدەستەوە، بەڵام لە ماوەی دورودرێژداو بە ڕێژەی زۆرو بەبێ سەرپەرشتی پزیشکی پسپۆڕ مەترسییەکانی زۆر لە دەسکەوتەکانی زۆرترو گەورەترن و ئالودەکەرن .

لە وڵاتانی خۆرهەڵاتدا ئەوەی کە پێی دەوترێت پێشکەوتن و خۆرئاوایانە بوون کاریگەری خۆی هەیە لەسەر خواردنەوەی ئەلکهول؛ خواردنەوە وەک دیاردەیەکی پێشکەوتوو شارستانی چاوی لێدەکرێت لەلای زۆر لە

[5] Westcott, P., (2000) Why Do People Take Drugs? Lewes: Thompson Publishing Ltd.

گەنجان و هۆكارێكی یاخیبونیشە بەرانبەر كۆمەڵگا خۆرهەلاتی و تا ڕادەیەكیش ئیسلامییەكان كە خواردنەوەی ئەلكهول حەرام و نەفرەت لێكراوە .

زۆر كەس لەو باوەڕەدایە كە ئەگەر خواردنەوەی ئەلكهول خراپ بوایە كۆمەڵگا خۆرئاواییە پێشكەوتووەكان ئەوەندە تامەزرۆی نەدەبون. من گەلێک جار بیستومە كە دەڵێن ویسكی ڕەنگ جوان دەكات و گەرمت دەكاتەوە، بیرە قەڵەوت دەكات و هتد... خواردنەوەو جگەركێشان خەم و خەفەت بەبادەدا !

میدیاش چ ناوخۆیی بێت چ جیهانیی كاریگەری خۆی هەیەو بە هەزاران كەناڵی تەلەفیزیۆنی و ماڵپەڕی ئینتەرنێت پڕوپاگەندە بۆ خواردنەوەی ئەلكهول و جگەرە كێشان دەكەن و لەگەڵ ژیانی پڕئەندێشەو خەوو خەیاڵی سێكس و ڕابواردندا پێكیانەوە گرێدەدەنەوەو جیهانێک دەخولقێنن كە لەسەر ئەم گۆی زەوییە بەو شێوەیە بونی نەبێت و وایش نیشانی بینەر، بەتایبەتی گەنجان، دەدەن كە ئەو هەموو خۆشییە بەرهەمی ئەلكهول و جگەرەیە كە هەردووكیان ئالودەكەرن .

میدیای ناوخۆ پێدەچێت كاریگەرییەكی زیاتر ڕاستەوخۆو باوەڕپێكراوانەی هەبێت و زیاتر كار لە ژمارەیەكی هەرچی زیاتری گەنجان بكات. بۆ نمونە، ڕزگاركردنی دوو گەنج لە شروب خۆری و دەرمان خۆری و بردنیان بەرەو سەنتەری چالاكی گەنجان وەک دووبارە ڕاهێنانەوەو چارەسەركردن لە زنجیرە تەلەفیزیۆنی خۆرنەوازاندا خاڵێكی زۆر پۆزەتیف بوو، بەڵام بەرز نرخاندنی خواردنەوەی ئەلكهول و ئەلكهول خۆرەكان وەک ئەڵتەرناتیڤێک بۆ دیاردە كۆمەڵایەتییە كۆن و گەندەڵەكان لە زنجیرەی وەستا جومعەدا خاڵێكی نێگەتیفە لە ڕوانگەی دیدگای ئەمڕۆی جیهانەوە بۆ ئەلكهول.

ئەدەبی كلاسیكی كوردی و زۆر لە گۆرانییە فۆلكلۆرییەكان پڕن لە پیاهەڵنان بە شەراب و خواردنەوەی شەرابدا. من بە تەواوی نازانم هۆكارەكەی چییەو ئەوە جێدەهێڵم بۆ شارەزایانی ئەدەب، بەڵام باوەڕیش ناكەم كاریگەرییەكی خراپی هەبووبێت لەسەر كۆمەڵگاكە لەبەر ئەوەی باسكردنی شەراب لەلایەن مەلا نالی خاكوخۆڵەوە هەروەک باسكردنی دڵداری و ژوانەكان وایەو زیاتر شاعیرانەن !

مەسەلەی خواست و خستنەڕو ڕۆڵێكی بەرچاوی بینیوە لە جیاوازی نێوان خواردنەوەو بەكارهێنانی دەرمان و مادە سڕكەرەكاندا لە سەردەمە مێژووییە جیاوازەكاندا. ئێستا دەستكەوتنی، دەتوانین بڵێین هەموو شتێک، تاڕادەیەكی زۆر ئاسانەو لە زۆرترین باریشدا لەبەردەستدایە، بەڵام لەكۆندا ئەو مەسەلانە زیاتر تایبەت بوون بە دەسەڵاتداران و دەوڵەمەندان و پاشاو داروودەستەكانیان. خەڵكی ئاسایی زیاتر گۆرانی بەباڵایاندا هەڵناوە وەک جیهانێكی پڕئەندێشەو پڕ لە خۆشی و كامەرانی.

جەیمس باربەر لەسەر دیاردەی ئالودەگی لە خۆرئاوا بەم جۆرە دەدوێت:

"لێڤاین (١٩٧٨) پێمان دەڵێت كە بەر لە سەدەی هەژدەهەم مەسەلەی ئالودەگی یان نەبووە یان زۆر كەمبووە. فەلسەفەی زاڵ لەو سەردەمەدا ئەوە بووە كە مرۆڤ، بەپێچەوانەی ئاژەڵەوە، بەتەواوی لێپرسراوبون بەرانبەر كردارو ڕەفتارەكانیان بەپێی مەبدەئی لۆژیک و ئیرادەی ئازاد. توانیویانە خۆیان بڕیار لەسەر ڕادەی خواردنەوەی خۆیان بدەن و ئالودە نەبن[6] "

كێشە كۆمەڵایەتیەكانی كۆمەڵگای هاوچەرخ ؛ گوشاری ژیانی پڕ سەرقاڵی ، زۆرانبازی نێوان خواستەكانی مرۆڤ و سنورداری بوارو توانا مادییەكان، جیاوازی و هەڵاواردنە ڕەسەنی و ڕەگەزی و چینایەتییەكان وا لە هەندێک كەس دەكات كە لە نائومێدی و دەستەپاچەییدا پەنا بۆ ئەو مادانە بەرێت .

زیادبوونی ژمارەی تەڵاق و دەستلێكبەردان و جیابونەوە بووەتە هۆی بێبەشبوونی ژمارەیەكی هەرچی زیاتری منداڵ و مێرمنداڵان لە نازی دایک یان باوک یان هەردوكیان. ئەمەش جارێكی دیكە بە هۆكارێكی دیكە دادەنرێت بۆ ئالودەبوونی گەنجان وەک ڕاكردن لە واقیعی ژیانیان یان گەڕان بەدوای ناسنامە دا لە ئەنجامی تێوەگلان لە باند و تاقمی بەكارهێنی دەرمان و مادە سڕكەرەكانەوە .

---

[6] Barber, J., G., (2002) Social Works With Addictions. 2nd ed. London: Palgrave. P. 13

خاڵێکی دیکەی پاڵنەر بەرەو دەرمان و مادە سڕکەرەکان ئارەزوی یاخیبوون و سەرچڵی گەنجانە بەرانبەر داب و نەریتی باوو خواست و ویستی دایکوباوک و مامۆستاو پێشەوا ئاینییەکان و دەسەڵاتی حکومەت .

هەندێک جۆری دەرمان و مادە سڕکەرەکان کێشیان سوکەو کەمتر دەبنە جێگای سەرنجی دەوروبەر، وەک حەب، هەربۆیە بەکارهێنانیان ئاسانترو حازربەدەستترە لە جۆرەکانی دیکەی وەک خواردنەوەی ئەلکهول. لەڕاستیدا هەندێک جۆریان لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانە ڕاستەوخۆ وەک دەرمان و مادەی سڕکەری نایاسایی نەناسراون و لە دوکانەکاندا دەفرۆشرێن وەک سیکۆتین و مادە هەڵمژینەکانی دیکە Solvent abuse یان هەندێک دەرمان و حەبی پزیشکین کە خەڵک بەشێوەیەکی هەڵەو بەپێچەوانەی مەبەستی سەرەکی بەکارهێنانیانەوە بەکاریان دەهێنن.

مێژووی بەکارهێنانی دەرمان و مادە سڕکەرەکان

مێژوو تەنها ڕابوردو نییە، بەڵکو کلیلی ئەمڕۆو داهاتووە.

بەکارهێنانی دەرمان و مادە سڕکەرەکان ئەوەندەی مێژووی شارستانی مرۆڤ کۆنە لەسەر زەوی. مرۆڤی کۆن بەپێی ژیانی سەرەتایی خۆی هەموو جۆرە گژو گیایەکی تاقیکردۆتەوە، ئەو ڕووەکانەی ناسیوە کە دەخورێن و ئەوانەشی دەستنیشان کردووە کە زیانبەخش و ژەهراوین، پەی بە چەندەها دەرمان و چارەسەری ڕووەکی بردووە کە هەتا ئەمڕۆ تەنانەت لە وڵاتە پیشەسازییە هەرە پێشکەوتووەکانیشدا هێشتا هەر شوێنی خۆیان هەیە. لەم بوارەدا حەکیم و زانای ئەوتۆ پێگەیشتون کە پاشاو کاربەدەستان قۆزیویانەتەوەو وەک دوکتۆرو پسپۆڕی خۆیان کەڵکیان لێوەرگرتون. بێگومان ئەم ئەزمونانە بەدەر نەبووە لە دۆزینەوەی چەندەها ژەهرو مادەی بکوژو مادەی سڕکەر.

بەڵگەی ئەوە لەبەردەستدایە کە ئەفیون (تلیاک) لەلایەن سۆمەرییەکانەوە ٤٠٠٠ ساڵ پ.ز بەکارهاتووە، دوای ئەوەش لەلایەن یۆنانییەکانەوە وەک دەرمان و هۆکاری ڕابواردن[7] .دۆزینەوەی حەشیش (کانەبیس) لەلایەن حەکیمە چینیەکانەوە لە دەوروبەری ساڵی ٢٦٠٠ ی پ.ز دا، کەدەکاتە ٤٦٠٠ ساڵ لەمەوبەر بە یەکێک لە بەڵگە کۆنەکانی بەکارهێنانی دەرمان و مادە سڕکەرەکان دادەنرێت . حەکیمە چینیەکان بۆیان دەرکەوت کە ئەو مادەیە کەڵکی پزیشکی تێدایەو دەتوانن بۆ چارەسەری نەخۆشی کەڵکی لێوەربگرن، بەڵام هێندەی نەبرد کە بۆیان ڕوونبووەوە کە بەکارهێنانی ئەو دەرمانە بە ڕادەیەکی زۆر، دەبێتە هۆی کاریگەری خراپ لەسەر مێشک و ئالودەگی. لەو کاتەوە ئەو دەرمانە وەک بوومەلەرزەیەک کاریگەری خۆی لەسەر کولتوری مرۆڤایەتی جێهێشتووە[8] .

پێدەچێت یەکەمجار ئەلکهول لە ڕێگای ڕێکەوتەوە دۆزرابێتەوە، چونکە گەنینی هەر میوەیەک کە شەکری تێدابێت لەژێر کاریگەری گەرمیدا، دەبێتە هۆی دروستبوونی ئەلکهول. ئەفسانەیەکی فارسی هەیە کە باسی پاشایەک دەکات گوایە زۆر حەزی لە ترێ کردووە، ژێر زەمینی کۆشکەکەی پڕکردووە لە ترێ بۆ ئەوەی بەشی تەواوی ساڵەکەی بکات. هەندێک لەو کۆیلانەی کە لە ژێرزەمینەکەدا کاریان دەکرد، بەهۆی بۆنی کاربۆن دایۆکسایدەوە کە لە دەنکەترێ گەنیوەکان دەردەچوو، ناچاردەبوون بەرەو دەرەوە هەڵبێن. یەکێک لە کارەکەرە پشتگوێخراوەکانی پاشا ویستویەتی خۆی بەو بۆنە ژاراوی بکات، خۆی کردووە بە ژێرزەمینەکەدا و پاشماوەیەک بە گۆرانی ووتن وسەماکردنەوە هاتووەتەوە سەرەوە! بەمجۆرە پاشا بۆی دەرکەوتووە کە ئەو مادەیە بۆ کەیفخۆشکردنی دەستوپێوەندەکانی زۆر بەکەڵکە[9].

---

[7] Drug scope [online]
[8] Brownlee, (2002) This is CANABIS. London: Sanctuary Publishing. P. 41-42
[9] Armitage, R., (1987) Let's Discuss DRINKING. Hove: Wayland Publishers Ltd. P.9

مێژوونوسان لەو باوەڕەدان کە ئەوەندە بەڵگە بەدەستەوەیە کە بیرەو شەراب لانی کەم ٥٠٠٠ ساڵ پ.ز بەرهەمهاتون. هەر لەو کاتەوە شوێنێکی دیاریان هەبووە لە بۆنەو ئاهەنگە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکانداو هەتا ئێستاش هەر هەیانە لە بۆنەی لەدایکبوون، مردن، زەماوەند، تاج لەسەرنانی پاشایان و جەژنەکاندا[10] .

بەڵگەی ئەوە بەدەستەوەیە کە ٥٠٠٠ پ. ز لە میزۆپۆتامیا باڕ و مەیخانە هەبووە [11] .هەندێک بەڵگە ئەوە دەسەلمێنن کە بیرە بەشێک بووە لە کرێی ڕۆژانەی ئەو کرێکارانەی کە لە پەرستگای وەرکا Erech کاریانکردووە[١٢] .هەرزوو شارستانییە کۆنەکان هەستیان بە لایەنە خراپەکانی خواردنەوەی ئەلکهول کردووە؛ حامورابی لە ساڵی ١٧٧٠ی پ.ز دا لە بابل یاسایەکی دەرکردووە بۆ سنوردانان بۆ خواردنەوەی ئەلکهول؛ ئەو یاسایە بە کۆنترین یاسای سنوردانان دادەنرێت بۆ خواردنەوە لە مێژودا. ئەو یاسایانە هەروەک یاساکانی ئەمڕۆ کات و شوێنی فرۆشتن و خواردنەوەیان دیاریکردووە[13] .

هیندۆسەکان لە هیندستان لە دەوربەری ساڵی ١٢٠٠ پ.ز دا کانەبیسیان بە "گیایەکی پیرۆز" ناوزەد کردووەو ٥٠٠ ساڵێکیش لەوەدوا زەردەشت لە زەند ئاڤێستادا لەگەڵ ١٠٠٠٠ گیای پزیشکی دیکەدا ناویبردووە[14] .

پێدەچێت بازرگانە فینیقی و ڕۆمانییەکان بەریتانییە کۆنەکانیان فێری دروستکردنی ئەلکهول کردبێت، بەڵام بەڵگەی زیاترو بەهێزتر لەسەر ئەوەیە کە لەگەڵ هاتن و بڵاوبونەوەی ئاینی مەسیحیدا ئەو پیشەیە پەرەی سەندبێت. پیاوە ئاینییەکان نەک هەر زۆربەی بیرەی وڵاتەکەیان بەرهەمدەهێنا بەڵکو زۆریشیان دەخوارەوە. ئەم کارەیان یەکێک لە قەشە پایەبەرزەکانی ناچارکردووە کە بڕیاربدات "ئەو برا قەشانەی کە زۆر سەرخۆشن و ناتوانن بەشداری دوعاخوێندن بکەن نابێت ڕێگایان پێبدرێت قاوەڵتی بکەن[15]."

لە سەدەی دوانزدەهەمەوە باج و خەراج خرایە سەر بەرهەمهێنانی ئەلکهول[١٦] و بوو بە سەرچاوەیەکی باشی دەرامەت بۆ حکومەتەکان کە هەتا ئێستاش ڕوو لە زیادبوونە؛ پێدەچێت ئەو دەسکەوتە مادییە گەورەیە بێت کە ئەو برەوە زۆرەی داوە بە ڕێگەدان بە بەرهەمهێنان و فرۆشتن و خواردنەوەی ئەلکهول و کردبێتی بە یەکێک لە سەرچاوە سەرەکییەکانی باج . تەنها لەساڵی ٢٠٠١ دا ٦,٨٩٧,٠٠٠,٠٠٠ پاوەند داهاتی حکومەتی بەریتانیا بووە لە باجی تەنها چوار جۆر لە بەرهەمەکانی ئەلکهول؛ سەرباری ئەوەی کە ڕێژەیەکی زۆریش بە قاچاخ دێتە نێو وڵات و باجی لێوەرناگیرێت[17] .!

ئاینی ئیسلام خواردنەوەی ئەلکهولی حەرام کرد، دیارە ئەم حەرامکردنە کاریگەری پەروەردەی و گیانی خۆی هەبووە و هەیە لەسەر خەڵکانێکی زۆر، ئەگەرچی ئەلکهول و مادەسڕکەرەکان لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا، بە پەنهانی بێت یان بەئاشکرا، هەر شوێنی خۆیان هەبووەو هەیە.

نیک براونلی دەڵێت:

"پێغەمبەری ئیسلام موحەممەد لە ساڵی ٨٠٠ی زاینیدا ئەلکهولی قەدەغەو حەرام کرد بەڵام تیشکی سەوزی دا بە بەکارهێنانی کانەبیس (حەشیش "[18].(بەڵام ئەم ڕاگەیاندنە هیچ بەڵگەیەکی لە گەڵدا نییە کە ڕاستی و دروستی ئەو مەسەلەیە بسەلمێنێت و زۆر نا ئەکادیمیانە دیارە. پێدەچێت نوسەر ئەو قسەیەی لەسەر ئەو بناغەیە کردبێت کە بەکارهێنانی حەشیش و ئەفیون لە زۆر لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا وەک بەشێک لە کولتورو ژیانی ڕۆژانە بەرێوەچووەو تا ئێستاش لەزۆر شوێن برەوی هەیە بەڵام ئەوە زۆر دوورە لە ڕێگەپێدانێکی ئاینی ڕەسمی. [بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی -تیرۆریزم:چونە نێو ناخی دیاردەیەکی جیهانییەوە-جۆرەکانی تیرۆریزم. و. عەتا مەلا کەریم .]

---

[10] Ibid
[11] Drug Awareness Studies and their Applications (NCFE Course) UK.
[12] The Guinness Book of records 1997 p. 92
[13] Armitage, R., (1987) Let's Discuss DRINKING. Hove: Wayland Publishers Ltd.P.10
[14] Brownlee, (2002) This is CANABIS. London: Sanctuary Publishing. P.42
[15] Armitage, R., (1987) Let's Discuss DRINKING. Hove: Wayland Publishers Ltd. P.10
[16] Ibid P.11
[17] IAS factsheet; Alcohol: Tax, Price and Public Health. [online]
[18] Armitage, R., (1987) Let's Discuss DRINKING. Hove: Wayland Publishers Ltd P. 43

لەڕاستیدا ئەگەر لە قورئان و حەدیسدا شتێک، ڕاستەوخۆ، لە دژی حەشیش و مادەسڕکەرەکانی دیکە نەوترابێت بەڵام بەهیچ کلۆجێک بەڵگەی تیشکی سەوز بەدەستەوە نییە بۆ بەکارهێنانیان. زۆربەی زانایانی ئاینی و پسپۆڕانی بواری تەفسیر لەسەر ئەوە کۆکن کە وشەی خەمر هەموو دەرمان و مادە سڕکەرەکان دەگرێتەوە بەمانا نوێکەی ؛ لە ئیسلامدا هەموو شتێک کە بێهۆشت بکات یان زیانت پێبگەیەنێت یان وات لێبکات کە نەتوانیت پاکوخاوێنی خۆت ڕابگریت قەدەغەو حەرامە[19] .

لەساڵی ٢٧٣٧ پ.ز دا لە وڵاتی چین چا دۆزرایەوە؛ دەڵێن گوایە بەڕێکەوت گەڵا چایەک کەوتۆتە نێو کوپێک ئاوی گەرمی دەستی پاشاوە[٢٠] !چیرۆکەکە هەرچۆنێک بووبێت ئەو مادەیە دۆزراوەتەوە و دوای ئەوەش وورده وورده بە سەرتاسەری جیهاندا بڵاوبوەتەوە. بەڵام قاوە پێش ساڵی ١٠٠٠ ز لە ئەسیوپیا ناسراوەو وا دەگێڕنەوە کە شوانە بزنێک سەرنجی داوە بزنەکان ووریاو چالاک دەبن بەخواردنی بەری درەختێک، ئەویش تاقیدەکاتەوەو بڵاودەبێتەوە !

لە ساڵی ١٠٠٠ ز دا عەرەبەکان هێناویانە بەرەو خاکی خۆیان و لەوێ ڕواندویانە. لێرەوە وشەی قاوە بڵاوبوەتەوە وەک (قهوە). هەندێک لە توێژەرەوان لەو باوەڕەدان کە عەرەبەکان دوای حەرام بوونی ئەلکهول پەنایان بردووە بۆ قاوە وەک جێگرەوەیەک. لە ساڵی ١٥١١ دا فەرمانڕەوای مەککە بە دەلیلی ئەوەی کە کاریگەری قاوە پێدەچێت دژایەتی دەسەڵاتەکەی بەهێزبکات قاوە قەدەغەدەکات، بەڵام سوڵتانی عوسمانی دەڵێت قاوە پیرۆزەو فەرمانڕەوای مەککەی لەداردەوە[21] .

لەدەوروبەری ساڵی ١٥٠٠ دا قارچکی ئەفسوناوی Magic Mushroom بە پیرۆزدانراوە و پێی ووتراوە " گۆشتی خواوەندەکان ."

کۆڵۆمبۆس لە گەشتەکەیدا بۆ ئەمریکا لە ساڵی ١٤٩٢ دا توتنی هێنایەوەو لە ساڵی ١٥٨٦ دا لەلایەن Walter Raleighوە گەیەندرایە بەریتانیاو لەوێشەوە بۆ سەرتاسەری جیهان بڵاو بوەوە.

لە ساڵی ١٧٩٨ دا سەربازەکانی ناپلیۆن لە میسرەوە حەشیشیان هێنایەوە، کە لەوکاتەدا لەوێ زۆر بڵاو بوو ، بەمجۆرە بە ئەوروپادا بڵاوبوەوە. شایانی باسە کە لە سەدەی شانزدەهەمەوە پەلکی کانەبیس وەک گیایەکی بەهێزو جیڕ لە بەریتانیا بۆ دروستکردنی بەلەم و کەشتی و بەن کەڵکی لێوەرگیراوە، بەڵام ئەوکاتە وەک مادەی سڕکەرو دەرمان نەیانناسیوە. تەنانەت پاشا هێنری هەشتەم سزای ئەو جوتیارانەی داوە کە ئەو گیایە ناچێنن ! [22]

لە ساڵانی ١٨٠٠ دا لە بەریتانیا ئەفیون بە ئاشکرا لەسەر شەقامەکان فرۆشراوەو وەک دەرمانێکی بەسود چاویلێکراوە.

تەنانەت لە ساڵی ١٨٣٩-١٨٤٢ دا جەنگی نێوان بەریتانیاو چین لەسەر بازرگانی ئەفیون بووە. بەریتانییەکان هەر لە ئەفیون مۆرفینیان دەرکردو ئەو ناوەشی لە morpheus خواوەندی خەوەوە بەسەردا دابڕا.

لە ١٨٧٠دا بۆیاندەرکەوت کە ئەفیون و مۆرفین دەبنە هۆی ئالودەگی. ئالودەگی وەک نەخۆشییەک و کێشەیەکی ئەدگاری ناسراو چارەسەرکردنی بۆ پێشنیارکرا، ئەگەرچی ئەو خزمەتە تەنها تایبەت بوو بە چینی ناوەند .

لە ساڵی ١٨٨٠دا کۆکاین لە بەریتانیا لە دوکانەکاندا فرۆشراوە و لە ١٨٩٨ دا ئەوانەی کە ئالودەی مۆرفین بوون بە هیرۆین چارەسەریان کردون .

لە ١٩٢٠ دا یەکەم یاسای دەرمانە ترسناکەکان دەرچوو؛ لە بەریتانیا ئەو بڕیارە پەسەندکرا کە ئالودەکان چارەسەر بکرێن نەک لەداربدرێن.

لە ١٩٧١ دا یاسایەکی دیکە دەرکراو بڕیاری زیندانیکردن و پیتاک لێسەندن درا بەسەر ئەوانەدا کە دەرمان ومادەسڕکەرەکان بەکاردەهێنن وەک هۆکارێکی بەرگری لە پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە. ئێستاکە لەزۆربەی

---

19 Islam Online. What does Islam say about Drugs? (online).
20 The History of Tea (online).
21 A brief History of Coffee (online)
22 Brownlee, (2002) This is CANABIS. London: Sanctuary Publishing.

جیهاندا هەڵمەتی بەرگریکردن لە دەرمان و مادە سڕکەرەکان بەڕێوەدەبرێت و توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی و مەیدانی لەسەر ڕادەی زیانی هەر مادەیەک دەکرێت و ڕێوشوێنی گونجاوی بۆ پێشنیاردەکرێت .
لە بەریتانیا لە ساڵی ١٩٩٨ ەوە بەرنامەیەکی ستراتیژی بەرفراوان داڕێژرا بۆ بەرگریکردن لە دەرمان و مادە سڕکەرەکان و کەمکردنەوەی زیانەکانیان. ئەو بەرنامەیە لە ٢٠٠٢دا نوێکرایەوەو لە ٢٠٠٤یشدا پێیداچونەوەو لایەنە سەرکەوتوو لاوازەکانیان هەڵسەنگاندەوەو بەرنامەیەکی چڕوپڕتریان داڕشت بە ئومێدی ئەوەی کە تا ساڵی ٢٠٠٨ بتوانن بەدەستی بهێنن بەناوی " دەرمان و مادە سڕکەرەکان لەبێخ دەربێنە، ژیانی مرۆڤەکان بگۆڕە: با کۆمەڵگا لە مەترسییەکانی دەرمان و مادە سڕکەرەکان پارێزراوبێت[23]".
لەسەر ئاستی جیهانیش لە ٢٧ی شوباتی ٢٠٠٥دا لە جنێف کۆنگرەی نێودەوڵەتی کەمکردنەوەی ئەو مەرگانەی کە جگەرە هۆکاریانە بەستراو بڕیارەکانی پەسەندکران. ئەم کۆنگرەیە دوای ئەو هۆشدارییە بەسترا کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕایگەیاند: ئەگەر ڕێژەی جگەرە بەم شێوەیەی ئێستا بڕوات ئەوا تا ساڵی ٢٠٢٠ جگەرە ساڵانە ١٠ ملیۆن کەس دەکوژێت کە لەسەدا حەفتایان لە دەوڵەتە تازەپێگەیشتووەکان دەبن[24].

یاسای نێو دەوڵەتی و دەوڵەتان لەمەڕ دەرمان و مادە سڕکەرەکان

نەتەوە یەککگرتووەکان دەزگایەکی هەیە بەناوی نوسینگەی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ دەرمان و تاوان، ئەو نوسینگەیە لەگەڵ دەوڵەتە ئەندامەکاندا هەماهەنگی دەکات بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دەرمان و مادە سڕکەرەکان و ڕادەی بەکارهێنانیان لە جیهانداو قەوارەی زیانەکانیان. تا ئێستا سێ ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی مۆرکراوە؛ یەکەمیان ساڵی ١٩٦٢ بەناوی تاکە ڕێکەوتننامە دژی دەرمان و مادە سڕکەرەکان کە ١٨٠ دەوڵەت ئیمزایان کردووەو ساڵی ١٩٧٢ دەستکاریکراوە و دووەمیان ساڵی ١٩٧١ بەناوی ڕێکەوتننامە لەسەر ئەو مادانەی کە بۆ چارەسەری کێشە سایکۆلۆژییەکان بەکاردەهێنرێن و ١٧٥ دەوڵەت ئیمزایان کردووەو سێیەمیشیان ساڵی ١٩٨٨ بەناوی ڕێکەوتننامە لە دژی بازرگانیکردن بە دەرمان و مادە سڕکەرەکان و ئەو مادانەشەوە کە بۆ چارەسەری کێشە سایکۆلۆژییەکان بەکاردەهێنرێن و ١٧٠ دەوڵەت ئیمزایان کردووە[٢٥] .
ڕێکەوتننامەی سێیەمیان نوێترین و گشتگیرترین ڕێکەوتننامەیەو نەک تەنها بازرگانیکردن و بەکارهێنانی مادە سڕکەرەکان قەدەغە دەکات بەڵکو ڕێوشوێنی هاریکاری نێودەوڵەتیش دیاریدەکات بۆ بەرگرتن لە شەپۆلی هێنان و بردنی دەرمان و مادە سڕکەرەکان و ئەو پارەو سامانەش کە لەو بازرگانییە نایاساییەوە دەستیان دەکەوێت. بۆ ئەم مەبەستە سێ لیستیان ئامادەکردووە

i. پێی دەڵێن لیستی سەوزو ناوی ئەو دەرمانانەی لەخۆگرتووە کە لەباری ئاساییدا بۆ چارەسەری پزیشکی بەکادەهێنرێن بەڵام دەکرێت بازرگانییان پێوەبکرێت و بۆ مەبەستی نایاسایی بەکاربهێنرێن.
ii. لیستی دووەمیشیان لیستی سورەو ناوی ئەو مادانەی لەخۆگرتووە کە دەکرێت بۆ بەرهەمهێنانی دەرمان و مادە سڕکەرەکان بەکاربهێنرێن.
iii. سێیەمیشیان لیستی زەردە کە ناوی هەموو دەرمان و مادە سڕکەرانەی لەخۆگرتووە کە هەتائێستا ناسراون؛ لە ئەلفەوە تایێ[٢٦] .

بێجگە لەم ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتیانە هەر دەوڵەتەش یاساو ڕێسای خۆی هەیە بۆ کۆنترۆڵکردن و بەرگرتن لە بەکارهێنان یان بازرگانیکردن بە دەرمان و مادە سڕکەرەکانەوە کە هەندێکیان زۆر توندوتیژن و هەندێکی

[23] Home Office, Drug Strategy Progress Report 2004. Tackling Drugs. Changing Lives: keeping Communities Safe from Drugs. Drug Strategy Progress Report 2004.
[24] VOA News, GENEVA, Switzerland, Feb. 27, 2005 World's First Anti-Tobacco Treaty Goes into Force.
[25] UNODC 2004 United Nations Office on Drugs and Crime. [Online]
[26] International Narcotics Control Board. Vienna International Centre.. 2004 [online].

دیکەشیان هێواشترن. لە عەرەبستانی سعودییە بە شمشێر سەری دەپەڕێنن[٢٧] و لە چەند دەوڵەتێکی دیکەشدا لەسێدارەی دەدەن وەک مالیزیاو سینگاپورو چین و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا؛ ئەگەرچی ئەو حوکمە لە ئەمریکا کەمتر جێبەجێدەکرێت و بەزۆری زیندانییان دەکەن و بۆ بەکارهێنەرانیش پشت بە دادگای تایبەتی دەرمان دەبەستن و بەرنامەی چارەسەرکردنیان بۆ دادەدەنێن. هەندێک وڵاتی وەک ئیسپانیاو ئیتالیاو پورتوگال سیاسەتێکی میانەڕەوانەتریان هەیەو ئەگەر کەسێک دەرمانی پێبگیرێت بۆ مەبەستی بەکارهێنانی تایبەتی خۆی نەک بۆ بازرگانی پێدەچێت هۆشیاری بدرێتێ یان جەریمە بکرێت یان ئامۆژگاری و ڕێنوێنی بکرێت یاخود وەک لە ئیتالیا ڕودەدات مۆڵەتی لێخوڕینی ئۆتمۆبێلەکەی لێسەندرێت ![28] لە هۆڵەندا بەکارهێنانی هەندێک مادەی وەک حەشیش لە چایخانەکاندا ڕێگەی پێدراوە کە پێیان دەڵێن "Brown Cafés" بە ڕێژەی ٥ گرام بۆ کەسێکی لە ١٨ ساڵ زیاتر. لەگەڵئەوەشدا دەرمان و مادە سڕکەرەکان لەو وڵاتەدا هەر نایاسایین بەڵام ڕێوشوێنی نەرم و هێمنانەیان هەیە بۆ مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنەراندا بەتایبەتی بەکارهێنەرانی کانەبیس (حەشیش).

کام ڕێگایە سەرکەوتوترە؟

ئەگەر ڕاپرسییەک بکرێت و لە خەڵک بپرسرێت بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، دڵنیام کە زۆربەی هەرەزۆری خەڵک توندترین ڕێگا پێشنیازدەکەن دژی بازرگانانی دەرمان و مادە سڕکەرەکان و هەندێک دژی بەکارهێنەرانیشی. زۆربەی زۆری خەڵک، نەک تەنها لە هەرێمی کوردستان بەڵکو لە وڵاتێکی وەک بەریتانیاش، لەو باوەڕەدان کە دەوڵەت لەڕێگای توندوتیژی و سزای توندەوە دەتوانێت هەموو شتێک قەدەغە بکات و دنیا بکات بە ماستی مەییو !

لەڕاستیدا توێژینەوەو بەرانبەرکردنی سیاسەتی چەندەها وڵات لە سەرپەڕاندنەوە بیگرە تا زیندانیکردن یان جەریمەکردن ئەوەیان دەرخستووە کە ڕێگای توندوتیژی بەوڕادەیە سەرکەوتو نییە کە خەڵکی ئاسایی لێی چاوەڕوان دەکەن؛ گەر وابوایە ئەوا دەبوایە لە عەرەبستانی سعودی کەس دزی نەکردایە چونکە دەستەکانی دەبڕنەوەو کەسیش دەرمانی نەخواردایە چونکە ملی دەپەڕێنن، بەڵام ڕاستییەکان وا ناسەلمێنن. زانستی کریمینۆلۆجی پشت بە ڕادەی سەرکەوتویی یان سەرنەکەوتویی هەر ئەزمونە دەبەستێت لە کەمکردنەوەی تاواندا نەک بە شێوەو ڕوخساری سزاکان .

بابزانین داتاو ئامارەکان دەڵێن چی؟

بەبەرانبەرکردنی سیاسەتی میانەڕەوانەی هۆڵەنداو سیاسەتی توندوتیژانەی ئەمریکا لەمەڕ دەرمان و مادە سڕکەرەکان ئەم ڕاستیانە وەدەرکەوتون:

- لە هۆڵەندا ١٦%ی خەڵک لە یەکێک لە قۆناغەکانی ژیانیاندا حەشیشیان تاقیکردۆتەوە بەپێی ڕاپۆرتێکی ساڵی ١٩٩٩ ، بەڵام لە USA لە ساڵی ٢٠٠١ دا ڕێژەکە ٣٧% بووە.
- ڕێژەی تاقیکردنەوەو بەکارهێنانی کۆکاین و هیرۆین لە ١٩٩٩ ی هۆڵەنداو ٢٠٠١ ی USA دا بەم جۆرەیە:

کۆکاین USA 12% هۆڵەندا ٠.٣%

هیرۆین USA 1.4% هۆڵەندا ٠.٣%

- بەپێی ڕاپۆرتی ١٩٩٩ تەنها ٢.٥% لە هۆڵەندییەکان ووتویانە کە کانەبیسیان بە خواردن خواردووە، کە ئەمە دەکاتە کەمتر لە نیوەی ڕوپێوی ٢٠٠١ ی USA.[29]

---

[27] Claire, A.,& Smith, H., (2003) Drug Culture: The Facts Behind the Headlines. P.19.
[28] Ibid P.20.
[29] Ibid P.21

بەهۆی زۆری و جیاوازی یاسای تایبەتی ولاَتانەوە لەمەڕ دەرمان و مادە سڕکەرەکان و بەو هۆیەشەوە کە من خۆم زیاتر سەروساختم لەگەڵ یاسای بەریتانیدا هەیە لێرەدا پوختەی یاسای بەریتانیا دەربارەی هەڵگرتن یان بازرگانیکردن بەو مادانەوە دەخەمەڕوو. شایانی باسە ئەم یاسایانە بەردەوام لەژێر چاودێری و پێداچونەوەدان و شایانی گۆڕانن لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە .

لە بەریتانیا دەرمان و مادە سڕکەرەکان پۆلێنکراون بە سەر سێ پۆلی جیاوازدا (لەشوێنی خۆیاندا بەپێی توانا پۆلی هەر مادەیە دەستنیشان دەکەم):

پۆل	هەڵگری مادەکە (مادەکەی پێبێت)	دابینکەر یا قاچاخچی مادەکە
A	Ē ساڵ زیندانیکردن و جەریمە کردن یان هەردووکیان پێکەوە	زیندانی هەتا هەتایی و جەریمە کردن یان هەردووکیان پێکەوە
B	٥ ساڵ زیندانیکردن و جەریمەکردن یان هەردووکیان پێکەوە	١٤ ساڵ زیندانیکردن و جەریمە کردن یان هەردووکیان پێکەوە
C	٢ ساڵ زیندانیکردن و جەریمە کردن یان هەردووکیان پێکەوە	١٤ ساڵ زیندانیکردن و جەریمە کردن یان هەردووکیان پێکەوە

دیارە مەسەلەی ڕێگەپێدان یان پێنەدانی مادەیەک لە هەموو شوێنێک ڕێوشوێن و مەرجی سەختی خۆی هەیەو ئەمەش بە هیچ کلۆجێک ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو مادەیە یان مادانەی کە یاسا ڕێگەی پێداون مەترسییان نییە، بەڵکو جگەرەو ئەلکهول کە لە ریزی بەزیانترین مادەکاندا دەژمێردرێن لە لایەنی تەندروستیەوە لەلایەنی یاساییەوە لە زۆربەی جیهاندا ئازادن و کەمترین ڕادەی کۆنترۆڵکردنیان لەسەرە.

بەردەوام توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستی لە ڕێوشوێنی گونجاو دەگەڕێن بۆ دۆزینەوەی باشترین ڕێگا کە بتوانێت ڕادەی زیانی دەرمان و مادە سڕکەرەکان بهێنێتە کەمترین ڕادەی گونجاوو ژمارەی بەکارهێنەران کەمتر بکاتەوەو ڕێژەی هەبوونی دەرمان و مادە سڕکەرەکان لەسەر شەقامەکان بهێنێتە خوارەوەو چارەسەری پزیشکی گونجاو پێشکەش بە قوربانیانی ئەو مادانە بکات و زۆرترین ژمارەی مناڵ و گەنجان لە زۆنگاوی نەخۆشی ئالودەبوون بەو مادانە دووربخاتەوە؛ لە ڕێگای پەروەردەی گونجاوەوە هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە تا پەیمانگاو زانکۆکان .

٢.دەرمان و مادە سڕکەرەکان: جۆرەکانی و کاریگەرییەکانیان

١. وورياکەرەوەکانStimulants
٢.هێمنکەرەوە يان کپکەرەوەکانDepressants
٣.هەلوەسە هێنەرەکانHallucinogens



دەرمان و مادە سڕکەرەکان: جۆرەکانی و کاریگەرییەکانیان

دەرمان و مادە سڕکەرەکان بە شێوەیەکی گشتی دەکرێن بە سێ بەشەوە:

١. ووریاکەرەوەکان Stimulants ؛ ئەمانە لەسەرەتادا مرۆڤ زیت و ووریادەکەنەوە و هەموو شتێک خێراو تیژڕەو دیاردەبێت بە بیرکردنەوەو قسەکردن و جوڵەکانی لەشیشەوە. ئەم جۆرانە چونکە کار دەکەنە سەر کۆئەندامی ناوەندی دەمار دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی فشاری خوێن و بەرزکردنەوەی پلەی گەرمی لەش کە دەبێتە هۆی ئارەقکردنەوەیەکی زۆر. هەروەها دەبنە هۆی هەناسەبڕکێ و کەمکردنەوەی ئارەزووی خواردن (ئیشتیهاو) بێخەوی. بەکارهێنەران بەزۆری متمانە بەخۆو توندڕەودیارن و چەنەبازن؛ نمونەکانیان: ئەمفیتامینەکان Amphetamines ، کۆکاین ، کراک کۆکاین، کافاین، ئێکستاسی Ecstasy یان MDMA وAlkyl Nitrites ن .

٢. هێمنکەرەوە یان کپکەرەوەکانDepressants ؛ ئەمانە بەپێچەوانەی ووریاکەرەوەکانەوە هەموو شتێک هێواشدەکەنەوە بە بیروهۆش و قسەکردن و جوڵەکانی لەشیشەوە. کاریگەری ئەم جۆرە دەرمانانە لەسەر کۆئەندامی ناوەندی دەمار دەبنە هۆی کەمبوونەوەی هەست و دابەزاندنی فشاری خوێن و لێدانی دڵ و هەناسەدان. هەروەها دەبنە هۆی سەرخۆشی و قسەی هەڵەقمەڵەق و پچڕپچڕ و جوڵان و ڕۆیشتنی ناڕێکوپێک. نمونەکانیان: ئەلکهول، هێورکەرەوەکانTranquillisers ، هەڵمژینەکان و سیکۆتینەکان Solvents & Glueو هیرۆین و بەرهەمەکانێتی.

٣. هەلوەسە هێنەرەکان Hallucinogens ؛ ئەمانە مرۆڤ تووشی هەلوەسەو دڵەڕاوکەو ووڕێنە دەکەن و هەستەکانی دەشێوێنن و شێوازی بینین و بیستن و هەستپێکردنی بۆ جیهانی دەوروبەری دەگۆڕن. ئەو کەسانەی کە ئەم جۆرە دەرمانانە بەکاردەهێنن شتی نادروست و ناواقعی دێتە بەرچاویان و شتی سەیروسەمەرە دەبیستن و بۆن دەکەن کە لەڕاستیدا نین. پێدەچێت توشی Paranoia شێتیی خۆ بەگەورەزانین(جنون العظمة) بین. هەروەها تووشی دڵەڕاوکێ و بەدگومانی و دڵپیسی دەبن و ڕەفتارو مەزاجیان بەشێوەیەکی ناڕێکوپێک ئەمسەراوسەر دەکات؛ لە خۆشییەوە بۆ ناخۆشی و بەپێچەوانەوە. نمونەکانیانLSD :، DMT، قارچکی ئەفسوناوی Magic Mushroomو حەشیش (کانەبیس Cannabis (ن .

ووریاکەرەوەکانStimulants

١. ئێکستاسی Ecstasy ؛ ناوە کیمیاوییەکەی

٣,٤methylenedioxymethamphetamine بۆ کورتکردنەوە پێی دەڵێن .MDMA ئێکستاسی بە دەیان ناوی سەرشەقام و ناوبازاڕیی هەیە لەوانە؛ کۆتر، پسکیتی سەما، سوپەرمان، میکی ماوس ، کاستەر، ئادەم، کۆتری سپی و چەندەها ناوی دیکە کە سەدام حسەینی دیکتاتۆری لێکەوتەی عێراقیش یەکێک لەوناوانەی پێبڕاوە[٣٠] ! ئەم مادەیە لەشێوەی حەبی جۆراوجۆردایە بە شێوەو قەبارە و ڕەنگی جیاواز کە هەندێکیان یان وێنە یاخود ئارمێکیان لەسەرە. یەکەمجار لە ساڵی ١٩١٢ دا لەلایەن زانا ئەڵمانییەکانەوە دۆزرایەوەو چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرا کە دەرمانێکی بەسود بێت، بەڵام هەرگیز وا نەبوو.لە ساڵانی ١٩٥٠کاندا جارێکی دیکە لە ئەمریکا دۆزرایەوە لەلایەن ئەلیکساندەر شولگینەوەو لەسەر خۆی تاقیکردەوە.سوپای ئەمریکا بۆ زانیاری هەڵهێنجان لە زیندانییەکان و پەکخستنی سوپای دوژمن کەڵکی لێوەردەگرت[٣١] .لەبەرئەوەی ئەم دەرمانە توانایەکی باشی هەیە لە هەستی پێکەوەگونجاندا لەسەر بەکارهێنەکانی؛ پزیشکە ئەمریکییەکان بۆ یەکخستنەوەی خەڵک، بەتایبەتی ئەو هاوسەرانەی کە خەریک بوو پەیوەندی هاوسەرێتییان هەڵدەوەشایەوە بەکاریان دەهێنا. هەتا ئێستاش لە سویسرا هەندێک لە نوشدارەکان بۆ ئەم مەبەستە بەکاریدەهێنن. لەگەڵئەوەشدا لەئەنجامی هەندێک ئەزمونەوە کە لەسەر مشک کران و ئەوەیان دەرخست کە پێدەچێت ئێکستاسی لەهەنێک لایەنەوە مێشک تێکبشکێنێت، ئەو دەرمانە لەساڵی ١٩٨٥دا لە ئەمریکا قەدەغەکرا .

لە بەریتانیا لە ساڵانی ڕابوردودا زۆر بەکاردەهات و گەنجان بەتایبەتی ئەوانەی کە لە یانە شەوانەکاندا سەمایان دەکرد بەکاریان دەهێنا. بەپێی ئاماری تاوانەکانی بەریتانیا ٢٠٠٣/٢٠٠٢ ئێستا بەکارهێنانی ڕوو لە کزییە[٣٢] . لەماوەی ١٥ ساڵی ڕابوردودا ئێکستاسی لێپرسراوە بەرانبەر مردنی ٢٠٠ کەس لە بەریتانیادا. زۆربەی مردنەکان بەهۆی کاریگەرییە لاوەکییەکانەوە بووە نەک ڕاستەوخۆ بەهۆی ژاراوی بوونەوە بە دەرمانەکە؛ وەک لەکارکەوتنی دڵ لەئەنجامی بەرزبوونەوەیەکی زۆری فشاری خوێنەوەو دڵە خورپەو ووشک بوونەوە لەئەنجامی کەمی شلەمەنییەوە یاخود خواردنەوەیەکی زۆری ئاو بەڕادەیەک کە بووەتە هۆی مردنی ئەو کەسە. چونکە ئێکستاسی کار لە کارکردنی گورچیلەکان دەکات و چالاکییان سست دەکات لەوکاتەدا کۆبوونەوەیەکی زۆری شلەمەنی لەلەشداو بەتایبەتی لە خانە هەستیارەکانی مێشکدا دەبێتە هۆی پەکخستنی چالاکی ژیانیی وەک لێدانی دڵ و هەناسەدان.

ئاشکراشە کە تێکەڵکردن و بەکارهێنانی دوو دەرمان یان زیاتر پێکەوە مەترسی زۆر گەورەی هەیەو زۆر کەس ئەلکهول لەگەڵ دەرمانەکانی دیکە تێکەڵ دەکات و بەمەش مەترسییەکەی چەند بەرانبەر زیاد دەکات .

زۆر جار ئەو حەبانەی کە بەناوی ئێکستاسییەوە دەفرۆشرێن لەڕاستیدا ڕادەی مادەی ئێکستاسییان زۆر جیاوازەو هەندێک حەب بینراوە کە بە ئێکستاسی فرۆشراون بەڵام لەبنەڕەتدا دەرمانی پاککردنەوەی حەوزی ماسی یان دەرمانی گەرمکردنەوەی سەگ بوون، لە هەندێک حەبی دیکەدا مادەی ئەمفیتامین و کێتەماین دۆزراونەتەوە[33] .

---

[30] Hammersley, R., et al., (2002) Ecstasy: and the rise of the Chemica Generation.London: Routledge. P. 40l
[31] Drug Scope [online]
[32] Drug Scope [online]
[33] Ibid

ئێکستاسی دەرمانێکی وورياکەرەوەيە بەڵام کاریگەرییەکی هەلوەسەیی سوکیشی هەیە. ئەوانەی کە ڕادەیەکی مامناوەندی لێوەردەگرن کاریگەرییەکانی دوای ٢٠-٦٠ خولەک لەسەریان دەردەکەوێت (زیاتریشی پێدەچێت ئەگەر بە گەدەی پڕەوە بخورێت) ئەو کاریگەرییە بۆ ماوەی ٣ تا ٦ کاتژمێر دەمێنێتەوە .
بەکارهێنەران ڕەشێنەی چاویان گەورە دەبێت، کاکیلەکانیان توندەبێت و تووشی خەواڵوییەکی کورت و ئارەقکردنەوەو دەم وقورگ ووشکی دەبن. فشاری خوێنیان بەرز دەبێتەوەو لێدانی دڵیان زیاد دەکات و کەمی ئارەزوویان بۆ خواردن (کەمی ئیشتیها) شتێکی زۆر بڵاوە لەنێوانیاندا.
زۆر لە بەکارهێنەران بە قۆناغێکی هەست بە پەلە کردندا تێدەپەڕن و دوای ئەوە هەست بە چالاکی دەکەن و لەکۆتاییشدا هێوردەبنەوە. زۆربەی جار کەسەکان وا باسدەکەن کە تورەییان نامێنێت و لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا هەست بە لەیەک گەیشتن و دۆستایەتی دەکەن و توانای گفتوگۆیان زیاد دەکات. هەندێک لە بەکارهێنەران بینراون هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەن سەبارەت بە دەوروبەرەکەیان و زۆر تامەزرۆی میوزیک دەبن و هەستە سێکسی و حسییەکانیان وەسەردەکەون.
هەندێک لە بەکارهێنەران ئەزمونی ناخۆشیان دێتە ڕێ. لەوانەش پێدەچێت هەست بە ترس و دڵەڕاوکێ و بێزاری و شێوانی هەستەکانیان و بەرزونزمکردنیان لە شێوازە هەرە باوەکانیان بن. ئەم بارە پەشێوە پێدەچێت، بەشێوە مەزاجێک یان بەشێوەیەکی دیکە، چەندەها ڕۆژو بگرە هەفتەش بخایەنێت. ئەم بارە زیاتر ئەگەری دەبێت ئەگەر بەکارهێنەر بڕێکی زۆری وەرگرتبێت یان خۆی لەخۆیدا هەست بە پەشێوی و شپرزەیی بکات.
کاریگەرییە سەرلێشواوییەکان ئەگەری کارەسات زۆر زیاتر دەکەن. زۆربەی ئەوانەی کە مردون بەهۆی سەما کردنیانەوە بووە بەبەردەوامی لە یانە گەرمە، قەرەباڵخەکاندا کە بوەتە هۆی زۆر بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لەش و وشکهەڵاتن. پێدەچێت پشودان و خۆفێنک کردنەوەو ئاو خواردنەوە بۆ ئەوەی جێگای ئاوە ڕۆیشتووەکە بگرێتەوە کە بە ئارەقکردنەوە دەردراوە، بتوانێت بەر لەو کارەساتانە بگرێت.
دوای بەکارهێنانی ئێکستاسی بەکارهێنەران پێدەچێت زۆر هەست بە ماندویی بکەن و پێویستیان بە خەوتنێکی دوورودرێژ هەبێت بۆ ئەوەی ئاسایی ببنەوە. ئەم بارە ڕەنگە سێ تا چوار ڕۆژ بخایەنێت، کە پێی دەڵێن هێوربوونەوە. بەکارهێنانی ئەم مادەیە بەبەردەوامی لەوانەیە ببێتە هۆی پەشێوی لەخەوتندا، بێهێزی و لاوازی، کێشەی خواردن و بەدخۆراکی بەAnorexia Nervosa وە (ئەم نەخۆشییە بریتییە لە هەستکردنی ئەو کەسە کە کێشی زیادەو خواردن ناخوات، لەکاتێکدا لانی کەم چارەکێکی کێشی ئاسایی خۆی لەدەستداوە)[34]
وە کەسەکە هەست بە پەستی و دڵەڕاوکێ دەکات. بەدوای ئەوەدا پێدەچێت زیاتر هەستیار بێت بەرانبەر سەرماو هەڵامەت و قورگێشەو هتد... لەکاتێکدا ئەم دەرمانە نابێتە هۆی ئەوەی کە لەش، لەبارەی جەستەییەوە، خوی پێوەبگرێت، خوگرتنی سایکۆلۆژی بە هەستە زۆرخۆشەکان Euphoria و هێمنی و هەموو ئەو هەلومەرجانەی کە چواردەوری بەکارهێنانی ئێکستاسیان داوە لەوانەیە دروست ببێت .
گۆڕانە کورتخایەنەکان لە مەزاجدا بە "بێتاقەتی ناوەڕاستی هەفتەشەوە" کە بەدوای بەکارهێنانی دەرمانی کۆتایی هەفتەدا دێت، لەگەڵ پەککەوتنی بیروهۆشی شت بیرکەوتنەوە بۆ ماوە کورتەکان Short term memory لەوانەیە هەندێک لە ئاسەوارە بچوکەکانی بەکارهێنانی MDMA بن. ئاسەوارە کاریگەرە کۆئەندامی دەمار ژاراویکەرەکانی Neurotoxicity دیکەی MDMA وەکو گۆڕانە ڕەفتاری و هەڵسوکەوتی و سۆزدارییەکانی بەکارهێنەر و ڕادەی هەند بوونیان، بەتایبەتی لەماوەی دوورودرێژدا، تا ئێستا ڕوون نین. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە تێکشکاندنی مێشک پەیوەندی نییە بە مێژوویەکی دوورودرێژی بەکارهێنانەوە، بەڵکو پەیوەندی هەیە بە ڕێژەی بەکارهێنانی ئەو مادەیەوە لە یەک کاتی دیاریکراودا؛ واتە کاریگەرییەکانی ئەو مادەیە بەگوێرەی زیادو کەمکردنی مادەکە دەگۆڕێت Does-Dependent. لە هەمانکاتدا زانایان لەوباوەڕەدان کە

[34] Macpherson, G., MB, BS (2002) Black's Medical Dictionary. 40th edition, London: A&C Black Publishers Ltd. P. 192

پێناچێت ئەو تێكشكان و گۆڕانكاریانە كە بەسەر مێشكدا دێن بەتەواوی بگێڕدرێنەوە بۆ دۆخی ئاسایی خۆیان[35].

لە بارەی یاساییەوە ئێكستاسی لە بەریتانیا بە دەرمانی پۆلی A ناوزەدكراوە.

٢. ئەمفیتامینەكان Amphetamines

كۆمەڵێك دەرمانی دیكەن لە گروپی وورياكەرەوەكان كە بەشێوەیەكی ناسروشتی بەرهەمدەهێنرێن. ئەم مادانە لەسەر شەقامەكان و ناوبازاڕدا بە گەلێك ناو دەناسرێن وەك خێرا، گێزەگێز، سولفات ، بیلی، ئەمف و بڵند و هتد... لەشێوەی تۆزێكی خۆڵەمێشی یان سپیدا دەفرۆشرێن كە بەشێوەی قوتدان وەك حەب ، كرۆشتن ، هەڵمژین، دەرزی یان تواندنەوەیان لەناو شلەمەنیدا بەكاردەهێنرێن. ئەمفیتامینەكان یەكەمجار لە ساڵی ١٨٠٠دا دۆزرانەوە بەڵام بەكارهێنانیان بۆ مەبەستی پزیشكی تا ساڵی ١٩٣٠ وەدەرنەكەوت. لەو كاتەوە بۆ مەبەستی بەرگرتن لە فشاری نزمی خوێن و یارمەتیدانی نەخۆشانی ڕەبو بۆ ئەوەی باشتر هەناسەبدەن و هەروەها بۆ كەمكردنەوەی ئارەزوی خواردن بەكاردەهاتن. دوای ئەوە ئەم مادانە بۆ چارەسەركردنی گەلێك نەخۆشی بەكاردەهاتن وەك بێخەوی، پەركەم، شەقیقە، خەمۆكی و زۆر بزێوی مناڵ. لە ساڵانی ١٩٥٠ كان و ١٩٦٠ ەكاندا بەشێوەیەكی بەرفراوان وەك دەرمانی خۆلاوازكردن خرانە بازاڕەوە .

لە كاتی ئێستادا بەكارهێنانی ئەمفیتامینەكان بۆ مەبەستی پزیشكی بەشێوەیەكی بەرچاو دابەزیوە ئەگەرچی هێشتا هەر بۆ مەبەستی گرفتەكانی خەو بەكاردەهێنرێن. دوای بەكارهێنانێكی زۆری ئەم مادانە یان مادەی دیكە كە هەمان كاریگەرییان هەیە وەك ڕیتاڵین Ritalin لە ئەمریكا بۆ ئەو منالانەی كە كێشەی بزێوی و ڕەفتاریان هەیە، بەكارهێنانی ئەم مادەیە بۆ ئەو مەبەستە ئێستا لە بەریتانیا ڕوو لە زیادییە.

كاریگەری وورياكەرەوەی ئەمفیتامینەكان بووە هۆی بەكارهێنانێكی زۆریان لەلایەن سەربازەكانەوە بۆ ئەوەی بەرەنگاری ئەو بێتاقەتی و پەستییە ببنەوە كە بە "پەستیی شەڕ" ناسراوە. وا خەملێنراوە كە هێزەكانی بەریتانیا لە جەنگی جیهانی دووەمدا ٧٢ ملیۆن حەبیان بەكارهێنابێت. گەلێك هێزی سەربازی ئەڵمانی و یابانیش ئەم حەبانەیان بەكارهێناوەو دەڵێن گوایە هێتلەر خۆی ڕۆژانە دەرزی ئەم مادانەی لێدراوە[36] !

ئەم بەكارهێنانەی ئەمفیتامین لە نێو هێزە سەربازیەكاندا لە لایەن سوپای ئەمریكییەوە بەردەوام بووە لە جەنگەكانی كۆریاو ڤێتنامدا. واباسدەكەن كە ئەنتۆنی ئێدنی سەرەك وەزیرانی بەریتانیا پێویستی بەم مادەیە هەبووە بۆ ئەوەی لەگەڵ تەنگەشەی كەناڵی سویسی ساڵی ١٩٥٦دا هەڵبكات[37]!

لە بەریتانیا تا ساڵی ١٩٥٦ زۆربەی ئەو دەرمانانەی كە ئەمفیتامینیان تێدایە بەبێ پێویست بوونی ڕاچێتەی دوكتۆر لە دەرمانخانەو دوكانەكاندا دەفرۆشران و لەلایەن ئەو ژنانەوە كە بەهۆی كاری ناو ماڵەوە بێزارو بێتاقەت بووبوون یان ئەو كەسانەی كە خۆیان بە بێهێز دەزانی و پێویستییان بە مادەی بەهێزكەر هەبوو بەكاردەهاتن. هەروەها لەناو ئەو كەسانەدا باوو بوو كە بۆ ماوەی دورودرێژ كاریان دەكرد وەكو شۆفێری لۆرییە بارهەڵگرەكان كە گەشتی دورودرێژ ئەنجامدەدەن.

لە ساڵانی ١٩٦٠كاندا بەكارهێنانی ئەمفیتامین لەبەریتانیا بۆ مەبەستی دیكەی ناپزیشكی پەرەیسەند بەتایبەتی لەنێو گەنجانداو بوەهۆی تێوەگلانی هەزاران گەنج لەو كێشەیەدا كە بە یەكەم كێشەی دەرمانی دوای جەنگ ناسراوە؛ هەروەها بووە جێگای سەرنج و تۆقینی میدیاكان و بەمجۆرە لە ساڵی ١٩٦٤ دا هەبوون یان گلدانەوەی ئەمفیتامین بەبێ مۆڵەتی ڕەسمی قەدەغەكرا.

لە ساڵانی ١٩٧٠ كان و ١٩٨٠كاندا بەكارهێنانی ئەمفیتامین لەسەر شەقام و ناوبازاڕدا پەرەی سەند و نەوەیەكی دیكەی گەنجانی لەخۆیەوە ئالاند لەو یانانەدا كە بەدرێژایی شەو كراوە بوون. بەرهەمهێنانی نایاسایی تۆزی ئەمفیتامین و هەڵمژینی ئەو مادەیە جێگای ئەوەی گرتەوە كە لەوەپێش حەبەكانیان لە كارگەكان دەدزی.

---

[35] Drug Scope [online]
[36] Drug Scope [Online].
[37] Ibid

کاریگەرییە هەنوکەییەکانی ئەمفیتامینەکان بریتییە لە حەوانەوەو هەست بەخۆشی کردن؛ مێشکی ئەو کەسە ئارامدەگرێت و هەست بە متمانەبەخۆبوون و چالاکی دەکات. هەندێک کەس دوای بەکارهێنانی ئەم مادەیە هەست بە توڕەیی و دڵەڕوکێ دەکەن. ئەو ئاسەوارانە بەزۆری دوای دەرچونی مادەکە لەلەش نامێنن. کاریگەری یەک ژەم بۆماوەی ٤-٨ کاتژمێر لەلەشدا دەمێنێتەوە بەڵام تا ماوەی ٤ ڕۆژ لەڕێگەی پشکنینی میزەوە دەدۆزرێتەوە .

بەکارهێنەرانی ئەمفیتامینەکان هەست بە ماندووی و خەمۆکی دەکەن بۆماوەی یەک یان دوو ڕۆژ دوای بەکارهێنانی مادەکەو هەندێک جار زیاتریش. ئەوانەی کە ڕادەیەکی بەرز لەم مادەیە بەبەردەوامی بەکاردەهێنن زانراوە کە دوای چەند ڕۆژێک هەست بە ترس و هەلوەسە دەکەن. بەکارهێنانی بۆ ماوەی دوورودرێژ دەبێتە هۆی فشارخستنە سەر دڵ و بۆ ئەوانەی کە فشاری خوێن یان کێشەی دڵیان هەیە زۆر مەترسیدارە. بەکارهێنانی بە بڕی زۆرو بۆماوەی دوورودرێژ ڕەنگە ببێتە هۆی توشبوون بە نەخۆشییە ژیرییەکان Mental Illness.هەندێک کەس لەگەڵ بەکارهێنانی ئەم مادەیەدا ڤیاگرا بەکاردەهێنن؛ ئەمەش مەترسی توشبون بە نەخۆشییەکانی دڵ زیاتردەکات.

وەکو هەموو دەرمانەکانی دیکە شێوەی بەکارهێنانی ئەمفیتامینەکان بڕیار لەسەر ئەوەدەدات کە کاریگەری دەرمانەکە چەند خێرا بێت و چەندیش بەهێز بێت. ئەگەر لەشێوەی حەبدا بەکاربێت ئەوا هێواشترە بەڵام ئەگەر لەشێوەی هەڵمژین و دەرزیلێداندا بەکاربێت ئەوا خێرایەو بەپێی ڕادەی زۆری و کەمی مادەکەش کاریگەرییەکەی دەگۆڕێت.

بەکارهێنانی بەردەوامی ئەمفیتامینەکان دەبێتە هۆی خوگری سایکۆلۆژی و بەکارهێنەران هەست بە بێهێزی، بێتاقەتی ، پەستی و برسێتییەکی زۆردەکەن ئەگەر دەرمانەکە بەکارنەهێنن. هەربۆیە بەردەوام دەیانەوێت بگەڕێنەوە دۆخی پێشوو دەرمانەکە بەبڕی زیاتر بەکاربهێنن. بەمجۆرە لەشیان لەگەڵ ئەو مادیە ڕادێت و بەردەوام پێویستیان بەبڕی زیاترو وزیاتری ئەو مادەیە هەیە بۆ ئەوەی هەست بە کاریگەری یەکەمجار بکەن.

بەردەوام بەکارهێنانی ئەمفیتامینەکان دەبێتە هۆی بێخەوی و بێخۆراکی و کەمبونەوەی بەرگری بەرانبەر نەخۆشی. کێشەکانی کەمخۆراکی وەک Anorexia Nervosa لەوانەیە ببنە کێشە بەتایبەتی لەنێو ژنانی بەکارهێنەردا. کاروباری ڕۆژانەیان پێدەچێت پەکی بکەوێت و زۆر لەوانەی کە بەزۆری بەکاری دەهێنن بەردەوام لەنێوان هەستکردن بەشادی و چالاکی بەکارهێنان و بێتاقەتی و بێهێزی لێبڕاندا جۆلانە دەکەن. هەندێک لە بەکارهێنەران تووشی شەپۆلی توندوتیژی دەبن و لەوانەیە زۆر پەلامارد‌ەرو شەڕانی بن.

کێشەیەکی دیکەی ئەمفیتامین کێشەی پوختەییەتی. لەسەر شەقام و ناوبازاڕدا ڕادەی پوختەیی ئەم مادەیە کەمتر لە ١٥% یەو زۆر جاریش فرۆشیارەکانی تەنها ١٠% ئەمفیتامینی تێدەکەن و ئەوەکەی دیکەی تۆز (پاودەر)ی دیکەی وەک گلوکۆز، ڤیتامین سی، مادەی ناوسک داماڵەر، شیری وشکی منالّ، کافاین و دەرمانی دیکەی وەک پاراسیتامۆڵ و ئەسپرینە.

جۆرێکی دیکەی دەرمانەکە کە بەهێزترە میسئەمفیتامینە Methamphetamine کە لەشێوەی تۆزو کریستاڵدا دێت کە پێیدەڵێن سەهۆڵ و هەروەها لەشێوەی حەبیشدا هەیە .

لەلایەنی یاساییەوە ئەمفیتامینەکان لە بەریتانیا لە پۆلی B دانراون، بەڵام ئەگەر لەشێوەی دەرزیدا ئامادەکرابن دەچنە پۆلی A.

٣.کۆکاین و کراک : Cocaine and Crack کۆکاین لە گەڵای دەوەنێک دەردەهێنرێت کە لە ناوچە شاخاوییەکانی ئەمریکای باشور لە وڵاتانی وەک پۆلیڤیا و کۆڵۆمبیاو پیرۆ بەشێوەیەکی سروشتی دەڕوێت و پێی دەڵێن . TErythroxylum cocaT بۆیە دەڵێین دەوەن چونکە لەڕاستیدا ئەو لە دار بچوکترەو لە ڕووەکیش گەورەترە و گەلێک پەلوپۆی لێدەبێتەوە. لە سەرشەقام و ناوبازاڕدا بە کۆک، چارلی، بەفر، C، چەو، تۆز ، بەرد، سپی و گەلێک ناوی دیکەشەوە ناسراوە.

مێژووی خواردن و داكرۆشتنی گەڵای كۆكا وەك یارمەتیدەرێك بۆ كاركردن لەنێو هیندییە سورەكانی باشوری ئەمریكادا پێدەچێت كە بگەڕێتەوە بۆ ٢٥٠٠ تا ٣٠٠٠ ساڵ پ.ز . گەلێك بەڵگەی مێژوویی لەشێوەی نەخشی گڵێنەو ئاسەواری مێژوویی دیكەدا دۆزراونەتەوە كە وێنەكانیان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن[38].

چایەكی بەنێوبانگی ئەمریكای باشور هەیە ناوی mate de coca یە ئەویش هەر لە گەڵای ئەو درەختە دروستدەكرێت. دۆشاوی كۆكا كە بە basuco ناسراوە شێوەیەكی ئەو دەرمانەیە كە دەكێشرێت و لە گەڵای ئەو درەختە دەردەهێنرێت و لەو وڵاتانە دەكێشرێت كە درەختەكەی لێ دەڕوێت .

كۆكاین بۆیەكەمجار لە ساڵی ١٨٥٥ دا لە گەڵای ئەو درەختە دەرهێنراو تا ساڵانی ١٨٧٠كان دەرمانێكی بەناوبانگی وورياكەرەوەو شادیهێنەربوو بۆ چارەسەری گەلێك نەخۆشی سوك بەكاردەهات. شیكاركەری دەرونی بەناوبانگ سیگمۆند فرۆید ڕێنومایی بەكارهێنانی ئەو دەرمانەی كردووە بۆ چارەسەری گەلێك كێشەی نۆژداری و سایكۆلۆژی لەوانە ئالودەگی بە ئەلكهول و مۆرفین. بەڵام كاتێك ڕێنومایی هاوڕێیەكی كرد بۆ بەكارهێنانی كۆكاین بۆ ئەوەی لە ئالودەگی مۆرفین قوتاری ببێت و هاوڕێكەی بەهۆی زیادەخۆرییەوە لە كۆكاین مرد، فرۆید بیروڕای خۆی گۆڕی.

پزیشكەكانیش بۆ سڕكردنی ناوچەیی (بەنجكردنی بەشێكی لەش) و دانسازی بەكاریاندەهێنا. لە گەڵای كۆكا مەی دروستكراوەو ساردی كۆكاكۆلا لەبنەڕەتدا وەك (خۆشیبەخشێكی بەنرخی مێشك و چارەسەری هەموو كێشە دەمارییەكان) فرۆشراوەو تا ساڵی ١٩٠٤ یش كەمێك مادەی كۆكاینی تێدا بووە[39].

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا پزیشكەكان هۆشدارییاندا لەسەر ئەگەری خوگری و كێشەی دیكەی بەكارهێنانی كۆكاین. لە ئەمریكا لەنێو سپی پێستەكاندا ترسی ئەو ڕەشپێستانە پەرەیسەند كە شێتی كۆكاین بوون و یاخیبون دژی یاسا نوێ هەڵاوێردنەكان. لە بەریتانیاش ترسی بەكارهێنانی ئەو مادەیە لەلایەن هێزە سەربازییەكانەوە لە جەنگی جیهانی یەكەمدا تەشەنەی كرد و ڕۆژنامەكان بە شێوەیەكی شێتگیرانە لەسەریان نوسی و وایاندایە قەڵەم كە ئەوە پلانێكی ئەڵمانەكانە بۆ تێكوپێكشكاندنی ئیمپراتۆریای بەریتانی. لە ساڵی ١٩١٦ دا یاسای كوتوپڕی هێنرایە كایەوە بۆ قەدەغەكردنی هەڵگرتنی كۆكاین و ئەفیون و كەمكردنەوەی بەكارهێنانە پزیشكییەكانیان.

ئەگەرچی لەمێژەوە كۆكاین لە بەریتانیادا هەبووە، بەڵام تا ناوەڕاستی ١٩٧٠كان بەكارهێنانی كۆكاین نەبوو بووە باو. هەڵمژینی تۆزی كۆكاین بوو بە مۆدە لەنێو چینە نێوەندە (قیت و قۆزو كەشخەكاندا) و وەكو دەرمانێكی گرانبەها شانازی پێوەدەكرا.

لەهەمانكاتدا لە ئەمریكا بەكارهێنانی كۆكاین زیاتر بڵاوبوبوەوەو لە ناوەڕاستی ١٩٨٠كاندا جۆرێكی زۆر بەهێزتری دەرمانەكە كەوتە بازاڕەوە؛ كۆكاینی ئامادە بۆ كێشان (وەك جگەرە) كراك كە لە تۆزی هایدرۆكلۆرایدی كۆكاین دەردەكرێت.

ئەم شێوە نوێ و بەهێزەی كۆكاین بوو بە كێشەیەكی گەورە لە ئەمریكا بۆ ئەوانەی كە لە ناوچە هەژارنشینەكانی نێوەندی شارەكاندا دەژیان و لەگەڵ خۆیدا گەردەلولێكی توندوتیژی و تاوانی بەدیاری بۆهێنان كە هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە. كێشەی تاوان و توندوتیژی كە لەئەنجامی بەكارهێنانی دەرمان و مادە سڕكەرەكانەوە تەشەنەی سەند، بوو بە بنێشتەخۆشەی سەرزاری ڕۆژنامەكان. ئەگەرچی كراك هاوشان لەگەڵ بەرزبوونەوەی ڕادەی تاوان و توندوتیژیدا هاتە بەریتانیاوە بەڵام هەرگیز نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی ئەمریكا. ئێستا بەكارهێنانی كراك لەبەریتانیادا زۆر ڕوو لەزیادییە بە تایبەتی لەنێو ئەو گەنجانەی كە سەرتاسەری شەو لە یانەكاندا سەمادەكەن.كۆكاین و كراك لە مادە وورياكەرەوە هەرە بەهێزەكانن بەڵام كاریگەرییەكانیان كورتخایەنە. بەتایبەتی كراك زۆربەهێزو زۆر كورتخایەنە. بەكارهێنەرانی هەست بە وورياى و بەهێزی دەكەن. زۆر لەبەكارهێنەران ووتویانە كە دوای بەكارهێنانی ئەم دەرمانە هەستیان بە لەخۆڕازیبوون و

[38] Freud’s Magical Drug [online]
[39] Drug Scope [Online]

چالاکی جەستەیی کردووەو لەو باوەڕەدابوون کە خاوەنی توانایەکی بەهێزی مێشکن. ئاسەوارە جەستەییە باوەکانی بریتین لە: دەم ووشکی، ئارەقکردنەوە، کەمبوونەوەی ئارەزوی خواردن و بەرزبوونەوەی ڕادەی لێدانی دڵ و دەمار. دوای ژەمی گەورە بەکارهێنەران پێدەچێت هەست بە دڵەڕاوکەو نائارامیەکی زۆر بکەن. کاریگەری هەڵمژینی کۆکاین بەخێرایی دەسپێدەکات بەڵام تەنها بۆ ماوەی ٣٠ خولەک دەمێنێتەوە ئەگەر دووبارە نەکرێتەوە. ئەگەر ئەو کەسە کراک بکێشێت ئەوا کاریگەرییەکانی تەنانەت لەوەش زووتر دەردەکەون بەڵام زۆر لەوەی پێشوو کەمتریش دەخایەنێت.

یەکێک لەبەکارهێنەران ئاوا باسیدەکات:

"وات لێدەکات هەست بە مەزنی و بەهێزی و هەچی شتە بکەیت. کێشەکە لەوەدایە کە دەتوانێت بەتەواوی ئالودەو گیرۆدەت بکات. کاریگەرییەکەی ئەوەندە ناخایەنێت و ناچاریت جارێکی دیکەش بەکاریبهێنیتەوە. لەبەرئەوەیە من ئەوەندە بە بەربەریانەی دەزانم و سەرو سامانم تێناوە[٤٠]".

ژەمی گەورەو نزیک نزیک لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا دەکرێت ببێتە هۆی دڵەڕاوکێیەکی زۆر زۆرو خانەگومانی و دڵپیسی و ڕەشبینی و تەنانەت هەلوەسەش. بەشێوەیەکی گشتی ئەم کاریگەریانە لەگەڵ دەرچونی دەرمانەکە لە لەشدا ئەوانیش دیارنامێنن. کاریگەرییە دواینەکانی کۆکاین و کراک لەوانەیە پەرێشانی و خەمۆکی بگرێتەوە کاتێک بەکارهێنەران دەرمانەکەیان دەست ناکەوێت یان بەکاریناهێنن .

کۆکاین لەگەڵ مادەی دیکەدا تێکەڵ دەکرێت و ئەمەش زۆر ترسناکە بۆ بەکارهێنانی لەڕێگەی دەرزییەوە.

هەندێک چەندو چون هەیە لەسەر ئاسەواری ئاستی قبوڵکردنی لەش و نیشانەکانی کشانەوەو تەرککردن. لەکاتێدا ئەوە ڕاستە کە کۆکاین و کراک ئالودەگی جەستەییان وەک هیرۆین نییە و شتێکی چەواشەکەرانەیە گەر وەک یەک پێناسەیان بکەین و بەپێی ئەو پێوەرە جەستەییانە پێوانەیان بکەین کە تایبەتن بە هیرۆین. هەر دەرمانە کاریگەری جەستەیی تایبەتی خۆی هەیەو سەبارەت بە کۆکاین و کراک زۆر زۆر بەهێزە. بەکارهێنەرانی بەردەوامی کۆکاین و کراک زۆر خوو بە دەرمانەکەوە دەگرن و لەشیشیان زۆر لەگەڵیدا ڕادێت کە وایان لێدەکات ووریاو بەکاربن کاتێک بەکاریدەهێنن و کولۆڵو دەستەپاچەو غەمگین بن کاتێک لێیان دەبڕێت یان بەکاریناهێنن؛ کەئەمە زۆر دوورو ئەستەمە بۆ بەکارهێنەرێکی بەردەوام یان ناوبەناویش. لەم بارەدا بەکارهێنەر تووشی بێخەوی و دابەزین و داتەپینێکی گەورەی جەستەیی و سۆزداری دەبێت. ئەمەش پێدەچێت لەشێوەی سکچون، ڕشانەوە، لەرزین، ئارەزووی خۆراک نەخواردن لەترسی قەڵەوی (بەتایبەتی ژنان) و ئارەقکردنەوە کە ئەمانە لەهەندێک کەسدا لەسەرو تواناو ووزەوەن. زۆر لە بەکارهێنەران ئەم ئاسەوارانە دەزانن و لە پێناوی خۆپاراستن لێیان و نەکەوتنە نێو زۆنگاوی پەرێشانییەوە زۆر هەڵوێستە دەکەن لە بەکارهێنانیدا .

ئەوەندەی کە پەیوەندی بە کراکەوە هەیە، زۆر کەس دەڵێن کە بەپێچەوانەی کۆکاینەوە زۆر ئالودەکەرەو بەکارهێنەران ناتوانن بەئاسانی دەستبەرداری بین. زۆر لەبەکارهێنەران دەبن بە بەکارهێنەری ڕۆژانە و چەند مانگێکی دەوێت تا دەبنە ئالودەبوو، بەڵام زۆر کەسی دیکە لەو باوەڕەدان کە تەنها خوگرییە .

بۆ هەردوو کۆکاین و کراک خوگری و ئالودەبوون شتێکی دوورەدەست نییە. بەڵام ڕادەی خێرایی ڕودانەکەی بەپێی باری دەرونی بەکارهێنەرەکە و هەلومەرجەکەی دەگۆڕێت. ئەو ڕاستییەی کە کۆکاین و کراک گرانن ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو کەسانەی کە خویان پێوەدەگرن پارەیەکی زۆر زۆر سەرف دەکەن. ئەوانەی کە دەوڵەمەندنین پێدەچێت لە تاوان و لەشفرۆشییەوە بگلێن بۆ ئەوەی پارەی دەرمانەکەیان دەربهێنن.

بەکارهێنەرانی بەردەوام بەهۆی بێخەوی و دابەزینی کێشی لەشەوە تەواو دادەهێزرێن و تەواو دادەبەزن. بەردەوام هەڵمژینی کۆکاین دەبێتە هۆی تێکشکاندنی ئەو دیوارەی کە لوت دەکات بە دوو بەشەوە. بەردەوام

[٤٠] Drug Scope [Online]

کێشانی کراک دەبێتە هۆی گیروگرفت لە هەناسەداناداو لەدەستدانی دەنگ بەشێوەیەکی بەشی (جزئی). دەرزیلێدان بۆ ماوەی دورودرێژ ڕەنگە ببێتە هۆی کۆبوونەوەی کێم و جەراعەت و هەوکردن لەگەڵ مەترسی زیاتری توشبوون بە نەخۆشی ترسناکی وەک ئایدز و زەردوویی (هیپەتایتس) ئەگەر دەرزییەکان لەنێوان چەند کەسێکدا بە هاوبەشی بەکاربهێنرێن.

ئەو ژنانەی کە لە ماوەی سکپڕیدا کۆکاین یان کراک زۆر بەکاردەهێنن پێدەچێت تووشی کێشە ببن و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کار بکاتە سەر کۆرپەکانیشیان. لە ڕۆژنامە ئەمریکییەکاندا زۆر لەسەر "کۆرپە کراکییەکان" ووتراوە، لەڕاستیدا زۆر منالّی ئەو دایکانەی کە کراک بەکاردەهێنن نائارام و ئۆقرەنەگرن و خۆراکیان خراپە بەڵام ڕادەی بڵاوی ئەم دیاردەیە زیادەڕەوی و گەورەکردنی تێدایە.

لە بەریتانیا کراک بەزۆری لەلایەن ئەو گەنجانەوە بەکاردێت کە تەمەنیان لەنێوان ٢٠-٢٤ ساڵدایەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بڕێکی زیاتری ئەم مادەیە لەلایەن پۆلیسەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت. کراک و کۆکاین لەلایەنی یاساییەوە لە پۆلی A دان .

٤. Alkyl Nitrites یان کۆمەڵەی نیتریتەکان کە Amyl ، Butyl وە Isobutyl nitrate

دەگرنەوە شلەمەنییەکی ڕوونی زەردن کە بۆ مەبەستی کاریگەرییە مەستییەخشەکانیان هەڵدەمژرێن .

لە بەریتانیا بەشێوەیەکی گشتی لەشێوەی شلەمەنییەکی ئالّتونیدا دەفرۆشرێن لە بوتڵی بچوکدا. گەلێک ناوی بازرگانی و ناوبازاڕی هەیە لەوانە Ram ، Thrust، Rock hard، Kix، TNT وە زێڕی شل. شلەمەنییەکە یان ڕاستەوخۆ لە بوتڵەکەوە یان لە پارچە قوماشێکەوە هەڵدەمژرێت. نیتریتەکان لە بنەڕەتدا لە شێوەی کەپسولی بچوکی شوشەدا هاتن کە لەکاتی هەڵپچڕیندا تەقەیەکیان لێوەدەهات. ئەمەش وای کرد کە نیتریتەکان ناوبنێن Poppers واتە تەقیوەکان یان تەقێنەرەوەکان (بۆ شتی بچوکی وەک میزەڵان ... هتد). نیتریتەکان لەکاتی هەڵپچڕیندا بۆنێکی خۆشیان لێدێت، بەڵام پاش ماوەیەک بۆگەن دەکات و بۆنەکەی دەگۆڕێت بۆ بۆنی "گۆرەوی پیس و بۆگەن!"

تا ئێستاش لە بەریتانیا Butyl nitrite لە دوکانی فرۆشتنی شمەکە سێکسییەکان و بارەکان و یانە شەوانەکان و هەندێک جار لە دوکانی جگەرە فرۆش و پۆشاکیشدا دەفرۆشرێن بوتڵی بە ٥ پاوەند[41] .

ئەمایڵ نایتریت یەکەمجار لە ساڵی ١٨٥٧ دا دۆزرایەوە و بۆ چارەسەرکردنی ئازاری سنگ Angina بەکار دەهات. لەو ساڵانەی دوایدا بە دەرمانی دیکە شوێنی گیرایەوەو تاکە بەکارهێنانێکی پزیشکی ئێستای ئەو دەرمانە وەک چارەسەرێک بۆ ژاراوی بوون بە سیانید بەکاردێت.

نایتریتەکان لە ساڵانی ١٩٥٠ کاندا لە نمایشەکاندا بەکاردەهاتن و لە ١٩٦٠کانیشدا لە ئەمریکا وەک دەرمانی سەرجادە بەکاردەهاتن Butyl Nitrite.هیچ کەڵکێکی پزیشکی نییەو لە بنەڕەتدا وەک بۆنخۆشکەرو بۆنبڕی ناوماڵ بەکارهاتووە لە ئەمریکا. ئەو دەرمانە لە شانشینی یەکگرتوو یەکەمجار لە یانەو دیسکۆکاندا بەکارهات لە ساڵانی ١٩٧٠کانداو دواتریش لە یانەی سەمادا لە ساڵانی ١٩٨٠کان و ١٩٩٠ەکاندا .

کاریگەرییەکانی یەکسەر دوای هەڵمژینی دەردەکەون بەڵام تەنها بۆ ماوەی چەند خولەکێکی کەم دەمێننەوە. بەکارهێنەران هەست بە خێرایی دەکەن چونکە لێدانی دڵ خێرادەبێت و خوێن بەپەلە بەرەو سەر وورووژم دەبات. سەریەشەیەکی بەهێزو کوتوپڕ (سەرت زریکەی دێت) ، سەرگێژخواردن، خەواڵویی، هەستکردن بەوەی کە کات هێواش بووەتەوە، سورهەڵگەڕانی دەموچاوو مل و هەستکردن بەوەی کە بەتەواوی کۆنترۆڵ ناکەیت بەسەر هۆش و کردارو ڕەفتارتدا لە نیشانە باوەکانی بەکارهێنانی ئەم دەرمانەن. ئەو کەسانەی کە نایتریت بە مەبەستی خۆشی سێکسی بەکاردەهێنن ووتویانە هەست بە ماوەیەکی زۆرتری خۆشی ئاوهاتنەوە Orgasm دەکەن و ناهێڵێت پێش وەخت تەواوببن، ئەگەرچی هەندێک پیاو ووتویانە دوای ئەوە کێشەی ڕەپبوونیان هەبووە و نەیانتوانیوە بەدەستیبهێنن. ئەم دەرمانە لەلایەن ئەوانەشەوە زۆر بەکاردێت کە هاوسێکسن

[41] Drug Scope [online]

Homosuxalsو مەترسییەكی دیكە ئەوەیە كە بەهۆی سەرخۆشییەوە ناتوانن ڕێوشوێنی سەلامەتی سێكسی پەیڕەو بكەن و دەكەونە مەترسی توشبوون بە نەخۆشی HIV ئایدزەوە.
بەكارهێنەران پێدەچێت ببورێنەوە ئەگەر دوای ئەوە خەریكی چالاكی جەستەیی بەهێزبن وەک سەماكردن و ڕاكردن. بەكارهێنانی نایتریت بووەتە هۆی دڵەكوتێ لەكاتێكدا كە بەكارهێنەر خۆی لەخۆیدا پەستانی بەرزی خوێن یان كێشەی دڵی هەبوویێت. تەنانەت بووەتە هۆی مردنیش لەكاتێكدا كە خەڵک نایتریتیان خواردۆتەوە لەباتی هەڵمژینی بۆنەكەی. هەروەها نایتریت پەستان لەسەر چاویش زیاد دەكات و بەتایبەت بۆ ئەوانە زۆر ترسناكە كە نەخۆشی چاوی وەک گلاوكۆمایان هەیە.glaucoma
زۆرجار نیتریتەكان لەگەڵ دەرمانی دیكەدا بەكاردێن بۆ بەهێزكردنی كاریگەری دەرمانەكە بەڵام هەر تێكەڵكردنێكی دەرمان ترسناكەو لەوانەیە ببێتە هۆی دەرئەنجامی چاوەڕوان نەكراو .
بەكارهێنانی بەردەوامی ئەم دەرمانە پێدەچێت ببێتە هۆی نەخۆشی پێست لەدەوروبەری لوت و لێو. هەروەها بەكارهێنەرانی بەردەوام لەشیان لەگەڵیدا ڕادێت و هەڵمژینی نایتریت ئەو ئەنجامەی پێشو نادات بەدەستەوەو پێویستییان بە بڕی زیاترە بۆ بەدەستهێنانی. بەكارهێنانی بەردەوامی پێدەچێت ببێتە هۆی خوگرییەكی سایكۆلۆژی بە دەرمانەكەوە بەڵام هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستدا نییە كە ببێتە هۆی ئالودەگی جەستەیی و نیشانەكانی دوای كشانەوەو تەرككردن نەبینراون.
هەندێک كەس بەكارهێنانی نایتریتەكانیان بە هۆكاری جۆرێک شێرپەنجە لەقەڵەمداوە كە زۆر دەگمەنەو پێیدەڵێن Kaposis sarcoma :كە یەكێكە لە نیشانە سەرەتاییەكانی ئایدز لەو پیاوانەدا كە هاوسێكسن و تووشی ئایدز بوون. بەڵام لەگەڵئەوەشدا بەڵگەی ئەو پەیوەندییە تا ئێستا نەسەلمێنراوە[42].
لەلایەنی یاساییەوە ئەم دەرمانە تا ئێستا لە بەریتانیا بە دەرمانی نایاسایی ناوزەدنەكراوەو فرۆشتن و هەڵگرتنی كۆنترۆڵ نەكراوە. لەگەڵئەوەشدا بەپێی ئاژانسی كۆنترۆڵكردنی دەرمان و بەڕێوەبەرێتی یەكێتی ئەوروپا هەر مادەیەک كە بفرۆشرێت و كاریگەری سایكۆلۆژی یان ڕەفتاری هەبێت لەسەر خەڵک پێویستە وەک دەرمان مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت و یاسای كۆنترۆڵكردنی دەرمان بیگرێتەوە بەبێ گوێدانە شێوەی فرۆشتنی .
٥.كافاین :Caffeine كافاین دەرمانێكە لە چا، قاوە، Cocoa، گەڵێک خواردنەوەی سوكی وەک كۆلاو گەلێک چۆكلێتدا دەبینرێتەوە. هەروەها لەگەلێک دەرمانیشدا بەكاردێت بەتایبەتی ئەو دەرمانانەی كە بۆ چارەسەركردنی سەرمابوون بەكاردێن. كافاین دەكرێت بەشێوەیەكی دەستكرد لە تاقیگەكاندا دروستبكرێت بەڵام بەشێوەیەكی گشتی لە دەوەنی قاوەی عەرەبی، گیای چای بازرگانی ، دەنكی Cocoa و بەری كۆلا دەردەهێنرێت. قاوە لەگەڵێک شوێنی ئەم جیهانە دەڕوێت وەک ئەفریكا، نیمچە دورگەی عەرەب، ئەمریكای ناوەند و باشور، جاوەو سامارتا و ناوچە هیندییە خۆرئاواییەكان (ئەمریكا). چا بەشێوەیەكی سەرەكی لە خۆرهەلاتی ئاسیاو ئەمریكای باشور دەڕوێت بەتایبەتی هیند، چین، ئەندەنوسیا، سریلانكاو یابان. زۆربەی Cocoa ی جیهان لە خۆرئاوای ئەفریكا بەرهەمدێت .
وەک پێشتر باسكرا چا مێژوویەكی دێرینی هەیە بەڵام قاوە نوێترە .
كافاین كە لەهەموو ئەو بەرهەمانەدا دەبینرێتەوە وریاكەرەوەیە و لەش گورجوگۆڵ دەكاتەوەو لێدانی دڵ زیاد دەكات و پەستانی خوێنیش بەرز دەكاتەوە. ماندویەتی دەحەوێنێتەوەو خەواڵویی دەزرێنێت و وا لە خەڵک دەكات زیاتر ووشیار بن و باشتر مێشكیان چەقبەستێت. خەڵكانێكی زۆر لە سەرتاسەری جیهاندا بەیانیان كوپێک چا یان قاوە دەخۆنەوە بۆ ئەوەی بكەونە گەڕ! هەروەها خەڵک چاو قاوە دەخۆنەوە بۆ ئەوەی بحەوێنەوە دوای كاركردن. كافاین یارمەتی میزكردنی زیاتریش دەدات . ئەگەر بەبڕی زۆر بخورێتەوە دەبێتە هۆی سەریەشەو پەشێوی .

[42] Ibid

ئەو کەسانەی کە لە ڕۆژێکدا زیاتر لە ٦-٨ کوپ چاو قاوە دەخۆنەوە بە خەستییەکی مامناوەندی خوی پێوەدەگرن. لەوانەی زۆر سەخت بێت بۆیان وازی لێبهێنن و کاتێک نەیخۆنەوە هەست بە ئاسەوارەکانی پاشکشەو تەرککردن دەکەن. ئەمەش هەست بە ماندویی کردن و دڵەڕاوکێ و سەریەشە دەگرێتەوە .
ئەو توێژینەوانەی کە لەسەر کافاین کراون یەکلاکەرەوە نین. هەندێک لە لێکۆڵینەوەکان کاریگەرییەکانی بە خراپ باسدەکەن و هەندێکی دیکەشیان بە شێوەیەکی هێواشتر. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک ڕاپۆرت ئەوەیان دەرخستووە کە ئەگەری توشبوون بە ڕەبوو، زامداربوونی گەدە زیاد دەکات و دەبێتە هۆی توشبوونی زیاتر بە نەخۆشییەکانی گورچیلە، میزەڵان وە نەخۆشییەکانی دڵ و کێشەکانی زیادبوونی فشاری خوێن.
مەترسی کافاین بۆ منداڵ گەلێک زیاترە. منداڵان لە زۆر وڵات هەر لە منداڵییەوە چاو قاوەیان دەدەنێ زۆر جار وەک یارمەتیدەرێک بۆ تێربوون لەکاتی کەمی شیردا. ئەم دیاردەیە لە وڵاتە هەژارەکاندا زۆر بڵاوە. لە وڵاتە پیشەسازییەکانیشدا منداڵان بڕێکی زۆر کافاین وەردەگرن لە چوکلێت و خواردنەوە گازییەکاندا؛ ئەو منداڵانەی کە بڕێکی زۆر کافاین دەخۆن زۆر بزێوو نائارام دەبینرێن. ئەو منداڵەی کە قوتویەک کۆکا کۆلا دەخواتەوە ئەوەندەی گەورەیەک کە چوار کوپ قاوەی خواردۆتەوە کافاینی وەرگرتووە[43].
کوپێک چای ئاسایی (بەپێوەری ئەوروپییەکان) ٤٠ میلیگرام کافاینی تێدایە بەڵام کوپێک قاوە ٦٠ ملگم کافاینی تێدایە. دیارە ئەوەش بەپێی خەستی و ڕوونی و ڕادەی کوڵاندنیان زۆر دەگۆڕێت .
گەلێک جۆر قاوەو چا هەیەو لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا بەگەلێک شێوەی لێکجیاواز دەخورێنەوە. لە کوردستان ئەوەی کە لەمێژەوە بووە بەبەشێک لە کولتورو ژیانی ڕۆژانەو کۆڕی شەوانە ئەو جۆرە چایەیە کە بە چای ڕەش ناسراوە. لە هەندێک ناوچە زۆر بە خەستی دەخورێتەوە (بەتایبەتی لە گوندەکاندا) و زۆریش دەکوڵێت. پیاوان، بەتایبەت دوای ڕۆژی کاری گران و لەکاتی کارکردنیشدا بڕێکی زۆر چا دەخۆنەوە. دیارە ئەمەش بێجگە لە هۆکارە سەرەکییەکانی ڕۆڵی کافاین لە ووریاکردنەوەو چالاککردنیاندا هۆکاری ئابوریشی هەیە؛ وەک تاکە شلەمەنییەک کە لەبەردەستدا بێت، بەهۆی گرانی و کەمی جۆرەکانی دیکەی خواردنەوەی ئاوی میوەو شەربەت وەکو جێگرەوەیەک بۆ ئەو ئاوەی کە بەردەوام لەلەشیان دەردەچێت. لەزۆربەی کوردستاندا خەڵکانێکی ئەوتۆ دەبینین کە ئەگەر ڕۆژێک چا نەخۆنەوە هەست بە هەموو ئاسەوارەکانی پاشەکشەو داهێزران دەکەن و ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کافاین بۆ ئەو جۆرە کەسانە بووە بە خووگری و تەنانەت دەتوانیین بڵێین ئالودەگیش.
کافاین وەک دەرمانێکی کۆنترۆڵکراو نەناسراوەو یاسا هیچ جۆرە سنورێکی بۆ دانەناوە لەشێوەی چاو قاوەو چۆکلێت و خواردنەوە گازییەکاندا بەڵام ئەو دەرمانە پزیشکیانەی کە کافاینیان تێدایە بەبێ مۆڵەتی پزیشک نافرۆشرێن. پزیشک و شارەزایانی تەندروستی هۆشداری دەدەن لەسەر مەترسییەکانی زۆر بەکارهێنانی کافاین و ئامۆژگاری خەڵکی دەکەن بۆ سنوردانان بۆی.
ئەو چا یان قاوەیەی کە دەیخۆینەوە نەهێڵین زۆر بکوڵێت یان تەواو قوڵپ بدات و خۆمان وا ڕابهێنین کە ڕوونتر بیخۆینەوەو ئەگەر بگونجێت لەگەڵ شیردا تێکەڵی بکەین (وەک خۆرئاواییەکان) و لە شەوو ڕۆژێکیشدا نەگاتە ٦-٨ کوپ، پێدەچێت زۆر لەمەترسییەکانی کەمبکاتەوە. ئەوەندەی پەیوەندی بە منداڵانەوە هەیە، بەتایبەتی منداڵانی بچوک و ساوا، ئەوا باشترین ڕێگا فێرنەکردنیانە بۆڕێگرتن لە خوگری بە کافاینەوە و دواتریش لەتەمەنی گەورەتردا سنوردانان بۆی .

٦. جگەرە (توتن :Tobacco) (توتن گەڵای وشککراوەی ئەو گیایەیە کە لەگەڵێک شوێنی ئەم جیهانە دەڕوێنرێت. جگەرە زیاتر لە ٤٠٠٠ مادەی کیمیاوی تیدایە، بە مادەی ژاراوی وەک ئەمۆنیاشەوە، بەڵام تاوانباری سەرەکی لە جگەرەدا نیکۆتینە؛ ئەو دەرمانە ئالودەکەرە بەهێزە[44] .

[43] Drug Scope [online]
[44] Real News About Drugs and Your Body. [online]

وشەی توتن و نیکۆتین کە بە لاتینی پێیان دەوترێت nicotiana tabacum بەو ڕووەکە ووتراوە کە کۆلۆمبس لە گەشتەکەیدا بۆ ئەمریکا لەگەڵ خۆی هێنایەوە. ئیسپانییەکان پێیان ووت تەباکۆ Tabaco وە ئینگلیزەکان کردیان بە تۆباکۆ Tobacco و بەکوردیش پێیدەڵێن توتن یان وەک لەهەندێک ناوچەی کوردستان دەڵێن تۆماکۆ و عەرەبەکانیش پێی دەڵێن تبغ ئەگەرچی لە زمانی ئاخاوتندا هەر تتنە. بنچینەی ئەو وشەیە ڕوون نییە بەڵام پێدەچێت لە وشەی تەباگۆ Tabago داتاشرابێت کە ئەمریکییە ڕەسەنەکان بۆ دارجگەرەیەکی شێوەی پیتی Y ی بەکاریان هێناوە کە بۆ هەڵمژینی تۆزی توتن کەڵکیان لێوەرگرتووە.

لە ساڵی ١٦٠١دا توتن گەیشتە ئیمپراتۆریای عوسمانی و جگەرەکێشان بە خێرایی بڵاوبوەوە ئەگەرچی پیاوانی ئاینی ناڕازیی بوون[45] .لەساڵی ١٦٣٣ دا سولّتان موراد‌ی چوارەم بڕیاری لەسێدارەدانی دەرکرد بۆ جگەرەکێشەکان و واباسدەکرێت کە ڕۆژانە ١٨ کەس لەسێدارەدرابن ![46] پێدەچێت ئەو قەدەغەکردنە توندوتیژە هۆکاری سیاسی و ئابوری هەبووبێت و سولّتان بە مەترسییەکی زانیبێت بۆ کەمبوونەوەی دەسەڵاتی و زاڵبوونی کولتوری ئەوروپییەکان بەسەر هزری خەڵکیدا. لە ساڵی ١٦٤٧دا ئەو یاساخییە لەسەر توتن لابراو وەک ئیبراهیم پێسیڤی مێژوونوس دەڵێت: "بەمجۆرە جگەرەش چووە ڕیزی قاوەو مەی و تلیاکەوە وەک یەکێک لەو چوار گۆشەیەی کە لەسەر قەنەفەی ڕابواردن پاڵیانپێوەدراوە[47]".

ئێستاکە زانیارییەکی دروستم لەبەردەستدا نییە کە توتن و جگەرە کەی گەیشتونەتە کوردستان. ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە لەگەڵ پەرەسەندنی ئیمپریالیزمدا توتن لەلایەن ئەوروپییەکانەوە بە سەرتاسەری جیهاندا بڵاوبووەتەوە، بەڵام ئایا تورکەکان گەیاندویانەتە کوردستان یان ئینگلیزەکان یان کەسێکی دیکە؟ ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە لە کوردستاندا بەخێرایی بڵاوبووەتەوەو ژمارەیەکی زۆر خەڵک پێوەی گیرۆدە بوون. جگەرە لەو سەردەمەدا لەکوردستان لەدوای چا دووەم مادەیە کە لەلایەن جەماوەرێکی فراوانەوە قبوڵبکرێت و نە ئاین و نە کولتور نەبنە هیچ بەرگرێک لەبەردەمیدا کە هیچ نەبێت سنورداری بکەنەوە. شایانی باسە کە هەندێک لە لایەنە ئیسلامییەکان لەمدواییەدا بانگەشەی بە حەرامناساندنی جگەرەیان کردو و لەنێو کوڕو کۆمەڵانی خەڵکیشدا ڕادەی قبوڵکردنی زۆر دابەزیوە. نابێت ئەوەشمان لەبیربچێت کە تا ساڵانی ١٩٦٠ەکان لە ئەوروپاش هیچ جۆرە مەترسییەکی تەندروستی جگەرە نەزانرابوو، بەڵکو بەپێچەوانەوە جگەرە بە هۆکارێکی تەندروستی باش و حەوانەوە ناسرابوو وەرزشەوانە بەنێوبانگەکان بانگەشیان بۆ دەکرد[48].

توتن بەگەلێک شێوە بەکاردێت: وەک جگەرەی پێچراوە دەکێشرێت، لەنێوسەبیل (قەنە Pipe (دا، بە دارجگەرە، لەشێوەی سیگاردا دەپێچرێتەوە، لەڕێگای نێرگەلەوە دەکێشرێت، لەهەندێک شوێن لەڕێگای لوتەوە هەڵدەمژرێت و هەروەها گەلاکانی بەتەڕی دەجورێت .[49] سەرباری ئەو ڕێگایانەش لەگەڵ کانەبیس (حەشیش) تێکەڵی دەکەن و پێکەوە دەیانکێشن .

بەگوێرەی ئاماری ساڵی ٢٠٠١ لە ئینگلتەرە ٢٧% ی ئەو کەسە پێگەیشتوانەی کە تەمەنیان لە ١٦ ساڵ بەرەو ژوورە جگەریان کێشاوە؛ ٢٨% پیاوبوون و ٢٥% ژن. بەپێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٢ ١٠% ی ئەو منالانەی کەتەمەنیان لە نێوان ١١-١٥ ساڵاندایە جگەرەیان کێشاوە بەبەردەوامی؛ ٩% کوڕ بوون و ١١% کچ. لە ساڵی ١٩٩٥ دا زیاتر لە ١٢٠٠٠٠ کەس بەهۆی جگەرەوە مردون، کە دەکاتە یەک لەسەر پێنجی هەموو مردووەکان. لە ساڵی ٢٠٠٢-٢٠٠٣ دا لە UK 54737 ملیۆن جگەرە کەوتۆتە بازاڕەوە بۆ بەکارهێنان؛ ٤٨٦٠٦ ملیۆنی بەرهەمی ناوخۆ بووەو ٦١٣٢ ملیۆنیشی هاوردە بووە لە دەرەوە .[50] ئەمە بێجگە لەو بڕە جگەرەیەی کە بە قاچاخ دێتە نێو وڵاتەوە .

---

[45] History Net- The History of Tobacco part 1 (to 1676) [online]
[46] Ibid
[47] Ibid
[48] Drug Scope [online]
[49] Stop Drugs. Org- Tobacco [online]
[50] Drug Scope [online]

جگەرەکێشان دەبێتە هۆی هەڵمژینی قەترانTar ، نیکۆتین، کاربۆن مۆنۆکساید و چەندەها گازی دیکە. نیکۆتین دەرمانێکی وریاکەرەوەیە کە دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕادەی لێدانی دڵ و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن. ئەوانەی کە بەبەردەوامی جگەرە دەکێشن وا هەستدەکەن کە جگەرە خەم و خەفەت بەبادەداو دڵەڕاوکێ و فشاری ژیان لەبیردەباتەوە و چەقبەستنی مێشک باشتر دەکات و بێزاری ناهێڵێت. هەندێک کەس دەڵێن ئارەزووی خواردنیان کەمدەکاتەوە. ئەوانەی کە بۆ یەکەمینجار جگەرە دەکێشن بەزۆری هەست بە بێتاقەتی و سەرگێژخواردن دەکەن و تووشی سەریەشە دەبن .

لەش بەزوویی لەگەڵ نیکۆتین ڕادێت و بەمجۆرە بەردەوام پێویستت بەبڕی زیاترە بۆ ئەوەی وەک پێشوو کاریگەربێت. زۆربەی ئەوانەی کە جگەرەکێشن ئالودەی دەبن و هەست بە بێئارامی و بێتاقەتی دەکەن ئەگەر بیانەوێت وازیلێبهێنن. لەوانەی کە جگەرە کێشن خەڵکانێکی کەم هەن کە دەتوانن هەر جاروبار جگەرە بکێشن و ڕۆژانە ژمارەیەکی دیاریکراو بکێشن یان هەر نەیکێشن.

خوگری بە جگەرەکێشانەوە تەنها مشتێکە لە خەرواری ئەو مەترسیانەی کە بەهۆی جگەرەکێشانەوە توشمان دەبن. کاتێک ئەو دوکەڵە هەڵدەمژیت بەخۆی و هەموو ئەو مادە کیمیاوییانەوە کە هەڵیگرتووە، لەلایەن سییەکانەوە هەڵدەمژرێت و بەخێرایی دەچێتە نێو سوڕی خوێنەوە، کاتێک دەکەونە نێو ئەو سوڕەوە لە دڵتەوە بۆ مێشکت و سەرتاپای لەشت دەگوێزرێنەوە. سییەکانت پڕدەبن لە پاشماوەی مادەی کیمیاوی. جگەرەکێشانی بەردەوام و بۆ ماوەی دورودرێژ ئەگەری مەترسی تووشبوون بە چەندەها نەخۆشی کوشندە زیاددەکات وەک شێرپەنجەی سی و جۆرەکانی دیکەی شێرپەنجە، نەخۆشییەکانی دڵ، نەخۆشی ڕێچکەکانی هەوا Bronchitis ، خراپی سوڕی خوێن و زامداربوونی گەدە. ساڵانە تەنها لە UK دا ١٢٠٠٠٠ کەس دەمرن بەهۆی ئەو نەخۆشییانەوە کە بەهۆی جگەرەوە توشیدەبن[51] .

لەگەڵ هەر مژدانێک لە جگەرەکەت نیکۆتین دەستێک دەوەشێنێت لە شێوەی کارکردنی مێشکت. هەوەکو هیرۆین و کۆکاین، نیکۆتین ڕژانی مادەیەکی کیمیاوی دەوروژێنێت کە پێیدەڵێن دۆپامین، کە دەکەوێتە ئەو شوێنانەی مێشکەوە کە پەیوەندییان بە هەڵسوکەوتی خوگری و ئالودەگییەوە هەیە. بێگومان ئەوەی کەسێکی جگەرەکێش وەری دەگرێت ئەوەندەی ئەوە نییە کە لە دەرمانەکانی وەک هیرۆین و کۆکاینەوە وەردەگیرێت، بەڵام وریابە و مەکەوەرە هەڵەوە: نیکۆتین دەرمانەو کار لەمێشکت دەکات[52].

توێژینەوەکان ئەوەیان دەرخستووە کە نیکۆتین بەشێوەیەکی تایبەت بۆ گەشەکردنی دڵ، سییەکان و مێشکی هەرزەکاران زیانبەخشەو هەتا گەنجتربی کە دەستدەدەیتە جگەرکێشان ئەگەری توشبوونت زیاترە بە نەخۆشییە کوژەرەکان. دوکتۆر سیندی ماینەر سەرۆکی بەشی بڕیاردانی پەیمانگای نیشتمانی لەمەڕ خراپ بەکارهێنانی دەرمان NIDA لە ئەمریکا دەڵێت:

"تا گەنجتربی کاتێک ئالودە دەبی مانای ئەوەیە جگەرەی زیاتر دەکێشیت لە ژیانتدا. تا جگەرەی زیاتریش بکێشیت... چاکە ، ئێمە دەزانین ئەوە بەرەو کوێت دەبات[53] ".

ئەو ژنانەی کە لەکاتی سکپڕیدا جگەرە دەکێشن پێدەچێت منالی کێشسوکتریان ببێت لە ڕادەی ئاسایی. بێجگە لەوەش جگەرەکێشان لەکاتی خواردنی حەبی بەرگرتن لە سکپڕی ئەگەری نەخۆشییەکانی دڵ و سوڕی خوێن زیاد دەکات .

لەڕاستیدا هیچ بیانویەکی تەندروستی نییە بۆ جگەرەکێشان و جگەرە هیچ سودێکی تەندروستی تێدا نییە. جگەرەکێشان بەهەرشێوەیەک بێت هەرزیانی خۆی هەیەو ئەوانەی کە لەوباوەڕەدان نێرگەلە Hookah بێزیانە پێدەچێت کەوتبنە هەڵەوە. نێرگەلە ئامێرێکی جگەرەکێشانە کە لەوێدا توتنەکە بەهۆی خەڵوزەوە گەرمدەکرێت و دەسوتێنرێت و دوکەڵەکەی بەنێو بۆرییەکدا تێدەپەڕێت بەرەو نێو خانەیەکی پڕ لە ئاو، بەمجۆرە دوکەڵەکە سارد دەبێتەوە بەر لەوەی بگاتە جگەرە کێشەکە. هەندێک لە بەکارهێنەرانی نێرگەلە لەو باوەڕەدان کە دوکەڵی نێرگەلە

---

[51] Drug Scope [online]
[52] Real News About Drugs and Your Body [online]
[53] Real news About Drugs and Your Body [online]

پالاوتەو خاوێنەو یان لانی کەم کەمتر قەتران و نیکۆتینی تێدایە و بەمجۆرە مەترسییە ناسراوەکانی جگەرەکێشانی سرپوەتەوە یان کەمکردۆتەوە. نێرگەلە سەدان ساڵ لەمەوبەر لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەندەا بەکارهاتووە بەتایبەتی لەلایەن پیاوانەوە لە چایخانەکاندا. ئەم دیاردەیە لە وڵاتە عەرەبییەکاندا زۆر برەوی هەبوو. چەند دەیەیەک لەمەوبەر ئەو دیاردەیە زۆر کەمبووەو تەنانەت بەرەو نەمانیش دەچوو؛ تەنها پیرەکان بەکاریان دەهێنا لە چایخانە کۆن و لاکۆلانەکاندا. لە کۆتایی ساڵانی ١٩٩٠ەکاندا دیاردەی نێرگەلە جارێکی دیکە هاتەوە مەیدان و ئەمجارە چینی گەنجان و چینە ناوەندەکانی گرتەوەو بەرەو ئەوروپاو ئەمریکاش کشا، بەتایبەتی لەنێو عەرەبەکانی تاراوگەدا. ئەم دیاردەیە کوردستانی خۆمانیشی لێبێبەش نەبوو بەڵکو بە خێرایی بڵاوبوەوە نەک هەر لە نیشتمان بەڵکو لەنێو کوردەکانی تاراوگەشدا.

لەکاتێکدا کە ئەو دیاردەیە لە ئەمریکا برەوی سەند لیژنەیەک لە زانکۆکانی ڤێرجینیا، خوێندنگای پزیشکی ئەلیپۆو زانکۆی مێمفیس پێکهێنرا بۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییەکانی لەسەر مرۆڤ. لیژنەکە ڕوی کردە سوریاو لەوێ ڕوپێوی خۆیان دەستپێکرد لەسەر بەکارهێنەرانی نێرگەلە .

دوکتۆر تۆماس ئایسنبێرگ کە یەکێک بوو لە نوسەرانی ئەو لێکۆڵینەوەیە بەم جۆرە هاتە پەیڤین:

"نێرگەلە پێدەچێت پەیوەندی هەبێت بە مەترسی جیدی تەندروستییەوە، ئێمە هێشتا لەسەرەتای کۆکردنەوەی زانیاریداین لەوبارەیەوە." هەروەها ئایسنبێرگ دەڵێت :

"لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان لەسەر نێرگەلە ئەوەدەردەخەن کە ئەو ئامێرە ڕادەی مەترسییەکانی کاربۆن دایۆکساید و نیکۆتین بەرزدەکاتەوەو لێدانی دڵ خێراتر دەکات و ئەگەری توشبوون بە نەخۆشییەکانی بۆرییەکانی خوێن لەدڵدا زیاد دەکات و دەبێتە هۆی چەندەها جۆر شێرپەنجە. نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کە نێرگەلە تەنها هۆکارێکی دیکەی جگەرەکێشانەو هیچیتر، ئەزمونەکانی ڕابوردوو فێریانکردووین کە پشتگوێخستنی کاریگەرییە تەندروستییەکانی بەکارهێنانی بەرهەمەکانی توتن دەتوانێت ببێتە هۆی قەومانی کارەساتێکی تەندروستی جەماوەری کە پێدەچێت لەکاتی خۆیدا بکرایە بەریلێبگیرێت " [54]

شایانی باسە بەکارهێنانی نێرگەلە نەک هەر ناتوانێت بەر لە نیکۆتین و قەتران بگرێت، چونکە ئەو مادانە بە نێو ئاودا گوزەر دەکەن بەڵکو خێراتریش دەیانگەیەنێتە مێشک بەهۆی مژی بەهێزەوەو مەترسی کاربۆن مۆنۆکسایدی خەڵوزەکەش نەک هەر بۆ ئەوکەسە زیاد دەکات کە دەیکێشێت بەڵکو بۆ ئەوانەش کە لەو شوێنەدا دەژین. لەلایەکی دیکەشەوە بەکارهێنانی نێرگەلە ئەگەری تێکەڵاوکردنی دەرمان و مادە سڕکەرەکانی دیکە زیاتر دەکات و مەترسی تێکەڵاوکردنی چەند مادەیەکیش زیاد دەکات کە پێکەوە پێدەچێت بەرهەمێکی زۆر ترسناک پێکبهێنن.

ئەو وێنەیەی خوارەوە تەندروستی لەشی کەسێکی جگەرەکێش و کەسێکی ئاسایی بەرانبەردەکات :

[54] Medical Research news- News Medical.net (2004) [online]



توێژینەوە نوێکان ئەوەیان دەرخستووە کە جگەرەکێشان زیانێکی زۆر دەگەیەنێت بەو کەسانەی کە جگەرە ناکێشن بەڵام هەمان هەوای پڕدوکەڵ هەڵدەمژن. ئێستاکە بەتەواوی لە بەڵگەی نوسراودا سەلماوە کە جەماوەرێکی فراوان دەکەونە بەر مەترسی کاریگەرییەکانی جگەرەکێشانی ناڕاستەوخۆ، کە لە حەساسییەتەکانی کۆئەندامی هەناسەدانەوە بیگرە تا دەگاتە هەوکردن و ڕەبوو (بەتایبەتی لە مناڵدا) و تادەگاتە شێرپەنجە هەمووی دەگرێتەوە.

بەگوێرەی ئاماری هەڵوێست بەرانبەر جگەرە کێشان و تەندروستی (ASH) UK ساڵانە نزیکەی ٦٠٠ کەس لەوانەی کە بەهۆی شێرپەنجەی سییەکانەوە دەمرن و هەروەها دەوروبەری ١٢٠٠٠ کەس کە بەهۆی نەخۆشییەکانی دڵەوە دەمرن و هەموویشیان لەوانەن کە جگەرە ناکێشن، پێدەچێت هۆکاری توشبوونەکانیان بەو نەخۆشیانە هەڵمژینی ناڕاستەوخۆی دوکەڵی جگەرە بێت[55] .

ئەو مەترسیانە بوونە هۆی قدەغەکردنی جگەرەکێشان لە شوێنە گشتییەکاندا لە زۆر شوێن وەک لە ئیرلەندا، نەرویج، نیوزیلەند و سوید کە ئەو قەدەغەکردنە خواردنگاو باڕەکانیش دەگرێتەوە شایانی باسە ئەم پرۆسەیە نوێیەو لە ساڵی ٢٠٠٤دا خراوەتەگەڕ. لە UK سەرۆکانی هەر ١٣ کۆلێژە پزیشکییە شاهانەکان و جەماوەرو ڕێکخراوی زۆر پێشنیاری قۆرخکردنێکی هاوشێوەی ئەو وڵاتانەیان کردووە بەڵام تا ئێستا نەبووەتە یاسا. هەڵمژینی دوکەڵی جگەرەی خەڵکانی دیکە جگەرەکێشانێکی نائارەزومەندانەو ناشارستانیانەیە و نەک هەر یاسا بەڵکو خەڵکی کۆمەڵگای مەدەنی خۆیان پێویستە بیرێکی لێبکەنەوە.

لەکوردستان جاران جگەرەکێشان لە کۆڕو کۆبوونەوەی خێزانی و بۆنەو ئاهەنگ و دیدارە شادو ماتەمینییەکان و نێو پاس و دوکان و بازاڕەکان زۆر شتێکی ئاسای بوو. لە بۆنەو جەژنەکاندا تەنانەت ڕێگا بە مناڵانیش دەدرا وەکو پیاوان جگەرەبکێشن. هەڵوێست لە کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا زۆر گۆڕانکاری بەسەردا هات و چەندەها دەنگ بەرزبوەوە بەرانبەر هەڵمژینی دوکەڵی جگەرەی نائارەزوومەندانەی خەڵکانی دیکە. چیتر لە پرسەو جەژنەکاندا پێشکەش بە میوان ناکرێت و ئەوەندەی من ئاگادارم ئێستا لە نێو پاس و شوێنە گشتییەکانیشدا زۆر کەمبوەتەوە بەبەرانبەرکردن لەگەڵ جاراندا. ئەو ڕێگایەی کە خەڵک خۆیان یاساو ڕێسای ژیان بۆ خۆیان دەستنیشان بکەن، لەکوردستاندا لە زۆر بواردا گەشەی کردووە؛ بەپێ زانستی کریمینۆلۆجی سەردەمیش باشترین ڕێگایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوان و دیاردە ناکۆمەڵایەتیەکان .

لەلایەنی یاساییەوە لە UK قەدەغەنییە جگەرە بکڕیت یان پێت بێت یان بیکێشیت. فرۆشتنی جگەرە بە مناڵانی تەمەن لە ١٦ ساڵ کەمتر تاوانە. لە ساڵی ١٩٩١ دا ئەوپەڕی سەرانەی کەسێک کە جگەرە بە لە ١٦ ساڵ

---

[55] ASH-Action On Smoking and Health, Basic Facts One, January 2003.

کەمترەکان بفرۆشێت لە ٤٠٠ پاوەندەوە کرا بە ٢٥٠٠ پاوەند. لە ساڵی ٢٠٠٣ یشەوە ڕیکلامکردن بۆ جگەرەو هاندانی خەڵک بۆی لە UK قۆرخکرا .

٧. قات : Khat قات دەوەنێکی گەڵا سەوزە، ناوە زانستییەکەی Catha edulis و گەڵاکانی بەدرێژایی چەندەها سەدە لەلایەن ئەو نەتەوانەوە دەجورێت کە لە پشتێنەی ئەفریکی و نیمچەدورگەی عەرەبیدا دەژین. لەمدواییانەدا گەیشتە ئەوروپا و هەروەها UK بەتایبەتی لەنێو کۆچکەران و پەناهێندەکانی وڵاتانی وەک سۆماڵ، ئیسیوپیا و یەمەن. قات بەگەلێک ناو ناسراوە وەک: جات، کات، خات، چات، چای ئەبوسیناو زەڵاتەی ئەفریکی .

قات دوو پێکهاتەی چالاکی هەیە cathinone و cathine ؛ cathinone مادەیەکی کیمیاوییەو لە جۆری Schedule 1 بەپێی پێوەری کۆنترۆڵکردنی دەرمانە نایاساییەکانی ئەمریکا وکاریگەرییەکی وەک کاریگەری ئەمفیتامین دروستدەکات لەسەر کۆئەندامی ناوەندی دەمارو ووریای دەکاتەوە. کاریگەری ئەم مادەیە دوای ٤٨ کاتژمێر لە لێکردنەوەی گەڵاکان دەستدەکات بە کەمبوونەوە، بەڵام ئەگەر لە بەفرگر یان بەستەردا هەڵبگیرێت بۆ ماوەیەکی زۆرتر دەمێنێتەوە. Cathine لە جۆری Schedule IV بەپێی پێوەری ئەمریکی و کاریگەرییەکی زۆر کەمتری هەیە لە cathinone بەڵام دوای برین و لێکردنەوە کاریگەرییەکەی لەدەست نادات[56] .

قات لە کێڵگەکانیدا دەبڕرێت و چەپک چەپک دەبەسترێت و بێجگە لەوەی کە لەناوخۆی ئەو وڵاتانەدا برێکی ئێجگار زۆری لێبەکاردێت بەئاشکراو بەرێگای هەوایی ڕەوانەی زۆر وڵات دەکرێت کە یەکێکیان بەریتانیایە. لە ناوچەی خۆرهەڵاتی لەندەن لە دوکانی سەوزەو میوەکاندا بە تەڕوتازەیی دەفرۆشرێت چەپکی بە ٤ پاوەند![٥٧]

قات ئەگەر بە تەڕی بجورێت کاریگەری زیاترە ئەگەرچی دەشکرێت بە چاو جۆرە بنێشتێک و تەنانەت ووشکدەکرێتەوەو دەکێشرێت .

لە کەشکۆڵە عەرەبییەکانی سەدەی سیازدەدا باسی قات هاتووە. حەکیمەکان قاتیان بۆ چارەسەری خەمۆکی و بێتاقەتی و بێهێزی بەکارهێناوە. لەبەرئەوەی کاریگەرییەکی وورياکەرەوەی هەیە، وەرزێرەکان بەکاریان هێناوە بۆ ئەوەی ووزەیان بداتێ بۆ کارکردنی سەخت و دووردرێژ. لە زۆر لە وڵاتە موسوڵمانەکاندا، چونکە ئەلکهول بەتەواوی قەدەغەیە، بەشێوەیەکی گشتی قات لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردێت، ئەگەرچی لەسەر بناغەی ئاینی و کولتوری زۆر جار قات سەرکۆنە دەکرێت و لە ئاینی ئیسلامدا زانیاری ڕێگەپێدان یان حەرامکردنی بەدەستەوە نییە. ئێستاکە لەسەرتاسەری جیهاندا چەندەها ملیۆن کەس قات بەکار دەهێنن. بەرهەمهێنانی قات کۆڵەکەیەکی گرنگی ئابوری وڵاتە بەرهەمهێنەکانە وەک سۆماڵ و یەمەن. هەروەها لە وڵاتانی دیکەی وەک کینیاو ئەسیوپیاشدا بۆ هەناردن بەرهەم دەهێنرێت. لە گەلێک وڵاتی ئیسلامیدا قات وەک جێگرەوەی ئەلکهول و هەروەها وەک یارمەتیدەرێکیش بۆ توانای بەرەنگاری برسێتی و ماندویەتی مانگی ڕەمەزان بەکارهاتووە. ڕاپۆرتەکان وادەگەیەنن کە لە یەمەن لە هەر چوار پیاوە یەکێکیان قات بەکاردەهێنێت و لە ڕێژەی ٤٠%ی بوجەی خێزانەکە زیاتر دەبات[58] .

چونکە قات دەرمانێکی وورياکەرەوەیە جوونی دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو کەسە وورياو زیتەڵەو زیاتر چەنەباز بێت و ئارەزوی خواردنیشی کەمدەکاتەوە. بەکارهێنەرانی دەڵێن کاریگەرییەکی هێمنکەرەوەی هەیە ئەگەر لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا بەکار بێت. بەکارهێنانی بەردەوامی دەبێتە هۆی بێخەوی Insomnia و دڵەڕاوکەو Anorexia(تێکچونی ئارەزووی خواردن) . لە هەندێک باردا خەڵکی زیاتر هەستدار و توڕە دەکات و پێدەچێت ببێتە هۆی کاری توندوتیژی. بەکارهێنانی بەبەردەوامی دەبێتە هۆی خوگری سایکۆلۆژی و بەوجۆرە بەکارهێنەران بێتاقەت و بێزاردەبن ئەگەر بەردەوام نەبن لەسەری .

---

[56] Drug Intelligence Brief –Khat, June 2002- US Drug Enforcement Administration [online]
[57] Drug Scope [online]
[58] Drug Intelligence Brief –Khat, June 2002- US Drug Enforcement Administration [online]

لە بەریتانیا بەکارهێنەرانی بەردەوامی لەنێو پەنابەرە سۆماڵییەکاندا بووەتە جێگای سەرنج و پێویستە ئەو مەسەلەیە بەهەند وەربگیرێت[59].

لەلایەنی یاساییەوە قات لە ئەمریکا بەتەواوی قەدەغەیەو یاساغە. پەنابەرە یەمەنییەکانی نیشتەجێی بەریتانیا لە کۆنفرانسی ٢٠٠٣ی لەندەندا (کە خۆم ئامادە بووم) بانگەوازی ئەوەیاندەکرد کە لە UK هەروەک ئەمریکا قات قەدەغە بکرێت. بەڵام تا ئێستا لە بەریتانیا ئەوێ دەرمانە قەدەغە نەکراوە ئەگەرچی ئێستا لەژێر باس و لێکۆڵینەوەدایەو وا چاوەڕواندەکرێت کە لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا هەڵوێستی لێوەربگیرێت. لەگەڵئەوەشدا کە ڕووەکی قات خۆی لە UK قەدەغە نییە بەڵام ڕەگەزە چالاکەکانی cathinone وcathine به دەرمانی پۆلی C پۆلێنکراون. شایانی باسە بێجگە لە ئەمریکا لە کەنەدا، نەرویج و سویدیش ئەم دەرمانە قەدەغەیە .

هێمنکەرەوە یان کپکەرەوەکانDepressants

١.ئەلکهول :Alcohol وشەی ئەلکهول لە وشەی عەرەبی (الكحول) وە هاتووە. هەندێک سەرچاوە دەڵێن گوایە بناغەکەی دەگەڕێتەوە بۆ وشەی الغول کە مانای دێو یان بونەوەرێکی پەنهان دەگەیەنێت و بەرانبەر وشەی Spirit ی ئینگلیزی کە نزیکەی هەمان مانا دەگەیەنێت و بۆ خواردنەوە ئەلکهولییە بەهێزەکان بەکاردێت لە زۆر لە زمانە خۆرئاواییەکاندا .[60] وشەی الغول لە قورئانی پیرۆزدا لە سورەتی ٣٧ ئایەتی ٤٧ دا (الصافات) دا باسکراوە[٦١] لەوەسفی ئەو خواردنەوەیەدا کە لە بەهەشتدا پێشکەش دەکرێت و الغولی تێدانییە، بەڵام بەتەواوی ڕوون نییە کە ئەو الغولە ئەلکهولە یان نا هەرچەندە وشەی Spirit کە خۆرئاواییەکان بۆ خواردنەوە ئەلکهولییە بەهێزەکان بەکاریدەهێنن هەمان مانا دەبەخشێت و ئەگەری مەسەلەکە وەک وەرگێڕانێکی ئەو وشەیە زیاتردەکات. هەندێکی دیکە دەڵێن پێدەچێت لە (الكحل) وە هاتبێت کە کل دەگرێتەوە .[62] بەهەر جۆر بێت بەتەواوی بناغەی وشەکە ڕوون نییەو نازانرێت لەکوێوە هاتووە بەڵام پێدەچێت وشەی ئەلکحول لە سەردەمی عەباسییەکاندا شانبەشانی وشەکانی دیکەی وەک ئەلکیمی و ئەلجێبرا بەعەرەبی بڵاو بوبێتەوە کە لە بنەڕەتدا بەرهەمی ئەرک و ماندوبوون و شەونخونی هەموو زانا خۆرهەڵاتییەکانی ئەو سەردەمە بوون نەک تەنها عەرەبەکان؛ بەڵام زمانی نوسین عەرەبی بووە .

وەک پێشتر باسکرا مادەی ئەلکهول زۆر لە وشەی ئەلکهول (وەک ناو) کۆنترەو لە شارستانییە کۆنەکاندا ناسراوە ئێتر بەهەر ناوێکەوە بوبێت. گرنگ ئەوەیە مادەی ئیسانۆل Ethanol دەگرێتەوە کە لەگەڵ میسانۆل Methanol دوو جۆرە سەرەکییەکەی ئەلکهول پێکدەهێنن. دیارە گەلێک جۆری دیکەی ئەلکهول هەیە بەڵام پەیوەندییان بەبابەتی ئەم کتێبەوە نییە. لە خوارەوە پێکهاتە کیمیاوییەکانی ئەو دووانە ڕوونکراوەتەوە :





ethanol

ئەلکهول بێجگە لەمەبەستی خواردنەوەو مەستی لە پیشەسازیدا بۆ گەلێک مەبەست بەکاردێت. لەگەڵ ئەوەی کە گەلێک جۆر ئەلکهول هەیە ئیسیل ئەلکهول تاکە جۆرێکە کە دەخورێتەوە هەربۆیە بۆ مەبەستی ئەم کتێبە

[59] Drug Scope [online]
[60] Wikipedia encyclopaedia (2005) [online]
[61] Holy Quran [Online]
[62] Wikipedia encyclopaedia (2005) [online]

ئەلکهول واتە ئیسیل ئەلکهول. ئیسیل ئەلکهول یان ئیسانۆل شلەمەنییەکی ڕوونی بێڕەنگەو لە پێکهاتە کیمیاوییەکانی کاربۆن، هایدرۆجین و ئۆکسجین پێکهاتووەو هاوکێشە کیمیاوییەکەی بەمجۆرەیە : CB2BHB5BOH .

ئەلکهول دەکرێت بەشێوەیەکی دەستکرد لە لایەن کیمیاوییەکانەوە لە تاقیگەدا دروستبکرێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە ئەنجامی گەنینی میوەو سەوزەو دەغڵودانەوە بەرهەمدێت. بەمجۆرە مەی لە ترێ و بیرە لە جۆو چەندەها جۆری دیکە لە سێوو میوەهاتی تر بەرهەمدێن. .

ئەلکهول لەسەرتاسەری جیهاندا لەژێر هەزاران ناوبازرگانیدا دەفرۆشرێت بەڵام هەموویان هەر لەسەر بناغەی یەک مادە دروستدەکرێن کە ئەلکهولەو ئەوەی کە جیاوازە ڕێژەی ئەلکهولە بۆ تێکڕای شلەمەنییەکە.خواردنەوە ئەلکهولییەکان بەو پێوەرە بەهێزی و لاوازییان دەستنیشان دەکرێت و دیارە تا ئەلکهولی زیاتر بێت مەترسی زیاترە. بۆنمونە بوتڵێک ویسکی یان براندی یان جن ٤٠%ی ئالکهولەو بوتڵێک مەی (شەراب) ٢٠%ی ئەلکهولەو بوتڵێک شەرابی سەرمێزی مامناوەندی ١١% ی ئەلکهولەو بوتڵێک بیرە ٤% ئەلکهولە .[63] بەرزترین ڕادەی ئەلکهول لەلایەن کۆمپانیایەکی ئێستوانییەوە تۆمارکراوە کە لە سەردەمی سەربەخۆیی ئیستوانیادا لەنێوان دوو جەنگە جیهانییەکەدا توانیویانە ٩٨% ئەلکهول لە پەتاتە دەربهێن! [64] بێگومان پێکهاتەی خواردنەوەکان لە کۆمپانییەکەوە بۆ کۆمپانیایەکی دیکە دەگۆڕێن و بیرەی وا هەیە لە بازڕا کە ڕێژەیەکی زۆر زیاتر ئەلکهولی تێدایە. ئەوەی کە لە عێراقدا دروستدەکرێت و بە عەرەقی عێراقی ناسراوە لە ڕیزی پێشەوەی خواردنەوە ئەلکهولییەکاندایەو ڕێژەیەکی بەرز ئەلکهولی تێدایە کە ٤٥% ە بەڵام عەرەقی سوریی لەوەش بەهێزترەو ڕێژەی ئەلکهولەکەی دەکاتە ٥٣ !%

ئەو باق و بریقەی کە کۆمپانیاکان دەیدەن بە ناوو مارکە بازرگانییەکان هیچ لە مەسەلەی مەترسییەکان کەم ناکاتەوە بەڵام ئاشکرایە ئەو خواردنەوانەی کە پێیان دەڵێن (فەل) مەترسییان زیاترە لەبەر نەبوونی هیچ جۆرە کۆنترۆڵێکی جۆر لەسەریان و دڵنیانەبوون لە پوختەییان و ڕادەی ئەو ئەلکهولەی کە تێیاندایە.

خواردنەوەی ئەلکهول، هەروەک پێشتر باسکرا بەشێکە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکانێکی زۆر لە جیهانداو بەتایبەتیش لە وڵاتە پیشەسازییەکاندا. بۆ نمونە بەپێی ئاماریساڵی ١٩٩٨ ٩٥% دانیشتوانی شانشینی یەکگرتوو ئەلکهول دەخۆنەوە[65] .

ئەلکهول لەگەڵ ئەوەی کە قەدەغە نییە بە شێوەیەکی فراوانیش ڕیکلامی بۆ دەکرێت (بەڵام بەکارهێنانی منداڵان بۆ ئەو مەبەستە قەدەغەیە) بە پێچەوانەی جگەرەوە کە ئێستا ڕیکلام بۆ کردنی لە تەلەفیزۆن و هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی گشتیدا لەزۆر شوێن قەدەغەیە و یاساخە .

لە وڵاتە تازەپێگەیشتوەکانیشدا لەنێو چینی ناوەندو ئەنتلیجسیادا زۆر برەوی هەیەو زیاتر وەک دیاردەیەکی خۆرئاواییانەو پێشکەوتوو کەشخەو دەوڵەمەندانە چاویلێدەکرێت .

هۆکارەکانی خواردنەوەی ئەلکهول زۆرن و جۆراوجۆرن و زۆریان لە شوێنی جیاجیای ئەم کتێبەدا ئاماژەیان بۆکراوە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە خەڵکی تەنها کاریگەرییە هەنوکەییەکانی ئەلکهول دەبینن و کەمتر ئاگاداری کاریگەرییە درێژخایەنەکانی ئەو دەرمانەن. ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە لە خۆرئاواش دەمێکە نییە مەترسییەکانی ئەلکهول بەو شێوەیەی ئێستای بووەتە جێگای سەرنجی شارەزایان.

لە ١٥ی مارتی ٢٠٠٥دا کەناڵی تەلەفیزیۆنی BBC ی بەریتانی ڕایگەیاند کە ژمارەی ئەو نەخۆشانەی کە دێنە نەخۆشخانە بەهۆی نەخۆشی جگەری ئەلکهولییەوە لە ماوەی ١٣ ساڵی ڕابوردودا لە دووقات بەرەوژوور زیادیکردووە. " لەنێوان ١٩٨٩ و ٢٠٠٣دا ژمارەی نەخۆشە پیاوەکان ١١٦% و نەخۆشە ژنەکانیش ١٠٨%

[63] Armitage, R., (1987) Let’s Discuss DRINKING. Hove: Wayland Publishers Ltd. P.8
[64] The Guinness Book of Records 1997 p. 92
[65] Home Office UK, (2004) Substance Misuse and the Workplace. A training pack. P. 2.29

زیادیکردووە "[66].ئەم ئامارانە لەلایەن نەخۆشخانەی سێت جۆرجی لەندەن و نوسینگەی نیشتمانی ئامارەکانەوە پێشکەشکراون .

ئەلیسن ڕۆجەرس کە لێپرسراوی گشتی پەیماننامەی جگەری بەریتانییە دەڵێت: "کێشەکە لەوەدایە ئێستاکە دەبینین ژمارەیەکی هەرچی زیاتری گەنجان دەکەونە بەر کاریگەری خواردنەوەی ئەلکهول. تێکچونی جگەری ئەلکهولی یان وێرانبوونی جگەر بەهۆی ئەلکهولەوە ماوەی ١٠ تا ٢٠ ساڵی پێدەچێت. لەبەر ئەوەیە کە لە ڕابوردودا بە کاریگەرییەکانی ئەو نەخۆشییەمان نەدەزانی تا ئەو کەسانە دەگەیشتنە تەمەنی پەنجا ساڵی یان شەست ساڵی. بەڵام ئێستا ئەوەتا لە کەسانێکدا دەبینین کە تەمەنیان چل ساڵەو پێویستیان بە چاندنی جگەر هەیە[67]".

جگەری کەسە نەخۆشەکە بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێت لە جگەرێکی چەورەوە بۆ زەردووی ئەلکهولی و دواییش بۆ تێکشکاندنی تەواوەتی؛ وەک لەو وێنانەدا نیشاندراوە[68]:



ئەلکهول لەلایەن سوڕی خوێنەوە هەڵدەمژرێت و لەماوەی ٥-١٠ خولەکدا کاریگەرییەکەی دەردەکەوێت. ئەو کاریگەرییە دەکرێت چەندەها کاتژمێر بمێنێتەوە، بەپێی ئەو ڕێژەیەی کە چووەتە نێو سوڕی خوێنەوە. کاریگەرییەکانی پشتدەبەستن بە:

- ئەو کەسە چەند بەخێرایی خواردویەتییەوە، ناوسکی خاڵی بووە یان تێر بووە، وە هەروەها کێشی کەسەکەش.
- ئەو کەسە تا چ ڕادەیەک لەشی لەگەڵ خواردنەوە ڕاهاتووە، یان بەشێوەیەکی تر ڕادەی قبوڵکردنی لەشی چۆنە بۆ ئەلکهول .
- ئەو کەسە باری دەرونی چۆن بووە پێش خواردنەوە. ئەو کەسانەی کە بە ئارامی و دڵی خۆشەوە دەخۆنەوە کەمتر ئەگەری توندوتیژی و توڕەیی و هەڵەشەییان هەیە. هەندێک کەس خەم و مەینەتییەکانیان بە خواردنەوە دەردەبڕن، بەڵام بۆیاندەردەکەوێت کە زۆر لە پێشتر خراپتریان بەسەردێنێت.

دوای خواردنەوەی چەند پێکێکی کەم بەکارهێنەران هەست بە حەوانەوە و دڵخۆشی و متمانەبەخۆبوون دەکەن. ئەلکهول دەرمانێکی ئارامبەخشە. کاردەکاتە سەر کۆئەندامی ناوەندی دەمار بۆ ئەوەی لەش هێواش و هێمن

[66] BBC News [online]
[67] Ibid
[68] Marsano, L.S. et al. Diagnosis and treatment of alcoholic liver disease and its complications. *Alcohol Research & Health* 27(3):247–256, 2003.

بکاتەوە. زۆرکەسیش بەپێچەوانەوە توندوتیژو شەڕانی دەبن، بەتایبەتی پاوان. زۆربەی ئەو توندوتیژیانەی کە لەسەر شەقامەکان و نێو ماڵەکاندا ڕوودەدەن، کە ژنان و منالان دەبنە قوربانیی، کاتێک ڕوودەدەن کە خەڵک سەرخۆشن[69] .

دوای خواردنەوەی بڕێکی زیاتر، کەسەکان زیاتر دەشێوێن و قسەکانیان خاووخلیچک دەبێتەوە. پێدەچێت ببێتە هۆی بینینی دووفاق Double Vision و لەدەستدانی هاوسەنگی و ڕشانەوەو هەندێک جاریش بورانەوە[70] .

خواردنەوەی ئەلکهول ئەگەری کارەسات زیاتر دەکات، بەتایبەتی وەک کارەساتی ڕێگاوبان و کەوتنەخوارەوەو بەکارهێنانی ئامێری هەستیارو ووردەکاری بەشێوەیەکی هەڵەو ترسناک. زۆر جار بەکارهێنانی چەک و تەقەمەنی لەنێوان گروپێکی هاوڕێدا وەک شێوەیەک لە شێوەکانی یاری و خۆشی دەربڕین کارەساتی جەرگبڕی لێکەوتوەتەوە. بەهۆی کەمبوونەوەی شەرم و گوێنەدان بە پێوەرەکان ڕەنگە بەکارهێنەران بخاتە هەڵوێستی ئەوتۆوە کە دوایی زۆر پەشێمان بن لێی. زۆر تر ئەگەری کاری سێکسی ناسەلامەت و نایاساییان هەیە. خواردنەوەیەکی زۆر بەیەک ژەم ڕەنگە نەک هەر ببێتە هۆی لەهۆشخۆچون بەڵکو مردنیش بەهۆی خنکانی ئەوکەسەوە بە ڕشانەوەکەی خۆی .

ئەلکهول زۆر ترسناکە ئەگەر لەگەڵ دەرمان و مادە سڕکەرەکانی دیکەدا بەکاربێت. بەتایبەت مەترسییەکەی زۆر زیاترە ئەگەر لەگەڵ دەرمانە هێمنکەرەوەکانی دیکەدا بەکاربێت یان لەگەڵ ئەو دەرمانانەی کە بۆ چارەسەری خەمۆکی بەکاردێن و دەرمانە ئازارشکێنەکانیش. بەکارهێنانی ئەلکهول لەگەڵ ئەو دەرمانانەدا بووەتە هۆی مردنی گەلێک کەس لە ئەنجامی زۆریی ڕێژەی مادە سڕکەرەکانەوە.

ئەوانەی کە بڕێکی زۆر دەخۆنەوە و بەردەوامن لەسەری بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، دەبێتە هۆی گەلێک کێشەی وێرانکەری دەرونی و جەستەیی وەک: خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، لەدەستدانی بیرو هۆش، پیربوونی ناوەخت، بەردەوام کۆکین و سەرمابوون، هەوکردن، پنیمۆنیاو سیل، شێرپەنجە، دڵەکوتە، تێکچونی جگەر، سکچون و زامداربوونی گەدە، هەوکردنی پەنکریاس، کەمخۆراکی و نەخۆشییەکانی گورچیلە[71].

بەپێچەوانەی ئەوەوە کە باوە ئەلکهول نابێتە هۆی جێگرتنەوەی شلەمەنی و یارمەتی گورچیلەکان نادات بۆ پاککردنەوەیان، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەلکهول لەش ووشکهەڵدەهێنێت و شلەمەنی نێو لەش دەمژێت و هەر بەو هۆیەشەوەیە کە ئەوانەی ئەلکهول دەخۆنەوە بۆ ڕۆژی دواتر هەست بەسەریەشە دەکەن لەئەنجامی کەمی شلەمەنییەوە لەلەشیاندا. ڕاستە ئەلکهول دەبێتە هۆی میزکردنی زیاتر لەماوەی ٢٠ خولەکدا بەڵام ئەو میزکردنە ئاسایی نییە و ڕوونە چونکە ئەلکهول دەبێتە هۆی تێکدانی سیستەمی هۆرمۆنی نێو گورچیلەکان و بەرگرتن لە ڕژاندنی مادەیەک کە پێی دەڵێن هۆرمۆنی ADH کە بەرپرسیارە لە خەستکردنەوەی میز و ڕاگرتنی تەرازوی ئەو مادانەی کە دەچنە نێو خوێنەوە یان لەگەڵ میزدا تورڕدەدرێنە دەرەوە[72].

بێگومان بڕی ئەو ئەلکهولەی کە دەخورێتەوەو ڕادەی بەردەوامبوون لەسەری و تەمەنی ئەو کەسە ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لەم پرۆسەیەدا .[73] لێرەدا بەپێچەوانەی بیروڕای باوەوە ئەلکهول نەک هەر یارمەتی گورچیلە نادات بۆ پاکبوونەوە بەڵکو ئەگەری بەردی گورچیلەش زیاتر دەکات بەهۆی ووشکهەلاتن و ڕوونکردنەوەی میزو مانەوەی بڕێکی زیاتری مادەکان لەنێو گورچیلەدا[74].

لەلایەکی دیکەشەوە چونکە ئەلکهول دەبێتە هۆی یارمەتیدانی بەرزبوونەوەی فشاری خوێن لە هەمانکاتیشدا دەبێتە هۆی قورسایی خستنە سەر گورچیلەکان و کاریگەرییەکانیشی لەسەر جگەر بەهەمانشێوە هاوئاهەنگە لەسەر فشارخستنە سەر گورچیلەکانیش .

---

[69] Drug Scope [Online]

[70] Home Office UK, (2004) Substance Misuse and the Workplace. A training pack. P2.22

[71] Barber, J., G., (2002) Social Works With Addictions. 2nd ed. London: Palgrave.P. 5-6

[72] Epstein, M., M.D. (1997) Alcohol Impact on Kidney Function. NIAA [online]

[73] Ibid.

[74] June Russell's Health Facts. Alcohol- Kidney and Bladder. [online]

لەم وێنەیەدا دڵێکی ئاسایی (دەستە چەپ) کە قەبارەی بچوکەو دڵێک کە بەهۆی ئەلکهولەوە تووشی نەخۆشی بووە بەرانبەر کراون[٧٥]:



لەم وێنەیەدا ئەو ناوچانەی مێشک دەستنیشانکراون کە زیاتر دەکەونە بەر مەترسی کێشە ئەلکهولییەکان[٧٦]:



[75] *Alcohol Health & Research World*, Vol. 14, No. 4, 1990.
[76] Oscar-Berman, M. and Marinlovic, K. Alcoholism and the brain: An overview. *Alcohol Research & Health* 27(2):125–133, 2003

ئەم وێنەیە مێشکی کەسێک کە کۆنترۆڵی هەیە بەسەر خۆیدا (دوو وێنەی بەشی سەرەوە) لەگەڵ کەسێکی دیکە کە ئەلکهولییە (بەشی خوارەوە) بەرانبەر کراوە [77]:



هەروەها ئەلکهول نەک هەر مرۆڤ تووشی خوگری سایکۆلۆژی دەکات بەڵکو ئالودەکەریشە؛ واتە مرۆڤ ناچارە بەردەوام بڕی زیاتر بخواتەوە بۆ ئەوەی بگاتەوە ئەو نەشئەو خۆشییەی جاری پێشوو. بەمشێوەیە ئەگەر بەردەوام بڕی خواردنەوەکەی زیاد بکات ئەوا دەکەوێتە نێو زۆنگاوی ئالودەییەوەو دەبێت بەدوای سەراویلکە (سەراب) دا ڕابکات. خۆ ئەگەر دەستیشی نەکەوێت یان بیەوێت دەستبەرداری ببێت ئەوا ئاسەوارەکانی پاشەکشەی لێدەردەکەوێت وەک: لەرزین، ئارەقکردنەوە، دڵەڕاوکێ، وڕێنەو بزڕکاندن. لەم قۆناغەدایە کە بەکەسێک دەوترێت ئەلکهولی Alcoholic نەک هەرکەسێک دەمی بۆبرد. لە کوردستان وشەی عەرەقخۆر وەک توانج و تانەو دەتوانین بڵێین جنێویش بەکاردێت بەڵام لەڕاستیدا ئەو نێوە تەنها ئەوانە دەگرێتەوە کە ئالودەی ئەلکهول بوون و ناتوانن دەستبەرداری بین (بیارە ڕێگای دەرچوون بەتەواوی دانەخراوەو لە شوێنی دیکەدا باسیدەکرێت).

ئەلکهول کاریگەری هەیە لەسەر سیستەمی زاوزێی مێینە و ئەم کاریگەرییە هەر لە قۆناغی هەرزەکارییەوە مەترسی هەیە تا کۆتایی تەمەنی زاووزێ. کاریگەرییەکان لە خانەکانی مێشکەوە دەستپێدەکەن و لە کۆتایی سیستەمی زاووزێدا کۆتاییان پێدێت [78]:

---

[77] Rosenbloom, M., Sullivan, E.V., and Pfefferbaum, A. Using magnetic resonance imaging and diffusion tensor imaging to assess brain damage in alcoholics. *Alcohol Research & Health* 27(2):146–152, 2003.

[78] Mary Ann Emanuele,M.D., Frederick Wezeman, Ph.D., and Nicholas V. Emanuele, M.D. Women and Alcohol: An Update Volume 26, Number 4, 2002



کاریگەری ئەلکهول بۆ ژنانی سکپڕ گەلێک مەترسیدارە چونکە سەرباری هەموو کاریگەرییە گشتییەکانی دیکە، چ بۆ ژن و پیاو پێکەوەو چ تایبەت بە ژنان، کاردەکاتە سەر ئەو کۆرپەیەش کە بەرهەمیدەهێنێت. کۆرپەکە زۆر نزیکە گەلێک شێوانی جەستەیی و نائاسایی بوونی ڕەفتاری و ئاسەوارەکانی پاشەکشەی پێوە دیاردەبێت کە هەموویان پێکەوە پێیان دەڵێن نیشانەکانی کۆرپەی ئەلکهولی. لەو دوو وێنەیەی خوارەوەدا گەلێک نیشانەی ڕوخساری و شێواندنی زگماکی کۆرپەلەی دایکە ئەلکهولییەکان ڕوونکراوەتەوە (ئەمە تەنها بۆ زانیاری گشتییە بۆیە ووردەکارییەکانی وەرنەگێڕراوە)[٧٩]:



Source: Gordis 1991.

[79] Warren, K.R., and Foudin, L.L. Alcohol-related birth defects—The past, present, and future. T*Alcohol Research & Health*T 25(3):153–158, 2001



[80]

گەلێک هەڵمەتی دەوڵەتان و نێو دەوڵەتی لەئارادایە بۆ بەرگرتن لەو زەرەرو زیانە مادی و ئەدگاری و تەندروستیانەی کە بەهۆی ئەلکهولەوە ڕوودەدەن، خراپترین شێوەیان ئەوەیە کە کۆرپەلەیەکی چەند سانتیمەتری نێو مناڵدانی دایکێکی ئالودەبوو دەبێتە قوربانیی؛ لێرەدا دوو پۆستەر دەخەمە ڕوو کە لەلایەن دەزگای ووشیاربوونەوە لە نیشانەکانی ئەلکهولیبوونی کۆرپەلەی شانشینی یەکگرتووەوە بڵاوکراونەتەوە :



[80] Vol. 18, No. 1, 1994 of the Journal *Alcohol Health & Research World.*

- ئەگەر لەکاتی سکپڕیدا بخۆیتەوە منالەکەشت دەخواتەوە!
- تەنانەت یەک پێکیش بۆی هەیە ڕاستەوخۆ بگاتە نێو سەری منالەکەت[81]!

لەبواری نێودەوڵەتیشدا دوای چەندەها پێشنیار بۆ لێکۆڵینەوەیەکی نێودەوڵەتی دەربارەی زیانەکانی ئەلکهول لەلایەن دەوڵەتانی کۆمەڵەی ئەورووپی و دەوڵەتانی دیکەشەوە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO ڕازیبوو بە دەستبەکاربوون بۆ ئەو پرۆژەیە، دوای بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک کە تێیدا هاتبوو کە ئەلکهول ١.٨ ملیۆن کەسی لەسەرتاسەری جیهاندا کوشتووە لە ساڵی ٢٠٠٠دا. هیوادارن ئەو ڕاپۆرتە ببێت بە هەڵمەتێکی نێودەوڵەتی دژی ئەلکهول هەروەک چۆن لەدژی جگەرە بەرپاکراوە. هەروەها ڕاپۆرتەکە داخوازی گوفتوگۆشی کردووە لەگەڵ بەرهەمهێنەرانی ئەلکهولدا[82] .

خواردنەوەی ئەلکهول بە ڕادەی زۆر دەبێتە هۆی گەلێک کێشەی تایبەتی، خێزانی، کارکردن و کێشە مادییەکان و ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە داڕوخاندنی خێزان و دەستلێکبەردان و توندوتیژی و شێوەکانی دیکەی تاوان کە پەیوەندییان بە لەدەستدانی کۆنترۆڵەوە هەیە. ئەم کێشانە ڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لەزیادین و وەک نمونە چەند ئامارێکی شانشینی یەکگرتوو لێرەدا نیشاندەدەم:

- ئەو کێشانەی کە پەیوەندییان بە ئەلکهولەوە هەیە ساڵانە ٣ بلیۆن پاوەند خەرجی زیاتر دەخەنە ئەستۆی خزمەتە تەندروستییە نیشتمانییەکان.
- لە هەر چوار پیاو کە دێنە نەخۆشخانە یەکێکیان بەهۆی ئەلکهولەوەیە.
- نزیکەی ٣٣.٠٠٠ کەس ساڵانە بەهۆی ئەلکهولەوە دەمرن.
- ئەو تاوانانەی کە بەهۆی ئەلکهولەوە ڕوودەدەن ساڵانە ٥٠ ملیۆن پاوەند مەسرەف دێننە سەر حکومەت.
- نیوەی ئەو کەسە باڵقانەی کە بەهۆی برینداری سەرەوە دێنە نەخۆشخانە سەرخۆشن.
- کارەساتەکانی ڕێگاوبان ساڵانە ٩٥٠.٠٠٠ پاوەندیان تێدەچێت بە مەسرەفی پۆلیس و تەندروستی و هتد ...
- 46%ی دامەزراوە بەریتانییەکان کێشەی خراپبەکارهێنانی ئەلکهولیان ڕاگەیاندووە لەلایەن کارمەندەکانیانەوە چ وەک بزر بوون لەشوێنی کار یان هەڵەو نزمبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانیانەوە[83] .

یەکێک لەو کێشانەی کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئاماژەی پێکردووە مەسەلەی هەبوون و ئاوەڵابوون و هەرزانی ئەلکهولە لە زۆر وڵاتی جیهاندا. بۆ نمونە لە زۆر وڵات نرخی بوتڵێک بیرەو بوتڵێک خواردنەوەی گازی بەهەمان قەبارە وەک یەکە، هەندێک جار تەنانەت لەگەڵ بوتڵێک ئاوی کانزایشدا! بەڵام لەهەندێک وڵاتی دیکە کە ئەلکهول قەدەغەیە وەک کۆماری ئیسلامی ئێران نرخی بوتڵێک بیرە ٢٢ جار لە نرخی بوتڵێک خواردنەوەی گازی گرانترە .[84] بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەر خەڵک دەیکڕن و زۆر جاریش ئەوە دەبێتە هۆی دروستکردنی جۆری خراپ (فەل) لە ماڵاندا یان پەنابردن بۆ جۆرەکانی دیکەی دەرمان و مادە سڕکەرەکان کە ئەوە کێشەکە ئەوەندەی دیکە ئاڵۆز دەکات .

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ئەمریکا هەست بەوەکرا کە ئەلکهول خەریکە دەبێتە کێشەیەکی گەورەو لە گەلێک لە هەرێمە باشورییەکاندا بەتەواوی قەدەغە کرابوو. لە ساڵی ١٩١٩دا ئەلکهول بەتەواوی یاساخ کرا لەسەرتاسەری ئەمریکادا. هێندەی نەبرد خەڵک فێربوون چۆن بەشێوەی نایاسایی دروستی بکەن و بیفرۆشن. باندەکانی مافیا کەڵکیان لەوە وەرگرت و دەرمان و مادە سڕکەرەکانی دیکەش پەرەیان سەند. ڕێژەی تاوان

[81] Foetal Alcohol Syndrome aware UK [online]
[82] Ibid
[83] Home Office UK, (2004) Substance Misuse and the Workplace. A training pack. P.2.29-2.30
[84] WHO-(2004) Global Status Report: Alcohol Policy. Geneva. [online]

زیاتر چووە سەر و توندوتیژی برەوی سەند. لە ئەنجامدا لە ساڵی ١٩٣٣ دا ئەو یاسایەی کە ئەلکهولی یاساخ کردبوو هەڵوەشێنرایەوە.

لە کۆنفرانسی لەندەنی ٢٠٠٣ دا زۆر دەنگ بەرز بوەوە کە دەیانووت: ئێوە دوو جۆر دەرمانی سەرەکیتان ئازادکرووە کە جگەرەو ئەلکهولن بەڵام باس لە بەرگرتن لە دەرمان و مادە سڕکەرەکان دەکەن. بەڵام کاربەدەستان لەوەڵامدا ووتیان ئەو ئەزمونەی ئەمریکا سەلماندی کە یاساخ کردنی یاسایی چارەسەری کێشەکە ناکات و بەڵکو ئاڵۆزتریشی دەکات ئەگەر پشتگیرییەکی جەماوەری هۆشیارکردنەوەو پەروەردەیی لە پشتەوە نەبێت.

لێرەدا نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە ئەمڕۆ ئەلکهول سەرچاوەیەکی سەرەکی داهاتە بۆ زۆر لەدەوڵەتان و لەلایەنی کۆمەڵایەتی و کولتوریشەوە بەشێکە لە ڕێوڕەسمی ژیانی ڕۆژانەی زۆر کۆمەڵگاو هەروا بەئاسانی ناتوانن دەستبەرداری بین. ئەوەی ئەمڕۆ هەوڵی بۆ دەدەن ووشیارکردنەوەو بە ئاگاهێنانەوەی ژمارەیەکی هەرچی زیاتری خەڵکە بەتایبەتی گەنجان لە مەترسییە جۆراوجۆرەکانی ئەلکهول و دانانی بەردی بناغەی کۆمەڵگایەکی مۆدێرنی تۆکمەو پتەو. هاندانی یانەو شوێنی دیداری نائەلکهولی و پشتگیریکردنی نائەلکهولییەکان کە پێدەچێت لە داهاتودا ژمارەیان بەرەو زیاتر بڕوات.

کێشەیەکی تر ئەو خواردنەوانەیە کە پێیان دەڵێن ئەلکۆپۆپ Alcopop و لەشێوەی ئاوی لیمۆو شەربەتی میوەدان و گەرچی تامی ئەلکهول نادەن بەڵکو ئەلکهولیان تێدایەو، هەندێکیان بەڕادەیەکی بەرزیش. هەندێک کەس دەڵێن ئەو کۆمپانیانە بۆیە ئەو جۆرە خواردنەوانە بەرهەمدەهێنن تا مناڵان و گەنجان زیاتر بە ئەلکهول ڕابهێنن و ئالودەیان بکەن. مناڵان بەگشتی حەزیان لە تامی ئەلکهول نییە بۆیە ئەوان لەشێوەی ئاوی میوەدا دروستی دەکەن[85] .

ئایا ئەلکهول هیچ کەڵکێکی هەیە؟

ئەوەندەی تا ئێستا زاستی پزیشکی سەلماندویەتی تەنها کەڵکێک کە ئەلکهول هەیبێت بۆ پیاوانی سەرو تەمەنی چل ساڵە کە یارمەتی دڵیان دەدات ئەگەر بە ڕێژەیەکی میانە بیخۆنەوە. ئەو کەڵکەش بەبەرانبەرکردن لەگەڵ ئەو هەموو زیانەی کە باسکران وەک دڵۆپە ئاوێک وایە لە دەریایەکدا!

ئایا ئاستی میانە بۆ خواردنەوەی ئەلکهول چەندەیە؟

ئاستی میانە بۆ خواردنەوەی ئەلکهول بەپێی پێوەری دەوڵەتیی لە شانشینی یەکگرتوو بەم جۆرەیە:

پیاو ٣-٤ یەکە لە ڕۆژێدا

ژن ٢-٣ یەکە لە ڕۆژێکدا.

یەکەیەکی ئەلکهول ١٠میلیلیتر ئەلکهولی پوختەیە کە دەکاتە پەرداخێکی مامناوەندی بیرە یان پەرداخێکی بچوک مەی یان پێکێک خواردنەوەی بەهێزی وەک ویسکی[86].

لە بارەی یاساوە، هەروەک پێشتر باسکرا، ئەلکهول لە شانشینی یەکگرتوو قەدەغە نییە بەڵام تاوانە بدرێت بە مناڵانی زۆر بچوک (لە ٥ ساڵ کەمتر) و تا ١٨ ساڵیش ناتوانن ئەلکهول بکڕن یان لە یانەکاندا بیخۆنەوە. هەروەها لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا یاسای جۆراوجۆر هەیە بۆ سزادانی ئەو کەسانەی کە بەسەرخۆشی ئۆتۆمۆبێل و هۆکارەکانی هاتوچۆ لێدەخوڕن، ئەم یاسایانە هەندێکیان زۆر توندوتیژن و هەندێکی دیکەیان مامناوەندین؛ بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئۆتۆمۆبێل لێخوڕین بە سەرخۆشی تاوانە ئیتر سزاکەی کەم بێت یان زۆر. لە زۆر شاری بەریتانیادا ئێستا بەپێی یاسای هەرێمی (ناوچەیی) لە زۆربەی ناوچەکانی ناوشارو شەقامەکاندا (لەدەروەی یانەو بارەکان) خواردنەوەی ئەلکهول قەدەغەیە بۆ هەموو کەس لەهەر تەمەنێکدا بێت. ئەو ناوچانە بە نیشانەی تایبەت دەسنیشانکراون؛ نمونەی ئەو شارانە وەک شاری بلاکبێرن و باس و کۆڤنتری .

[85] Drug Scope [online]

[86] Office UK, (2004) Substance Misuse and the Workplace. A training pack. P.2.30

٢. هێورکەرەوەکان :Tranquillisers ئەمانە ئەو دەرمانانەن کە بەشێوەیەکی گشتی پزیشک دەیاننوسێت بۆ چارەسەری نەخۆشی وەک دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و بێخەوی و هتد... نمونەکانیان Diazepam(ڤالیۆم)، Rohypnol، Nitrazepam (Mogadon)، Altiva، Lorazepam(Ativan)، Temazepam، Jellies، moggies، Chlordiazepoxide (Librium) وەFlunitrazepam (Rohypnol).

هێورکەرەوە بێهێزەکان جۆرە دەرمانێکن کە لە بنەڕەتدا بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی و پەرکەم بەکاردەهێنرێن و وەکو حەبی خەویش کەڵکیان لێوەردەگیرێت. بەڵام هێورکەرەوە بەهێزەکان بۆ مەبەستی چارەسەری کێشە ژیرییە درێژخایەنەکان بەکاردەهێنرێن، وەک شیزۆفرینیا. ئەم دەرمانانە بەزۆری لەشێوەی حەب و کەپسولدا قووتدەدرێن بەڵام هەندێک جۆریان بەشێوەی دەرزیش بەکاردێن .
دەرمانە هێورکەرەوەکان لە ساڵانی ١٩٦٠ەکاندا دۆزرانەوە و وەک دەرمانی بێمەترسی و ئالودەنەکەر چاویانلێکرا کە دەتوانرێت لەلایەن پزیشکەکانەوە بۆ چارەسەرکردنی دڵەڕاوکێ و بێخەوی بەکاربهێنرێن. یەکەم جار وەک جێگرەوەیەکی سەلامەتی Barbiturates سەیردەکران.
گەرچی گەلێک کەس، بەتایبەتی ژنان، بەدەست ئاسەوارە لاوەکییەکانی ئەم دەرمانانەوە دەیانناڵاند کەچی بەکارهێنانی ئەم دەرمانانە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵی داهاتوو بەردەوام بوو وە تا کۆتایی ساڵانی ١٩٧٠ کان ئەم کێشانە بە ئاشکرا گرنگییان پێنەدرا. نوسینی ئەو دەرمانانە بۆ نەخۆش لە زیاتر لە ٣٠ ملیۆن حەبەوە لە ساڵی ١٩٧٩ دا دابەزی بۆ نیوەی ئەو بڕە لە کۆتایی ١٩٩٠ەکاندا. لەگەڵ ئەو هەموو دابەزینەشدا Tranquilisers تا ئێستا باوترین دەرمانی چارەسەرکردنی کێشەی مەزاجن لە شانشینی یەکگرتودا[87] .
Tranquilisersدەرمانێکی ئارامبەخشن و خەڵکی خەواڵوو دەکەن و ئەگەری کارەسات زیاتر دەکەن. لەکاتی بەکارهێنانی ئەو دەرمانانەدا لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل زۆر ترسناکە. لەگەڵ بەکارهێنانی بەردەوامدا ڕاهاتنی لەشی مرۆڤەکە لەگەڵیدا Tolerance بەزووی پێکدێت و بەردەوام پێویستی بەبڕی زیاترە بۆ ئەوەی کاریگەری یەکەمجاری هەبێت. خوگری و ئالودەگیش بەهۆی بەکارهێنانی بەردەوامەوە بەزویی دروست دەبن و ئاسەوارەکانی پاشەکشە Withdrwal دەکرێت ببنە هۆی دڵەڕاوکێیەکی زۆر، بێخەوی، دڵبەیەکداهاتن، بێئارامی و سەریەشە. کشانەوەیەکی لەپڕ لە بەکارهێنانی بڕی زۆری ئەو مادانەوە پێدەچێت ببێتە هۆی سەرلێشێوان و بورانەوەی بەهێز. زۆر کەس ناتوانن یەکسەر وازی لێبهێنن و پێویستیان بە کەمکردنەوەی بڕی دەرمانەکە هەیە پلە بە پلە.

ئەوانەی کە بەبەردەوامی ئەم مادانە بەکاردەهێنن دوای ماوەیەک بۆیاندەردەکەوێت کە ناتوانن هەمان ئەنجامی پێشوو بدەنەوە بەدەستەوە. بەکارهێنانی بەردەوام پێدەچێت ئەوە بگەیەنێت کە دوای دوو هەفتە وەک حەبی خەو کاریگەرییان نامێنێت و دوای چوار مانگیش بۆ چارەسەری دڵەڕاوکێ هیچ ئەنجامێک نادەن بەدەستەوە. لەمکاتەدا زۆر لە بەکارهێنەران پەنادەبەنە بەر زیادکردنی بڕی دەرمانەکە Tranquilisers .تەنها وەک دەرمانی چارەسەری دیاردە کاتییەکان کاریگەرییان هەیە بەڵام زۆر کەس ئالودەیان بوون و بۆ چەندەها ساڵ بەکاریاندەهێنن.
زۆر لەم مادانە ئەگەر بەبڕی زۆر بەکاربهێنرێن دەبنە هۆی مردن. بەڵام گەلێک جاریش بینراوە کە بەهۆی بەکارهێنانیانەوە لەگەڵ ئەلکهولدا بوونە هۆی مردن.
Temazepamئەگەر بەشێوەی دەرزی بەکاربێت بەشێوەیەکی تایبەت ترسناکەو گەلێک جار بووەتە هۆی مردن، بەتایبەتی کە لەگەڵ دەرمانی هێورکەرەوەی دیکەدا بەکارهاتووە[88] .

---
[87] Drug Scope [Online]
[88] Drug scope [online]

لە بەریتانیا بەگوێرەی ئامارەکان هەموو ساڵێک ملیۆنێک تا ملیۆنو نیوێک کەس ئەم مادانەیان وەک چارەسەر بۆ دەنوسرێت. بەمجۆرە واپێشبینی دەکرێت کە ساڵانە لەحەوت کەسی پێگەیشتو یەکێکیان ئەو دەرمانانە بۆ ماوەیەک بەکاردەهێنێت و لە هەر چل کەسەش یەکێکیان بۆ تەواوی ساڵەکە بەکاریدەهێنێت. ئەم بەکارهێنانانە بەپێی ڕاچێتەی پزیشکەو بەردەوام لە دابەزیندایە.

ئەگەرچی هیچ زانیارییەک دەربارەی بەرهەمهێنانی نایاسایی Tranquilisers لەبەردەستدا نییە بەڵام ئەو دەرمانانە بەرەو بازاڕی ڕەش دەکشێن و لەسەر شەقامەکان وەک دەرمانی نایاسایی دەفرۆشرێن. ئەوەی مەترسییەکە زیاتر دەکات زۆر کەس لەگەڵ دەرمان و مادە سڕکەرەکانی دیکە تێکەڵیان دەکەن و پێکەوە بەکاریاندەهێنن.

لەبارەی یاساییەوە ئەم دەرمانانە یاسیین ئەگەر لەلایەن پزیشکەوە بنوسرێن بۆ نەخۆش. بەڵام بەپێچەوانەوە بەبێ ڕاچێتەی پزیشک قاچاخن و لە بەریتانیا بە دەرمانی پۆلی C پۆلێن کراون .

لە کوردستان بێجگە لە بەکارهێنانی ئەم مادانە بەشێوەی یاسایی لەلایەن پزیشکەکانەوە، بەداخەوە دزەشی کردووە بۆ دەرەوەو پێدەچێت یەکەمجار لەلایەن کارمەندانی تەندروستیەوە خراپ بەکارهاتبن و دواتریش بەرەو ئاستێکی فراوانتر تەشەنەیانکردووە .

٣.هەڵمژینەکان و سیکۆتینەکان Solvents & Glue:

هەڵمژینەکان و سیکۆتینەکان ئەو مادانەن کە هەروەک لەناوەکەیانەوە دیارە لەڕێگای لوتەوە هەڵدەمژرێن. ئەم مادانە هەندێکیان بناغەیەکی ئۆرگانیکی –واتە کاربۆنیان هەیەو لەکاتی هەڵمژینیاندا کاریگەرییەکی وەک ئەوەی ئەلکهول یان مادەی بەنجکەر دروستدەکەن. هەندێکیان وەک کاڵکەرەوەو ڕوونکەرەوە بەکاردێن Solvents لە سیکۆتین ، کەتیرە، بۆیە، لابەری بۆیەی نینۆک، شلەمەنی خاوێنکردنەوەی ووشک و شلەمەنییەکانی لابەری چەوریدا. هەندێکی دیکەشیان لەشێوەی گازی پاڵنەردا لە قوتوو (پەمپ) و ئامێری ئاگرکوژاندنەوەکاندا بەکاردێن یان وەک سوتەمەنی لەشێوەی بەنزین و چەرخی جگەرە داگیرساندندا. زۆربەی ماڵان و کارگەکان و فەرمانگەکان ژمارەیەک بەرهەمی Solvents بەکاردەهێنن کە دەکرێت بۆ هەڵمژین بەکاربێن[89] .

ئەم بەرهەمانە هەڵمێکیان لێبەرزدەبێتەوە یان لەژێر پلەی گەرمی ئاساییدا خۆیان گازن و لەڕێگەی دەم یان لوتەوە دەکرێت هەڵبمژرێن و کاریگەرییەکی سەرخۆشکەرانەیان هەبێت. ئەمەش زۆر جار پێی دەوترێت سیکۆتین هەڵمژین یان خراپبەکارهێنانی . Solvents ئەم دیاردەیە لە عێراقدا لەکاتی هاتنی کرێکارە میسرییەکاندا زۆر برەوی هەبوو. واش باس دەکرا کە سیکۆتینی عێراقی کە بە برێکی زۆر لە کاتی جەنگی عێراق-ئێراندا بە قاچاخ بەرەو ئێران دەڕۆیشت لەوێندەرێ بۆ ئەو مەبەستە بەکارهاتبێت.

لە ئەوروپاو ئەمریکا و جیهانی خۆراوا بەگشتی گەنجان و هەرزەکاران ئەوانەی کە تەمەنیان لەنێوان ١٢ تا ١٦ ساڵاندایە بەزۆری بەکاریان دەهێنن. هەندێک ڕووپێوی وانیشاندەدەن کە ١٠%ی خوێندکارانی خوێندنگا دواناوەندییەکان لە شانشینی یەکگرتوو لانی کەم جارێک ئەم مادانەیان بەکارهێناوە[90] .

مەترسی گەورەی Solvents کاتێک ڕوودەدات کە ئەو کەسانەی بۆیەکەم جار ئەو مادانە بەکاردەهێنن بەهۆی نەشارەزایی و ڕانەهاتنی لەشیان و منالی تەمەنیانەوە زۆرجار یەکسەر دەمرن .

لە ئەمریکاو ئینگلتەرا هەر لەسەدەی ١٩ هەمەوە Nitrous Oxide کە بە گازی پێکەنین ناسرابوو بەکارهاتووە لەلایەن ئەندامانی چینە باڵاکان و خوێندکارانی زانستی پزیشکییەوە. لەڕابوردودا هەڵمژینی بەنزین لەلایەن سەربازەوە بۆ مەبەستی سەرخۆشبوون و هەڵمژینی گازی بەنج لەلایەن کارمەندانی تەندروستییەوە باسکراوە [91].

[89] Ibid
[90] Ibid
[91] Ibid

لەڕۆژگاری نوێشدا یەکەمجار لە ساڵی ١٩٥٠دا لە ئەمریکا یەکەم خراپبەکارهێنانی Solvents لەلایەن گەنجانەوە تۆمارکراو لە شانشینی یەکگرتووش لە ساڵی ١٩٦٢دا. بەڵام لە کۆتایی حەفتاکاندا دیاردەکە تەشەنەی کرد.

ئەو مادانە دوای هەڵمژینیان بەخێرایی لە سییەکاندا هەڵدەمژرێن و دەگەنە مێشک. لێدانی دڵ و هەناسە هێواش دەبنەوەو هەڵمژینی ئەم مادانە بە خێرایی و بەردەوامی کەسەکە والێدەکات کە هەمان نیشانەکانی کەسێکی تەواو سەرخۆشی تێدا دەربکەوێت. زۆرکەس دوای ئەوە دەبورێنەوەو دواتر هۆشیاندێتەوەو هەندێکیشیان باسی ئەوەیانکردووە کە بینینیان شێواوەو نیشانەکانی هەلوەسەو بزرکاندنیان تێدا وەدەرکەوتووە.

کاریگەرییەکانیان کورتخایەنن و زۆربەی جار لە ٤٥ خولەک کەمترن ئەگەر دوبارەنەکرێنەوە. دوای نەمانی کاریگەرییەکان بەکارهێنەر هەست بە ماندوویی و خەواڵوویی دەکات و تووشی سەریەشەو بێتاقەتییەک دەبێت لەشێوەی ئەوانەی کە ڕۆژی دوای خواردنەوەی ئەلکهول هەستیپێدەکەن .Hangover

بەکارهێنانی بۆماوەی دووردرێژو بەبڕی زۆر پێدەچێت ببێتەهۆی تێکشکاندنی مێشک و گورچیلەکان و جگەر .

پەیامەکان لەنێو مێشکدا وەک تەزووی کارەبا بە ڕێکوپێکی لە شانەیەکەوە بۆ شانەیەکی دیکە گوزەردەکەن. مادەیەکی چەورهەیە پێی دەڵێن Myelin کە دەورەی دەمار یان مولولەکانی داوە هەروەک ئەو مادە پلاستیکییەی کە وایەرێکی کارەبا دادەپۆشێت و لە شۆرت دەیپارێزێت. ئەگەر ئەو مادەیە (Myelin) تێکبشکێت ئەوا پەیام و فەرمانەکان ناتوانن بە ئازادی گوزەربکەن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە چیدیکە ماسولکەکانت ناتوانن گوێڕایەڵی مێشکت بن؛ وەک لەو وێنەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە[92]:



زۆرجار بەکارهێنەران بیروهۆشیان دەشپرزێت و ناتوانن مێشکیان چەقبەستێتە سەر خاڵێکی دیاریکراو؛ وەک لەو هێڵکارییەدا نیشاندراوە :

---

[92] Real news about drugs and your body [online]



لەگەڵ بەکارهێنانی بەردەوامدا لەش لەگەڵ ئەومادانەدا ڕادێت Tolerance واتە بەردەوام پێویستی بەبڕی زیاترە بۆ بەدەستهێنانی هەمان مەبەست. لەگەڵئەوەشدا خوگری جەستەیی کێشەیەکی ئەوەندە گەورە نییەو دەتوانن بەئاسانی دەستبەرداری بین بەڵام هەندێک کەسی کەم لەلایەنی سایکۆلۆژییەوە خوی پێوەدەگرن. زۆر لەوانە ئەو گەنجانەن کە کێشەی خێزانی و کۆمەڵایەتی و تاکەکسییان هەیەو بەکارهێنانی ئەو مادانە وەک ڕاکردنێکی کاتییە لەو واقیعە تاڵە.

لەبارەی یاساییەوە ئەگەرچی لەبنەڕەتدا ئەو مادانە بۆ پێویستی ڕۆژانەی خەڵک دروستکراون و خەڵک خراپ بەکاریاندەهێنێت بەڵام لە شانشینی یەکگرتودا قەدەغەیە ئەو مادانە بفرۆشیت بە گەنجێکی تەمەن لە ١٨ ساڵ کەمتر ئەگەر دوکاندارەکە بزانێت بۆ مەبەستی خراپبەکارهێنان و هەڵمژینێتی. ئەمەش تەمومژاوی و پڕگرێوگولەو بەئاسانی ناسەلمێت!

٤. هیرۆین [ئەفیون، تلیاک] Heroin: لە سەرشەقام و نێوبازاڕیا بە گەلێک ناو ناسراوە وەک:

سماک، قاوەیی، سکاگ، ئەسپ، H، گێر، جەنک، ستاگ و جاک. هیرۆین کە ناوە پزیشکیەکەی دایامۆرفینە Diamorphineیەکێکە لە گرووپێکی دەرمان و مادە سڕکەرەکان کە بە ئەفیونەکان Opiates ناسراون. کە لە گوڵی ئەفیون یان خاشخاش دەردەهێنرێن. ئەفیون Opium شیری ووشککراوەی گوڵە خاشخاشە کە مۆرفین و کۆداینی تێدایە. مۆرفین و کۆداین هەردووکیان بە مادەی ئازارشکێنی بەتین ناسراون. هیرۆین لە مۆرفین بەرهەمدێت و لە کاتێکدا کە پوختەیە، واتە هیچی دیکەی تێکەڵنەکراوە، لەشێوەی تۆزێکی سپییدایە[93].

سەرچاوەی سەرەکی ئەو هیرۆینەی کە دەگاتە ئەوروپا ئەو ناوچەیەیە کە بە کەوانەی زێڕین Golden Crescentناسراوە کە بریتییە لە ناوچە شاخاوییەکانی ئێران و ئەفغانستان و پاکستان کە سەدان ساڵە بە بەرهەمهێنانی هیرۆین یان وەک لەلای خۆمان ناسراوە تلیاک بەناوبانگن. بەگوێرەی ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠٠٤ی نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دەرمان و تاوان تەنها لە ئەفغانستان لەساڵی ٢٠٠٣دا ٨٠٠٠٠ هیکتار زەوی بۆ چاندنی تلیاک بەکارهاتووە کە ٢٦٤٠٠٠ جوتیار کاریانتێدادەکەن. لەکاتێکدا کە لە ساڵی ٢٠٠٢ دا ٧٤٠٠٠ هیکتار بووە).[94] لە کۆتایی ئەم کتێبەدا نەخشەیەک دەبینین کە لە ساڵی ١٩٩٨ لەلایەن یۆنسکۆوە ئامادەکراوەو لەوێدا ناوچە جوگرافییەکانی دابەشبوونی بەرهەمهێنانی گوڵی تلیاک و ڕووەکی کۆکا دیاریکراوە لە جیهاندا).

---

93 Drug scope [online]
94 World Drug Report of UNODC [online]

لەکوردستان لە مێژە وشەی تلیاک بیستراوە. وشەی تلیاک لە زمانی فارسیدا بە تریاک ناسراوەو بۆ ئەفیون بەکاردێت. لە زمانی عەرەبیدا ترياق هەیە کە مانای دەرمان یان دەرمانی گشت دەردان دەگەیەنێت، پێدەچێت ئەم گوڵە یەکەمجار وەک ئازارشکێن ناسرابێت و ئەو ناوەشی لەوێوە وەرگرتبێت .[95] فەرهەنگی المحيط و گەلێک فەرهەنگی دیکەی عەرەبی وشەی تریاقیان بە : ئەو دەرمانەی کە چارەسەری ژاراوی بوون دەکات (دَواءٌ شافٍ منَ السم) ناوبردووە .[96] لەڕاستیدا نە بنەچەی وشەکەو نە مەبەستی ناوەکەی ڕوون نییەو ئەم ساخکردنەوەیە جێدەهێڵم بۆ شارەزایانی بواری زمان و زانستی نوژداری.

بۆ خۆشبەختی بەکارهێنانی ئەم دەرمانە، هەروەک زۆربەی دەرمان و مادە سڕکەرەکانی دیکە لە کوردستاندا نەبووە بە باوو هەتا ئێستاش سەرباری نزیکیمان لە سەرچاوەی بەرهەمهێنانییەوە هێشتا هەر لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکە زۆر باشترین .

ناوی گوڵە خاشخاشیش لە نێو قسەی کوردەواریدا زۆر هاتووە وەک: گوڵە خاشخاشەی کردووە بە یەخەیەوە! واتە زۆر بەختەوەرە یان شادومانە. بەڵام لەڕاستیدا پێناچێت ئەو گوڵە هەر گوڵی تلیاک بگرێتەوە چونکە لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی Poppy بۆ هەموو ئەو گوڵانە بەکاردێت کە لە شێوەی گوڵاڵە سورەدان مەرج نییە هەر تلیاک بێت .

بەکارهێنانی هیرۆین بۆ مەبەستی نوژداری لە شێوەی حەب یان دەرزیدایە. هەندێک جۆری بەشێوەی پیشەسازی بەرهەمهاتووی ئەم مادانەش بۆ مەبەستی پزیشکی بەرهەمهاتووە کە پێیان دەڵێن (Opioids) و هەمان کاریگەری هیرۆینیان هەیە، کە بریتین لە (DF180)dihydrocodeine pethidine, کە بەزۆری لە کرداری منالبووندا بەکاردێت (. diconal ,palfium ,Temgesi methadone,کە دەرمانێکە بەزۆری بۆ مەبەستی چارەسەری ئالودەبوون بە هیرۆینەوە دەنوسرێت .

هیرۆین بەڕێگای کێشان (وەک جگەرە) یان هەڵمژین لەڕێگای لوتەوە یان بەشێوەی دەرزی بەکاردێت. ئەو هیرۆینەش کە بۆ مەبەستی نوژداری بەرهەمدێت زۆرجار لەلایەن خەڵکەوە بۆ مەبەستی نایاسایی بەکاردێن. لە شانشینی یەکگرتوو بەپێی ئامارەکان لە ساڵی ٢٠٠٢دا نرخی گرامێک هیرۆین لە نێوبازاڕدا ٦٠ پاوەند بووە (کە دەکاتە ١٠٠ $) وە ٧٥% هەموو هیرۆینی ئەوروپا لە ئەفغانستانەوە هاتووە .[97] هیرۆین یەکێکە لەو دەرمانانەی کە لەڕیزی پێشوەیە لە هۆکاری مردندا بەهۆی دەرمانەوە لە UK .

گەلێک ڕێوشوێن تاقیکراوەتەوە بۆ بەرگرتن لە بەرهەمهێنان و چاندنی تلیاک بەڵام بێهودە بووە. چەندەها ملیۆن پاوەند دراوە بە حکومەتی پاکستان بۆ ئەوەی کێڵگەکانی تلیاک لەنێوبەرێت و پشتگیری جوتیارەکان بکات بۆ چاندنی بەرهەمی دیکەی ئاسایی. ئەم ڕێگایە سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە چونکە لەلایەکەوە زۆربەی ئەو ناوچانەی کە ئەو مادانەیان لێدەچێنرێت دوورەدەستن و حکومەت دەستی پێیان ناگات لەلایەکی دیکەشەوە نرخی تلیاک هێندە بەرزە کە هەرشتێکی دیکە بچێنن لەچاو ئەوەدا هیچ نییە، بێجگە لەوەش دەستتێوەردانی حکومەت بە وێرانکردنی چەند کێڵگەیەک تەنها پاڵی پێوەدەنێت بەرەو ناوچەیەکی دیکەو هیچی تر.[٩٨] کێشەی گەندەڵی دامودەزگاکانی دەوڵەتیش لەو وڵاتانەدا لە سەرو هەموویەوەیەتی .

وەک پێشتر باسکرا تلیاک لە دێرزەمانەوە ناسراوەو وەک دەرمان و چارەسەر بەکارهاتووە. ئەوەش نکولی لێناکرێ کە ئەو مادەیە ڕۆڵی خۆی هەیە لە ئازارشکاندندا بەشێوەیەکی کاتی؛ بەڵام وەک هەر دەمانێکی دیکە ئەگەر لەژێر چاودێری پزیشکداو بە ڕادەیەکی کۆنترۆڵکراو بەکارنەهێنرێت ئەوا دەبێتە زەهرو ئالودەکەرو زیانبەخش .

تلیاک لەساڵانی ١٥٥٠ وە لە UK و سەرتاپای ئەوروپادا بۆ مەبەستی پزیشکی بەکارهاتووە. لە سەدەی ١٧هەمەوە دەرمانی وەک Laudanumکە تێکەڵەیەکە لە تلیاک و ئەلکهول بۆ چارەسەری هەموو جۆرە

---

[95] Ectaco Dictionary [online]
[96] World Star free dictionaries [online]
[97] National Criminal Intelligence Service, 2003. [online]
[98] Drug scope [online]

دەردێک بەکارهاتووە وەک شکاندنی ئازاری زۆر، یاریدەدانی خەوتن، کۆکە، سکچون، ئازاری سوڕی مانگانەی ژنان، دانیەشە و سکیەشەو ژانی کۆرپەلە. ئەم بەکارهێنانە بەردەوام بوو تا سەدەی نۆزدەهەم و زۆر دەرمان کە بەرهەمی تلیاک بوون لە دوکانی سەوزەو میوەدا بەئاشکرا دەفرۆشران و چەندەها نوسەر وشاعیری بەناوبانگ بەکاریاندەهێنا .[99] بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردنی منالانی ساوا بەهۆی زیادبەکارهێنانی ئەو مادانەوە بووەهۆی دروستکردنی ترس و دڵەڕاوکەو لە ئەنجامدا لە ساڵی ١٨٦٨دا یەکەم یاسای کۆنترۆڵکردنی ئەفیون دەرچوو.
لە ئەمریکا پەنابەرە چینییەکان بە بڵاوکردنەوەو پەرەپێدانی تلیاک تاوانبارکرابوون. لەڕاستیدا لەو کاتەدا گەلێک کەس ئالودەی ئەو مادەیە بووبوون لە ئەمریکا بەڵام ئەو مەسەلەیە بنچینەیەکی ڕەگەزپەرستانەشی هەبوو؛ هەر ئەو وێنە دزێوە بوو کە بووە هۆی پێوەلکاندنی مۆرکێکی ڕەگەزپەرستی بە چینییەکانەوە لە ئەمریکاو بەریتانیاش[100] .
ناوەڕاستی ١٩٧٠کان پەرەسەندنێکی بەرچاوی بازاڕی هیرۆینی بەشێوەیەکی نایاسایی بەرهەمهاتووی بەخۆیەوە بینی کە لە هۆنگکۆنگەوە دەهات. لەناوەڕاستی ١٩٨٠کانیشدا ژمارەی بەکارهێنەرانی هیرۆین و مادە تلیاکییەکانی دیکە لە بەریتانیا بەشێوەیەکی سەرنجراکێش زیادیکرد بەتایبەتی لە ناوچە هەژارنشینەکانی نێوەندی شارەکاندا. ئەم هیرۆینە لە ناوچەی کەوانەی زێڕینی ئێران، پاکستان و تورکیاوە دەهات. ئەو شێوەیەی هیرۆین کە بۆ کێشان ئامادەکراوە نەک دەرزی، دوای بەرزبوونەوەی ژمارەی پەنابەرە ئێرانییەکان بۆ بەریتانیا دوا بەدوای ڕوخانی شا ساڵی ١٩٧٩وەدەرکەوت[101] .
لە دێرزەمانەوە لە ئێران تلیاک بەکارهاتووە، پڕوپاگەندەکردن بۆ تلیاک وەک دەرمانی گشت دەدران و بەهێزترین ئازارشکێن و شادیهێنەرو خەمرەوێن زۆر برەوی هەبووە و هەیە. ئەوانەی کە خۆیان ئالودەن یان ڕوونتربڵێین قاچاخچی ئەو مادەیەن حەزدەکەن بازاڕ بۆ خۆیان فراوانبکەن و ڕەواج بە بازرگانییە دزێوەکەیان بدەن. کاتێکیش ئەو کەسە ئالودەبوو ئیتر دەبێت ئەو بەدوای قاچاچچییەکەدا بگەڕێت و مەمنونی بێت! لەسەردەمی شادا بەئاشکرا لەسەر شەقامەکان دەفرۆشرا و دوای هاتنی کۆماری ئیسلامیش پەردەیەکی درابەسەرداو لەپشت پەردەوە هەر برەوی هەیە؛ ئەگەرچی گەلێک ڕێوشوێن گیراوەتە بەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی.
کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، وەک کاربەدەستانی زۆربەی وڵاتانی جیهان، هۆکاری ئەوە دەگێڕنەوە بۆ هەبوونی ژمارەیەکی زۆری پەنابەری ئەفغانی لە وڵاتەکەیاندا .[102] بێگومان ئەوە هۆکارێکە بەڵام هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە بێجگە لەوەی کە سەرەڕێی کاروانی قاچاخچێتی دەرمانە، تلیاک لەکۆنەوە بەشێک بووە لە کولتورو ژیانی ڕۆژانەی زۆر ناوچەی ئەو وڵاتە[103].
هیرۆین و جۆرەکانی دیکەی تلیاک یان ئەفیون جۆرە دەرمانێکن کە مرۆڤ خەواڵو دەکەن و کۆئەندامی دەمار هێمن دەکەنەوە. بزوتنەکانی لەش هێواش دەکەنەوەو دەتوانن دەردو ئازاری جەستەیی و دەرونی بشکێنن، یان ڕوونتر بڵێین نەهێڵن هەستی پێبکرێت. کاریگەرییەکانیان بەشێوەیەکی گشتی پێکهێنانی هەستکردن بە گەرمبوونەوەو حەوانەوەو گوێنەدان بەهیچ شتێک و کەمبوونەوەی دڵەڕاوکێیە. کاریگەرییەکانی بە خێرایی دەردەکەون و دەکرێت بۆ چەند کاتژمێرێک بمێننەوە، ئەمەش بەگوێرەی چەندایەتی بڕی دەرمانەکەو جۆری بەکارهێنانی دەگۆڕێت.
یەکێک لە بەکارهێنەران بەمجۆرە دەدوێت:

[99] Ibid
[100] Ibid
[101] Heroin Addiction and Drug Policy: the British system, J. Strang and M. Gossop (eds), Oxford Univeristy Press, 1994
[102] UNODC-Iran Country Office [online]
[103] Christian Olive. Reuters, 3 January 2004. Bam, Iran. [online]

"پێدەچێت یەکێک لە ساتە هەرە خۆشەکانی ژیانم بوو بێت. هیچ ئازارێک لەلەشمدا نەما. هیچ هەستێکی تورەییم نەما. لەسەر قەنەفەکە پاڵکەوتبووم و بەوپەڕی بەختەوەرییەوە مژم لێدەدا. واتلێدەکات هەست بە ئارامی و گەرمبوونەوەیەک بکەیت هەروەکو لە پەتۆیەکەوە پێچرابیت[104] ".

بەکارهێنانی بۆ یەکەمجار ڕەنگە ببێتە هۆی سەرگێژخواردن و ڕشانەوە بەڵام ئەم کاردانەوە ناخۆشانە لەگەڵ بەکارهێنانی بەردەوامدا بەرەو نەمان دەچن. ئەگەر ئەو کەسە بڕێکی زۆر بەکاربهێنێت ئەوا زۆر خەواڵوو دەبێت. بڕی زۆر بەیەکجار دەبێتە هۆی لەهۆشخۆچون و بورانەوەو تەنانەت مردنیش بەهۆی لەکارکەوتنی کۆئەندامی هەناسەوە.

لەگەڵ بەکارهێنانی بەردەوامدا لەش لەگەڵیدا ڕادێت و بەردەوام داوای بڕی زیاتر دەکات بۆئەوەی کاریگەری یەکەمجاری بدات بەدەستەوە. لەشی مرۆڤەکە لەلایەنی جەستەییەوە ئالودەی دەبێت و کۆنترۆڵکردنی ئەستەم دەبێت. ئەگەر ئەو کەسە بەکارینەهێنێت یان دەستی نەکەوێت نیشانەکانی پاشەکشەی تێدا دەردەکەوێت کە بریتین لە ئازار، لەرزین، ئارەقکردنەوە، لەرزلێهاتن وەک ئەوەی هەڵامەتی بێت و گرژبوونی ماسولکەکان. ئەم نیشانانە پێدەچێت دوای ٧-١٠ ڕۆژ نەمێنن بەڵام هەستکردن بە بێهێزی و نەخۆشی ڕەنگە زیاتر بخایەنێت. لەکاتێکدا زۆر کەس بەسەرکەوتویی وازیان لە بەکارهێنانی هیرۆین هێناوە، تەرککردن و وازهێنان لە هیرۆین لەوانەیە زۆر سەخت بێت.

ئەو وێنەیەی خوارەوە کاریگەرییەکانی هیرۆین لەسەر مێشک ڕووندەکاتەوەو هۆکارەکانی ئالودەگی و نارەحەتییەکانی پاشەکشە دەخاتە ڕوو. لەوێدا ڕوونکراوەتەوە کە چۆن هیرۆین دەلکێت بەو شانانەی مێشکەوە کە بە نیرۆن ناسراون لە چەندەها شوێنی مێشکداو دەبنە هۆی دەرکردنی بانگەوازێک بۆ زیاتر ڕژاندنی مادەی دۆپەماین Dopamine کە مادەیەکی کیمیاوی مێشکەو پەیوەندی هەیە بە هەستکردن بە خۆشییەوە. ئەم کارەش دەبێتە هۆی وورووژاندنی چەندەها کاردانەوە لە شوێنی جیا جیای مێشکدا. هەروەها هیرۆین دەبێتە هۆی خێراکرنی ئەو پرۆسانەی مێشک کە لێپرسراون بەرانبەر هەست و نەست بە خۆشیی، بە کارکردنە سەر Limbic System ؛ ئەمەش وا لەوانە دەکات کە ئالودەبوون بەو دەرمانەوە بەناچاری بەدوایدا بگەڕێن. هیرۆین کاردەکاتە سەر درکە مۆخ و لێرەدایە کە کاریگەری هەیە وەک ئازارشکێن، چونکە دەبێتە بەربەستێک لەبەردەم پەیامەکانی هەست بە ئازارکردندا لەنێوان نیرۆنەکان و مێشکداو ناهێڵێت بگەنە مێشک. هەروەها هیرۆین کاردەکاتە سەر قەدی سەرەکی مێشک

Brain Stemکە لێپرسراوە بەرانبەر کردارە بنچینەییەکانی لەش وەک لێدانی دڵ و هەناسەدان؛ لێرەدا دەتوانێت کرداری هەناسەدان ئەوەندە دابپلۆسێنێت تا ئەو ڕادەیەی کە بەکارهێنەر بەتەواوی هەناسەی لەبەردەبڕێت و دەمرێت[١٠٥]:

---

104 Drug Scope [online]

105 Real News About Drugs and Your Body]Online]



یەکێک لەوانەی کە پێشتر بەکارهێنەر بووە دەڵێت :

"بەخێرایی ئالودەی دەبیت و هەست بەوە دەکەیت کە دەبێت هەمیشە بەکاریبهێنیت. لەگەڵ هەموو جۆرە خەوش وخۆڵ و زبڵێکدا تێکەڵی دەکەن بەڵام لەڕاستیدا تۆ گوێنادەیتی. تاکە ئامانجی ژیانت دەبێت بە بەدەستهێنانی بڕێکی زیاتر. بەجۆرێک بوو کە هەموو هەست و هۆشی داگیرکردبووم[106]".

هیرۆین مەترسی کوژەری هەیە ئەگەر بەبڕێکی زۆر بەکاربێت، یاخود لەگەڵ دەرمان و مادە سڕکەرەکانی دیکەدا تێکەڵبکرێت وەک ئەلکهول و ترانکیۆلایزەرو جۆرەکانی دیکە .

بەئاسانی ناتوانرێت بزانرێت ئەو کەسە چی بەکارهێناوە چونکە ڕادەی پوختەیی هیرۆین لەبازاڕدا جۆراوجۆرەو بەزۆری لەگەڵ مادەی دیکەدا تێکەڵدەکرێت و هیرۆینی بێخەوش زۆرکەمە بەهۆی بەرزی نرخییەوە. لەڕاستیدا بینراوە کە لەگەڵ گلوکۆز، بۆدرەی منال، ووردەی خشت، تۆزی بەهارات و شتی دیکەشدا تێکەڵکراوە .[107] لەم نێوەدا بەکارهێنانی لەڕێگای دەرزییەوە زۆر ترسناکە بەهۆی ئەو مادە نامۆیانەوەو هەروەها بەکارهێنەران دەخاتە بەر مەترسی گرفتاربوون بە زەردووی و HIV ئایدز ئەگەر سرنج لەنێوان چەند کەسێکدا ئالوگۆڕبکرێت. بەکارهێنانی هیرۆین بەبەردەوامی دەبێتە هۆی قەبزی بەردەوام و ناڕێکوپێکی سوڕی مانگانە لە ژناندا و هەوکردنی کۆئەندامی هەناسەو کەمبوونەوەی بەرگری لەش بۆ نەخۆشی. ئەمەش خراپتر دەبێت بەهۆی شوێن وجێگەوڕێگەی خراپ و پیس و کەمخۆراکی و پشتگوێخستنی پاکوخاوێنی کەسەکەوە؛ ئەم هەلومەرجانەش لەلای زۆربەی بەکارهێنەران بەوجۆرەیە :

ئەوانەی کە بەشێوەی دەرزی بەکاریدەهێنن ئەگەری تێکشکانی دەمارەکانی خوێن و پەککەوتنی سییەکان و دڵیان هەیە. بەکارهێنانی هەموو جۆرەکانی تلیاک و هیرۆین لەکاتی سکپڕیدا دەبێتە هۆی کۆرپەلەی کەم کێش و ئەو کۆرپەلانەش دوای لەدایک بوون نیشانەکانی پاشەکشەیان پێوەدیارە. وازهێنان و تەرککردنی تلیاک لەکاتی سکپڕیدا زۆر ترسناکە بۆ کۆرپەلەکە، هەرلەبەرئەوەیە کە پاشەکشەی پلەبەپلە و کەم کەمی دایکەکە بەباش دەزانرێت تا منالەکەی دەبێت.

لەبەرئەوەی ئاسەوارەکانی پاشەکشە زۆر سەختە چەندەها قوتابخانەی چارەسەرکردنی ئالودەگی بە هیرۆین دامەزراوە. لە UK ئاژانسی نیشتمانی چارەسەر NTA سیاسەتێکی چارەسەرکردنی بۆ ئینگلتەرە داڕشتووە. وەکو بەشێک لە ستراتیژی نیشتمانی دەرمان، ئامانجیان ئەوەیە کە تا ساڵی ٢٠٠٨ بتوانن ژمارەی چارەسەرکراوەکان بکەن بە دوو ئەوەندە. میسۆدین Methadone سەرقافڵەی ئەو دەرمانانەیە کە بۆ چارەسەرو ڕاهێنانەوەی بەکارهێنەرانی هیرۆین بەکاردێت Buprenorphine. لە نیسانی ٢٠٠١ ەوە لەلایەن

[106] Drug Scope [online]
[107] Home Office UK, (2004) Substance misuse and the Workplace. A training Pack.

پزیشکەکانەوە دەنوسرێت و لەکاتێکدا بەکاردێت کە میسۆدین باشترین چارە نەبێت؛ بۆ نمونە کاتێک کەسەکە لە قۆناغی سەرەتایی خوگریدا بێت.

بەهۆی بەکارهێنانی دەرزی و سرنجەوە لەنێوان چەندەها کەسداو زیاتر تەشەنەکردنی HIV ئایدز بیر لە کردنەوەی بنکەی تایبەت کرایەوە بۆ ئاڵوگۆڕی سرنج. لەمکاتەدا بەکارهێنەران سرنجە بەکارهاتووەکان دەگێڕنەوە بۆ بنکەکەو لەبەرانبەردا سرنجی نوێ و بەکارنەهاتوو وەردەگرن بە خۆڕایی. ئەم سیاسەتە لەپێناوی تەندروستی گشتیدایەو ئەگەرچی لەسەرەتادا زۆر کەس پێشوازی لێنەدەکرد و وایان دەدایە قەڵەم کە ئەوە ڕێخۆشکردن و ئافەرینکردنی بەکارهێنەرانە، بەڵام دواتر ڕوونبوەوە کە ئەوە سیاسەتێکی نوژداری دروستە چونکە بەکارهێنەران زیاتر دێنە ژێر باری کەمکردنەوەی مەترسی و کۆنترۆڵ و چارەسەرکردن .

لەلایەنی یاساییەوە هیرۆین لە پۆلی A دا پۆلێن کراوە لە UK و ئێستا پۆلیس بەپێی یاسای دەرمانی ٢٠٠٥ ڕێگەیانپێدراوە هەرکەسێک دەستگیر بکەن و گومانی ئەوەی لێبکرێت کە دەرمانی پۆلی A بەکارهێناوە بەبێ ڕەزامەندی خۆی پشکنینی دەرمانی بۆبکەن و ئەگەر پۆزەتیف دەرچوو ئەوا پێویستە بچێتە کۆرسی تایبەتی چارەسەرکردنەوەو پابەندی دیدارەکانی دواتر بێت .[108] هەروەها پۆلیس دەتوانێت تیشکی ئێکس بۆ ئەو قاچاخچیانە بگرێت کە دەرمان لەناوەوەی لەشیاندا دەشارنەوەو شایانی باسیشە ئەوەی ڕاستەخۆ هیرۆین بەکاربهێنێت هەتاکو ٢٤-٤٨ کاتژمێر لەوەدوا لە ڕێگای پشکنینی میزەوە دەردەکەوێت .

هەلوەسە هێنەرەکانHallucinogens

١. LSD (Lysergic Acid Diethylamide) : LSD. دەرمانێکی هەلوەسەهێنەرە و

لە بنەڕەتدا لە مادەی Ergot دەردەهێنرێت کە لەو ژار یان کەڕووە دروستدەبێت کە لەسەر ڕووەکی چاودار یان چۆدان) Rye کە پێدەچێت پەرشە بێت) و هەندێک ڕووەکی دیکە دروستدەبێت. لەشێوەی تۆزێکی سپیدایە بەڵام لە بازاڕو سەرشەقامەکان (وەک دەرمانی نایاسایی) لەشێوەی شلەمەنییەکدایە کە هەروەکو خۆی بەتەنها یاخود ڕژێنراوە بەسەر پارچەکاغەزداو هەڵیمژیوە. پارچەکاغەزەکان کراون بە پارچەی وورد ووردەوە لەشێوەی پولی پۆستەداو بەزۆری وێنە یان کڵێشەیان لەسەرە LSD .هەندێکجار دەدڵۆپێنرێت و دەکرێت بە کلۆ شەکری شەشپاڵویی یاخود لەشێوەی حەب و کەپسولی بچوکدا دروستدەکرێت. بۆئەوەی کاریگەری هەبێت لەسەر کەسێک تەنها ئەندازەیەکی زۆر بچوک پێویستەو بەڵام بەهێزی LSD جۆراوجۆرو جیاوازە. بەشێوەیەکی گشتی لەڕێگای دەمەوە بەکاردێت. لەنێوبازاڕو سەرشەقامەکاندا بەگەلێک ناوەوە ناسراوە وەک: ئەسید، خۆشی، دڵۆپ، تیشکی هێواشکەرەوە، ترشەلۆکی شل، قارچکی کاغەز، ئەستێرە، شەکر، خەیاڵ، پەنجەرەو گەلێک ناوی دیکە...

LSDیەکەمجار لەساڵی ١٩٣٨دا لەلایەن کیماگەرێکی توێژینەوەکارەوە دۆزرایەوە کە ناوی ئەلبێرت هۆفمان بوو، کە سەرقاڵی دۆزینەوەی دەرمانی نوێ بوو. لە ساڵی ١٩٤٣دا خۆی کەوتە ژێر کاریگەری خەیاڵێکی LSD ەوە لەڕێگای هەڵەوە کاتێک لە تاقیگەکەیدا خەریکی ئەزمونکردن بوو.ئەو بەمجۆرە باسی خەیاڵبوونەکەی دەکات:

"هەینی ڕابوردوو، ١٦ی نیسانی ١٩٤٣، ناچاربووم دەست لەکارەکەم هەڵبگرم لە تاقیگەکەدا لە ناوەڕاستی پاشنیوەڕۆدا و ڕوومکردە ماڵەوە، چونکە چوبوومە ژێرکاریگەری بێئارامییەکی بێوێنەوە کە تۆزێک لەگەڵیشیدا گێژبووبووم. لە ماڵەوە پاڵکەوتم و لە بارێکدا نقوم بووم کە لەشێوەی سەرخۆشییەکدا بوو کە بەلامەوە ناخۆش نەبوو، لە شێوەی هەست بە ووریابوونەوەو وروژانێکی بێهاوتادابوو. لەبارێکی وەک خەونبینیندا، بە چاوی نوقاوەوە، تەوژمێکی لەیەکنەپچڕاوی وێنەی سەیروسەمەرە، شێوەی نائاسایی و عەجایب، کە چەندەها ڕەنگ

[108] Drugs Act 2005 [online]

بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دەهاتن و دەچون بەبەرچاومدا گوزەری دەکرد. دوای دوو کاتژمێرێک ئەم بارە نەما و ئاسایی بوەوە[109] " .

لەساڵانی ١٩٥٠کان و ١٩٦٠کاندا پزیشکەکان لە ئەمریکاو UK ئەم مادەیەیان بۆ چارەسەری هەندێک لە نەخۆشانی دەرونی و ژیری بەکاردەهێنا بۆ وەبیرهێنانەوەی هەست و بیرە کپکراوەکانیان. هەروەها بەشێوەیەکی ناسەرکەوتوانە لەلایەن سوپای ئەمریکییەوە بەکارهات بۆ زانیاری هەڵهێنجان لە لەشکرەکانی دوژمن لەکاتی لێکۆڵینەوەدا وەک "دەرمانی ڕاستگۆیی" و هەروەها وەک دەرمانێک کە هیچنەبێت لەکاتی شەڕدا دوژمن تووشی سەرلێشێوان بکات .

لەسەرەتای ساڵانی ١٩٦٠کاندا خەڵک بۆ خۆشی و ڕابواردن دەستیاندایە تاقیکردنەوەی LSD . لەنێو گروپە هیپی و دابڕاوەکاندا LSD تەنانەت وەک شێوازێکی ڕێوڕەسمی ئاینیش چاویلێدەکراو وەک ڕێگایەک بۆ دەست گەیشتن بە خود، خەڵکانی دیکەو ژینگە. دەستەڵاتداران دژی بەکارهێنانی ڕاوەستان و لەساڵی ١٩٦٦دا بەکارهێنانی LSD لە UK قەدەغەکرا. بەهۆی ناوبانگی خراپی ئەم دەرمانەوە، بەکارهێنانی لە بواری پزیشکیشدا ڕاوەستێنرا بەپێی بڕیاری خراپەبەکارهێنانی دەرمانی ساڵی ١٩٧٣[110] .

لەساڵانی ١٩٧٠ کان و ١٩٨٠کاندا بەکارهێنانی LSD زۆر کەمبوەوە بەڵام جارێکی دیکە لە سەرتای ١٩٩٠ەکاندا لەنێو کۆڕی گەنجاندا سەریهەڵدایەوە.

LSDدەرمانێکی هەلوەسەهێنەرە؛ واتە بەکارهێنەرانی دەکەونە بارێکی نائاساییەوەو واهەستدەکەن کە شتی سەیروسەمەرەو ناڕاست دەبینن و دەبیستن. ئەم بارە نائاسایە کار لە هەموو هەستەکانیان دەکات و دەکەونە خەیاڵێکەوە لە جیهانی واقیعی دووریاندەخاتەوە. بەکارهێنەرانی LSD بەو خەیاڵبوونە دەڵێن گەشت و نیو کاتژمێر دوای بەکارهێنانی دەرمانەکە دەستپێدەکات و دەکرێت تا ٢٠ کاتژمێر بخایەنێت. کاریگەری LSD بەپێی ڕادەی دەرمانەکە و باری دەرونی و سۆزداری بەکارهێنەر دەگۆڕێت لەکاتی بەکارهێنانی دەرمانەکەدا. بەکارهێنەران بەزۆری باسی ئەوەیانکردووە کە بینینیان شێواوە وەک بینینی ڕەنگی زۆرو ئاڵۆزو شێوەو ئەندازەی نائاسایی و جوڵان و بزوتنی شمەکی بێگیان و بێجوڵە. گۆڕانی دەنگ و گۆڕانکاری لە هەستکردن بە کات و شوێنیش لە دیاردە باوەکانی بەکارهێنەرانی ئەم دەرمانەن.

یەکێک لەبەکارهێنەران دەڵێت :

"یەکەمین گەشتم زۆر خۆشبوو. گوڵەکان سەریاندەرهێنابوو زۆر سەرنجڕاکێش بوون. هەموو شتێک لەدەوروبەرم جوان و وەک کریستاڵ ڕوونبوون. خۆم بەبەختەوەرو هاوڕێ و هاوسۆز دەزانی چ لەگەڵ خۆم و چ لەگەڵ جیهانی دەوروبەرم[111] ".

هەست و سۆزەکان زۆر لەیەک جیاوازن. هەندێک کەس واباسدەکەن کە زۆر هەستیاربوون بەرانبەر خۆیان و خەڵکی دیکەو دەڵێن گەشتی LSD وەکو ئەزمونێکی ئاینی یان گیانی وابووە. هەستکردن بە جیابوونەوە لە جەستەش زۆر باوە لەگەڵ ئەم دەرمانەدا. ئەگەر بەکارهێنەرەکە خەمی شتێکی بێت و لە دڵەڕاوکێدا بێت یان توشی خەمۆکی بوویێت ئەوا هەستکردن بەترس و بێتاقەتی ئەگەری زیاتریان هەیە. بەکارهێنەرەکە ڕەنگە بکەوێتە باری تۆقین و پارانۆیاوە) Paranoia ئەوە بارێکی دەرونی یان ژیرییە کە ئەو کەسە بەشێوەیەکی ناڕاست واهەستدەکات خەڵکانی دیکە دەیانەوێت ئازاری بدەن و ئەو گەلێک گرنگەو خەڵک دەیانەوێت ژێر بەژێر پلانی لەدژ بگێڕن) بەتایبەتی لە دەوروبەری نەشاز و لە هەلومەرجی پاشاگەردانی و بێسەروبەریدا .

ئەو ڕاستییەی کە کاتێک ئەو کەسە LSD ی بەکارهێنا ئیتر گەڕانەوە ئەستەمە بۆ باری ئاسایی تا بەتەواوی دەرمانەکە کاریگەری نامێنێت و بەریدەدات (ئەو بارەش بەپێی چەندایەتی دەرمانەکە دەگۆڕێت کە دەکرێت ١٢ کاتژمێر یان زیاتر بێت)، وا دەگەیەنێت کە ئەگەری گەشتێکی ناخۆش زۆر نزیکە. گەشتی ناخۆش ئەو گەشتەیە کە بەکارهێنەر هەست بە شتی ناخۆش دەکات و دەکەوێتە نێو ئەزمونێکی ناخۆشەوە، وەک بە کوردی

[109] Albert Hofmann. 'LSD: My problem child,' McGraw Hill 1980.
[110] Drug Scope [online]
[111] Ibid

دەڵێن: خراپ گرتویەتی! هەمان کەس پێدەچێت بە ئەزمونی خۆش و ناخۆشدا تێبپەڕێت لە باری جیاجیادا یان تەنانەت لە هەمان گەشتیشدا. ڕادەی بەهێزی دەرمانەکەش لێکجیاوازەو زۆر نارەحەتە بزانیت ئەو بڕەی کە وەریگرتووە چەند بووە. ئەگەر بەکارهێنەران تووشی دڵەڕوکێ ببن ئەوا کەسانی دیکە دەتوانن هێوریان بکەنەوە، یان بەپێچەوانەوە ئەوەندەی دیکە تێکیانبدەن .

لەکاتی گەشتدا چەقبەستنی مێشک زۆر گرانەو زۆر ترسناکیشە ئەگەر ئەو کەسە ئۆتۆمۆبێل بهاژوێت یان ئامێر کارپێبکات. بەڵگەی ئەوە بەدەستەوە نییە کە LSD بوبێتە هۆی خوگری لەلایەنی جەستییەوە و یان بەهۆی زۆری بڕی مادەکەوە کەسەکە مردبێت، ئەگەرچی بەهۆی ئەو کارەساتانەوە کە لەژێر کاریگەری دەرمانەکەدا ڕویانداوە خەڵک مردون. هەندێک لە بەکارهێنەران باسی ئەو دیاردەیەیان کردووە کە بە فلاشباک ناسراوە؛ لێرەدا ئەو کەسە جارێکی دیکە دەکەوێتەوە ژێر کاریگەری ئەو بەسەرهاتەوە کە پێشتر ڕویداوە. لەم بارەدا ماوەی فلاشباکەکە کورتە بەڵام زۆر پەشێوکەرە ئەگەر ئەو کەسە نەزانێت کە شتی لەو بابەتە هەیە .

زۆربەی بەکارهێنەران ڕۆژانە بەکاریناهێنن، تاڕادەیەک لەبەرئەوەی وادیارە بڕی زیاتر کاریگەری نەبێت ئەگەر چەند ڕۆژێکی نەکەوێتە نێوانەوە. بەڵام لەگەڵئەوەشدا زۆرکەس ئەوەندە بەردەوام بەکاریدەهێنن کە بەتەواوی لە جیهانی واقیعی دادەبڕێن. لە شەستەکاندا ترسی ئەوە بڵاوبووەتەوە کە گوایە LSD کرۆمۆسۆمەکان تێکدەدات و مناڵانی پاشەڕۆژی بەکارهێنەران دەشێوێنێت، بەڵام بۆ ئەو مەسەلەیە هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە[112].

لەبارەی یاساییەوە LSD دەرمانێکە لە پۆلی A و ئێستاکە هیچ جۆرە بەکارهێنانێکی پزیشکی نییە هەربۆیە بەهەموو جۆرێک قاچاخە. واتە لە UK بەهەرکەسێک بگیرێت ٧ساڵ زیندانی دەکرێت و بارمتەش دەکرێت، ئەگەر ئەوکەسە بیفرۆشێت یان دابینیکات ئەوا زیندانی هەتا هەتایی و بارمتەش دەکرێت .

٢. DMT ناوە کیمیاوییەکەی **dimethyltriptamine** و ئەمیش هەروەک LSD دەرمانێکی هەلوسەهێنەرە بەڵام دەڵێن گوایە لەو بەهێزترە. دەتوانرێت بەڕێگای دەرزی، کێشان یان هەڵمژینەوە بەکاربێت. کاریگەرییەکانی ئەم دەرمانە کورتخایەنن و کەمجار لە ٢ کاتژمێر زیاتر دەخایەنن. ئەم دەرمانەش لە گەڵێک جۆرە ڕووەک دەردەهێنرێت وەک Phalaris aquatica و.arundinacea

ئەم دەرمانەش لە پۆلی A پۆلێنکراوە.

٣.قارچکی ئەفسوناوی : **Magic Mushroom** ئەمانە ئەو جۆرە قارچکانەن کە کاریگەری هەلوسەهێنەریان هەیەو بەشێوەیەکی کێوی لەزۆر شوێنی جیهان دەڕوێن لە پایزدا. جۆری سەرەکییان کە بەکاردێت ئەو جۆرەیە کە پێیدەڵێن کڵاوی ئازادی Liberty cap یان Psilocybe semilanceata بەڵام ئەو جۆرەش کە پێیدەڵێن Fly agaric یان Amanita Muscaria هەندێک جار بەکاردێت.

قارچکی ئەفسوناوی بە گەلێک ناو ناسراوە لە نێو بازاڕو سەرشەقامەکاندا وەک: ئازادییەکان، ئەفسونەکان، موشی، کڵاوی ئازادی و هتد ...

هەموو جۆرەکانی قارچکی ئەفسوناوی بێجگە لە Fly agaric بەشێوەیەکی گشتی بە کاڵی دەخورێن، بەڵام وشکیش دەکرێنەوەو هەڵدەگیرێن بۆئەوەی دوایی بەکاربهێنرێن. دەتوانرێت بکوڵێنرێن و بکرێن بەخۆراک یان بکرێن بەجۆرێک لە چا یان شلەمەنی و بخورێنەوە. ٢٠-٣٠ قارچکی کڵاوی ئازادی بە ژەمێکی تەواو دادەنرێن، بەڵام یەک دانە یان لەتێک لە جۆری Fly agaric بەسە بۆ ژەمێک[١١٣].

ژمارەیەکی زۆر ڕووەکی هەلوسەهێنەرو قارچک لەلایەن خێڵە کۆنەکان و شارستانییە دێرینەکانەوە بەکارهاتووە وەک ڕێبازێک بۆ چونە نێو جیهانی گیانەوە . Spiritual World قارچکی Fly agaric لەلایەن حەکیمەکان یان پیاوچاکانی (ئەوانەی دوعا بۆ خەڵک دەکەن یان بۆیاندەپاڕێنەوە) باکوری خۆرهەڵاتی ئاسیاو سیبریاوە بەکارهاتوون. قارچکی جۆری کڵاوی ئازادی لەلایەن گەلی ئازتێکەوە Aztecs لە مەکسیک

[112] Ibid
[113] Ibid

وەکو مەستیهێنەری پیرۆز چاویانلێکراوە لەو سەردەمەدا کە ئیسپانییەکان ئەوێیان داگیرکردووە لە ساڵانی ١٥٠٠ ەکاندا. ئەم قارچکانە لە مێژووی ئەوروپادا جێگایەکی ئەوتۆیان نییە، ئەگەرچی ئەفسونگەرە کۆنەکان بەکاریان هێناون .

بەکارهێنانی قارچکی ئەفسوناوی لە UK بۆ مەبەستی شادیهێنەر دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ١٩٧٠کان وەکو جێگرەوەیەکی یاسایی بۆ .LSD بەکارهێنانی جۆری Fly agaric تا ئێستاش دەگمەنە بەڵام بەکارهێنانی جۆری کڵاوی ئازادی زۆر باوە بەتایبەتی لەنێو گەنجاندا .

کاریگەری کڵاوی ئازادی وەکو کاریگەری ژەمێکی بچوکی LSD وایە وەهەروەها بەپێی مەزاجی ئەوکەسەو باری دەرونی و پێشبینییەکانی بۆ ئەو دەرمانە، زۆر دەگۆڕێن.

کاریگەرییەکانی دوای نیو کاتژمێر دەردەکەون و بۆ ماوەی تا ٩ کاتژمێر دەمێننەوە، ئەمەش پشت بەوە دەبەستێت کە چەند دانە بەکارهاتووە. بەکارهێنەران زۆربەی جار زۆر پێدەکەنن و زۆر هەست بە متمانەبەخۆبوون دەکەن. هەندێک کەسیش سەریانگێژدەخوات و دەرشێنەوەو ناوسکیان دێشێت. خواردنی بڕێکی زۆر دەبێتە هۆی گەشتێکی بچوک یان مامناوەندی بە شێوانی دەنگ و بینینیشەوە .

گەشتی خراپ یان ناخۆش زۆر تۆقێنەرەو پێدەچێت ترس، دڵەڕاوکێ و پارانۆیا بگرێتەوە. ئەمە کاتێک ئەگەری زیاترە کە ئەو کەسە بڕێکی زۆری خواردبێت یان ئەگەر خۆی لەخۆیدا لە ترس و دڵەڕاوکێدا بێت. ئەو کەسانەی کە دەکەونە گەشتی ناخۆشەوە دەکرێت بەهۆی کەسانی دەوروبەریانەوە هێوربکرێنەوە. ماوەیەک لەوەدواش هەروەک لە LSD دا ڕوودەدات، پێدەچێت فلاشباک ڕووبدات و ئەو کەسە هەرلەخۆیەوە جارێکی دیکە بکەوێتەوە ئەو گەشتە ناخۆشەوە ئەمەش زۆر تۆقێنەرە بەتایبەتی بۆ کەسێک کە چاوەڕوانی شتێکی وەها نەبێت. پاش ماوەیەک هەموو ئەم خەیاڵ و بیرکردنەوانەیان لە هزردا دەسڕێتەوە.

یەکێک لەوانەی تووشی ئەم گەشتە ناخۆشانە بووە دەڵێت:

"هەر لەپڕ دیوارەکان دەستیانکرد بە سوڕانەوە، ویستم کۆتایی پێبێت بەڵام کاتێک دەستت پێکرد ئەستەمە توانیت ڕایوەستێنیت. لەڕاستیدا بەڵایەکی گەورەبوو بەسەر کەللەی سەرمەوە[114] ".

مەترسی هەرە گەورە لەوەدایە کە کەسێک بە هەڵە جۆرێک قارچکی ژاراوی بخوات و وابزانێت ئەوەیە. هەندێک جۆر قارچک هەن کە بەڕاستی کوژەرن وەک Amanita Phalloides و Amanita Virosa.[١١٥]

قارچکی ئەفسوناوی، هەروەک LSD لەشی مرۆڤ بەخێرایی لەگەڵیدا ڕادێت و بەمجۆرە بۆ ڕۆژی دووەم ئەو کەسە پێویستی بە دوو ئەوەندە قارچکی جۆری کڵاوی ئازادییە بۆ ئەوەی هەمان کاریگەری یەکەمجاری هەبێت. ئەگەرچی مرۆڤ لەلایەنی جەستەییەوە خوی پێوەناگرێت و ئەگەر بەکارینەهێنێت هەست بە ئاسەوارەکانی پاشە ناکات پاش بەکارهێنانیشی بە بەردەوامی، بەڵام زۆر کەس لەلایەنی سایکۆلۆژییەوە خوی پێوەدەگرن و بەردەوام حەز بە بەکارهێنانی دەکەن. تا ئێستاکە بەڵگەی ئەوە بەدەستەوە نییە کە بەکارهێنانی بۆ ماوەی دوورودرێژ و بەردەوام ببێتە هۆی مەترسی تەندروستی گەورەو جیددی .

لەگەڵ بەکارهێنانی Fly agaric دا ئەگەری کاریگەری خراپ زیاترە، وەک سەرگێژخواردن و ڕشانەوە، ڕەقبوونی جومگەکان و لەدەستدانی هاوکێشەی لەش. بەکارهێنانی بڕێکی زۆر لەم مادەیە (هەرچەندێک بێت زیاتر لە یەک قارچکی (Fly agaric ڕەنگە ببێتە هۆی خۆوونکردنێکی تەواو (واتە ئەو کەسە نازانێت کێییەو بۆکوێ دەچێت و چی دەکات) و فێ لێهاتن و هەندێک جاریش مردن .

بەکارهێنانی قارچکی ئەفسوناوی لە سکۆتلەندو وێڵز گەلێک بڵاوە لە ئینگلتەرەش لەنێو گەنجاندا برەوی هەیە. لەلایەنی یاساییەوە لە گەلێک وڵاتی جیاجیادا یاسای جۆراوجۆر هەیە لە پەیوەندیدا بە قارچکی ئەفسوناوییەوە. لەم دوایانەدا حکومەتی فیدراڵی ئەمریکی یاساکانی زۆر توندوتیژکردەوە لەدژی دەرمان و مادە سڕکەرەکان بە

---

114 Ibid

115 Ibid

گشتی، بە قارچکی ئەفسوناویشەوە. لەزۆر وڵات قارچکی ئەفسوناوی بە تەڕوتازەیی قەدەغە نییە بەڵام بە وشککراوەیی و ئامادەکراوی زۆر قەدەغەیە. لە هۆڵەندا تا ساڵی ٢٠٠٢ نە قارچکی تەڕو نەووشک قەدەغە نەبوو بەڵام لە بەرواری ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢ ەوە جۆری ووشککراوە قەدەغە کرا .[116] لە UK تا ساڵی ٢٠٠٥ جۆری تەڕ قەدەغە نەبوو بەڵام بپێی یاسای دەرمانی ٢٠٠٥ هەموو جۆرە قارچکێکی ئەفسوناوی کە مادەی psilocin یان\وە ester of psilocin ی تێدابێت لە UK قەدەغەو یاساغە ئیتر تەڕو تازە بێت یان ووشککراوەو ئامادەکراو .[117] قارچکی ئەفسوناوی لە UK بە دەرمانی جۆری پۆلی A پۆلێنکراوە ئەگەر لەو جۆرانە بێت کە باسکران .
پۆلیسی هەرێمی ئۆهیۆ لە USA دەست دەگرێت بەسەر بڕێکی زۆر قارچکی ئەفسوناویدا[118]:

٤.کانەبیس (حەشیش) : کانەبیس یەکێکە لەو دەرمانانەی کە زۆر بڵاوەو زۆریشی لەسەر نوسراوەو لەگەڵێک شوێنیش تا ئێستا جێگای مشتومڕی یاسایی و ئەدگارییە بۆ قەدەغەکردن یان ڕێپێدان. کانەبیس لەسەر شەقام و ناوبازاڕدا بەگەلێک ناو ناسراوە وەک: حەشیش، کانەبیس، بژار، ڕەش، گیا، هاش، ڕووەک، مارەوانا، مەنجەڵ، تیشکەکانی باکور، کەتیرە، دوکەڵ، سفرو هتد ...
کانەبیس یان حەشیش ڕووەکێکە کە لە گەلێک شوێنی ئەم جیهانە بەشێوەیەکی کێوی دەڕوێت و بەئاسانی لە کەش و هەوای وەک کەشوهەوای UK دا گەشەدەکات و وەبەردێت. هەندێک ناوی ئەم ڕووەکە بەناوی ئەو شوێنەوە ناو نراوە کە لە بنەڕەتدا لێوەی هاتووە وەک جۆری ئەفغانی، کۆڵۆمبی، لوبنانی، مەغریبی، پاکستانی و بەریتانی و هتد... تەنانەت وشەی Assassin کە لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ ڕەشەکوژی و غافڵکوژی بەکاردێت لە بنەڕەتدا لە وشەی حەشاشین (حەشیشییەکان یان حەشیشخۆرەکان)ەوە هاتووەو دواتر لەسەر زمانی ئەوان بووە بە ئەساسین و وەک تاکە وشەی زمانی ئینگلیزی بۆ ئەو مەبەستە لەنێو فەرهەنگی زماندا جێگایەکی بۆ خۆی گرتووە. ئەو کۆمەڵە حەشیشخۆرە پیاوکوژەش کۆمەڵێک شیعەی ئیسماعیلیی بوون لە سەدەی یازدەهەمدا [بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی -تیرۆریزم:چونە نێو ناخی دیاردەیەکی جیهانییەوە-جۆرەکانی تیرۆریزم. و. عەتای مەلا کەریم]
کانەبیس لە پەلکی ڕووەکی حەشیش یان کانەبیس دەردەکرێت، کە ڕوەکێکی قەرەباڵغ و پەلوپۆدارە. چالاکترین پێکهاتەی کانەبیس مادەی tetrahydrocannabinols (THC) ە کە ئەوانەش ئەو مادە کیمیاویانەن کە کاردەکەنە سەر مێشک .
جۆری جیاجیای کانەبیس لە بەشی جیاجیای ڕووەکەکەوە دەردەهێنرێت و کاریگەری جیاوازیشیان هەیە. حەشیش یان وەک خۆیان دەڵێن هاش Hash بڵاوترین جۆریانە کە لە UK دەبینرێت. ئەوەش ئەو مادە کەتیرەییە کە بەهۆی ووردوخاشکردن یانووڵینی پەلکی وشککراوەی ڕووەکەکەوە دەردەهێنرێت و دوای ئەوەش لەشێوەی قاڵبی قاوەیی و ڕەشدا کەبس دەکرێت. ئەو قاڵبانەش بەزۆری لە مەغریب، پاکستان، لوبنان و ئەفغانستان یان نیپاڵەوە دەهێنرێن بۆ . UK کانەبیسی گیاییش لە گەڵای جنراوو وشککراوە ی ڕووەکەکەوە ئامادەدەکرێت. ئەوەش بەنێوی گیا، پەلک و ganga و لە ئەمریکاش بە مارەوانا marijuana ناسراوە و لە ئەفریکا، ئەمریکای باشور، تایلەند، ناوچە هیندییە خۆرئاواییەکانەوە دەهێنرێت. هەندێک بڕی کانەبیس لەنێو وڵاتی بەریتانیادا وەبەردێت، هەندێک جار بەبڕی زۆر بۆ فرۆشتن بەڵام بەزۆری تاکەکەسەکان لە ماڵی خۆیاندا یان لە خانوی شوشەدا بەرهەمیدەهێنن بۆ مەبەستی بەکارهێنانی تایبەتی خۆیان[119].
کانەبیسی گیایی بەشێوەیەکی گشتی ئەوەندەی شێوازی کەتیرەیی بەهێز نییە. بەڵام لەگەڵئەوەشدا هەندێک شێوازی زۆر بەهێزی کانەبیسی گیایی لەم دواییانەدا لە هۆڵەنداو بەریتانیا بەرهەمهاتووە .

[116] Psilocybe Magic Mushrooms and the law- legal issues. [online]
[117] Drugs Act 2005 C.17 [online]
[118] Ohio State Highway Patrol [online]
[119] Drug Scope [online]

ڕۆنی کانەبیس زۆر بەکەمی لە UK ببینرێت کە ئەویش بەهۆی چۆڕاندنەوەی مادەیەکی ڕوونکەرەوە یان کاڵکەرەوەوە بەسەر مادە کەتیرەییەکەدا بەرهەمدێت. حەشیشی جۆری ڕەنگ سوری لوبنانی بەمجۆرەی خوارەوە ئامادەدەکرێت:
یەکەمجار گەڵا کانەبیسەکان ڕنەدەکرێن دوای ئەوەش بەرهەمەکەی زیاتر دەهاڕرێت و لەبێژنگ دەدرێت تادەبێت بە تۆز. لەئەنجامیشدا کەبس دەکرێت لەشێوەی قاڵب یان گونکدا[120].

بەڵام حەشیشی نیپاڵی بەمجۆرە ئامادەدەکرێت:
مادە کەتیرەییەکە دەوڵرێت و دوای ئەوەش لەسەر دەست کۆدەکرێتەوەو لە ئەنجامیشدا دەشێلرێت تادەبێت بە هەویر[121].

لە بەریتانیا کانەبیس بەشێوەیەکی گشتی دەکێشرێت؛ مادەکە لەنێو سیغاردا دەپێچرێتەوە یان لەگەڵ توتندا تێکەڵدەکرێت. شێوەی گیاییەکەی هەندێکجار دەکرێت بە جگەرە بەبێ توتن. هەندێکجار کانەبیس لە سەبیلدا دەکێشرێت، لێدەنرێت و دەکرێت بەجۆرە چایەک یان دەکوڵێنرێت و دەکرێت بە کێک.
لە چەندەها سەدە لەمەوبەرەوە تا ئەمڕۆ لە بەریتانیا پەلکی کانەبیس گوریس، پەت، حەسیر، پۆشاک، ڕۆنی چێشتلێنان، سوتەمەنی، تۆڕی ماسی، ئارایشت، چارەسەری گیایی، بۆیە و وارنیشی لێدروستکراوەو دەکرێت. ئێستاکە لە بەریتانیا کێڵگەی تایبەت هەیە بە چاندنی کانەبیس بۆ ئەو مەبەستانە بەڵام لەژێر چاودێری ووردی دەوڵەتدا.
کانەبیس یەکێکە لەودەرمانانەی کە لەکۆنەوە بۆ مەبەستی پزیشکی ناسراوە. لەکۆنەوە لەلایەن چینییەکان و هیندییەکان و خەڵکی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ مەبەستی چارەسەری پزیشکی ، بۆ دروستکردنی جلوبەرگ و گونیەو گوریس ، بۆ مەبەستی بۆنەو ئاهەنگە ئاینییەکان و بۆ ڕابواردن و خۆشی بەکارهاتووە. یەکەمجاریش وەک دەرمانێک بۆ چارەسەری ئازار بەتایبەتی ئازاری منداڵبوون و سوڕی مانگانە لە ئەوروپا بەکارهاتووە. واباسدەکرێت کە پزیشکێک کە خۆی لە هیندستان کاریکردووە هێنابێتی بۆ ئەوروپا. پڕوپاگەندەی ئەوە هەیە کە شاژن ڤیکتۆریای ئینگلتەرە دوکتۆرەکەی ئەم دەرمانەی بۆ نوسیبێت .[122]
بەکارهێنانی کانەبیس لە UK بۆ مەبەستی ناپزیشکی و ڕابواردن یەکەمجار لە ساڵی ١٩٢٨دا قەدەغەکرا، دوای ئەوەی نوێنەرانی باشوری ئەفریکاو میسر لە کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتیدا دەربارەی ئەفیون دەوڵەتەکانی دیکەیان دڵنیاکردەوە کە کانەبیس خەڵکی شێتکردووە .[123] ئەو بیرۆکەیەی کە کانەبیس خەڵکی شێتکردووە لە ساڵانی ١٩٣٠ ەکان و ١٩٤٠ەکاندا لە ئەمریکا برەوێکی باشی هەبووە. گەلێک بابەتی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا

[120] Ibid
[121] Ibid
[122] Ibid
[123] Ibid

لەسەر نوسراوەو تەنانەت فیلمیشی لەسەر دەرکراوە بۆ ئەوەی خەڵک باوەڕپێبکەن کە کانەبیس دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەکارهێنەرانی تاوانی گەورە ئەنجامبدەن. لەو سەردەمەدا کانەبیس لە UK زۆر بەکەمی بەکاردەهات و تا ناوەڕاستی ١٩٦٠ەکانیش بەکارهێنانی تەنها بەندبوو بە لایەنگرانی میوزیکی جاز لە لەندەن و هەندێک کۆمەڵی خەڵکی ناوچە هیندییە خۆرئاواییەکان. بەڵام لە ساڵانی ١٩٦٠ەکاندا بەکارهێنانی بەخێرایی زیادیکرد بە تایبەتی لەنێو خوێندکارە لاوەکانی زانکۆو کۆلێجەکاندا. لە ١٩٧٣دا حکومەتی بەریتانی فەرمانیدا کە کانەبیس نابێت لەلایەن پزیشکەوە بۆ نەخۆش بنوسرێت چونکە کەڵکی نوژداری نییە[124].

لەڕاستیدا دوای تێپەڕینی ١٩٦٠ەکان بەکارهێنانی کانەبیس لەلایەن هیپییەکانەوە ئەو گرنگییە میدیاییەی نەما تا ناوەڕاستی ١٩٧٠کان و دوای ئەوەش لە ١٩٩٠ەکاندا؛ کاتێک بەکارهێنانی دەرمان بەشێوەیەکی گشتی لەنێو گەنجاندا لە UK پەرەیسەند .

کێشانی کانەبیس دەبێتە هۆی ژمارەیەک کاریگەری جەستەیی وەک زیادبوونی لێدانی دڵ، دابەزینی پەستانی خوێن، سورهەڵگەڕانی چاو، زیادبوونی ئارەزووی خواردن و جاروبار گێژبوونیش. کاریگەرییەکانی دوای چەند خولەکێک دەردەکەون و پێدەچێت چەندەها کاتژمێر بمێننەوە، بەگوێرەی بڕی ئەو مادەیەی کە وەرگیراوە. ئەگەر بخورێت ئەوا کاریگەرییەکانی درەنگتر دەردەکەون بەڵام ڕەنگە زیاتر بمێننەوە. خواردنی کانەبیس پێدەچێت واتای ئەوە بگەیەنێت کە بڕێکی زۆر لەو دەرمانە بەیەک جار وەرگیراوەو لەمبارەشدا زۆر سەختە بتوانیت خۆت لە دەرئەنجامە خراپەکانی بپارێزیت .

کانەبیس کاریگەرییەکی هێمنکەرەوەی کەمی تێدایە بەڵام ئەو کاریگەرییە بەگوێرەی مەزاجی کەسەکەو چاوەڕوانی و پێشبینیان بۆ ئەو دەرمانە زۆر جۆراو جۆرو جیاوازە. زۆر کەس وا هەست دەکەن کە یەکەمجار کانەبیسیان بەکارهێناوە هیچ شتێکی ئەوتۆ ڕوینەداوە. بەشێوەیەکی گشتی کانەبیس وا لە خەڵکی دەکات کە بحەوێنەوە. پێدەچێت قاقا پێبکەنن و چەنەبازبن یان بەپێچەوانەوە بێدەنگ و مات بن. زۆر جار بەکارهێنەران ووتویانە کە زیاتر هۆشیار بوون بەرانبەر میوزیک و ڕەنگەکان و کاتیش دەڵێیت لەجێگای خۆی ڕاوەستاوەو نابزوێت.

گەنجێکی کوردی دانیشتوی بەریتانیا ئەئاوا باسی بەسەرهاتەکە دەکات:

"ئەو ماڵە گەلێک کەسی لێبوو. هەموویان قاقا پێدەکەنین مژیان لە جەگەرەکانیان دەداو زیاتر پێدەکەنین. من سەرم سوڕمابوو، هەرگیز شتی ئەوتۆم نەبینیبوو. ووتیان ئەمە دەرمانی پێکەنینە، یەکسەر دەتهێنێتە پێکەنین. یەکێکیان فەرمووی کردم و بەرلەوەی من بڵێم ئا یان نەء یەکێکی دیکە لەوبەری ژوورەکەوە ووتی: نیارە دەترسیت هیچ نییە بەسەری تۆ تەنها دەرمانی پێکەنینە ".

کاتێک ئەو کەسە لە ژێر کاریگەری کانەبیسدایە بیری کورتخایەنی وەک یادهاتنەوەی ئەوەی کە یەکسەر چی ڕویداوە یان بیری لە چی کردۆتەوە پێدەچێت کاریتێبکرێت، بەڵام کاتێک کاریگەرییەکانی کانەبیس نامێنێت ئەو بیرهاتنەوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی جارانی. ئەو کەسانەی کە لەژێر کاریگەری کانەبیسدان کۆنترۆڵیان پێدەچێت تێکبچێت و لەمکاتەدا ئەگەری کارەسات زیاترە، بەتایبەتی ئەگەر ئۆتۆمۆبێل لێبخوڕن یان ئامێر و ئامراز کارپێبکەن.

نەمانی شەرم مانای ئەوەیە ئەو کەسانە پێدەچێت بکەونە هەڵوێستی سێکسی ئەوتۆوە کە دوایی لێی پەشیمان بن و ئەگەری سێکسی مەترسیدارو نا ئەمان واتە بەبێ بەکارهێنانی کۆندۆم زیاترە[125] .

کانەبیس هەندێک کەس دەخاتە دڵەڕاوکێ و ترس و تۆقین و پارانۆیدەوە و واهەست دەکەن کە هەموو کەس دژیانە. ئەم بارە لەو کەسانەدا ئەگەری زیاترە کە یەکەمجاریانە بەکاریدەهێنن یان خۆیان لەخۆیاندا لە ترس و دڵەڕاوکێدان یاخود جۆری بەهێزو بڕی زۆریان وەرگرتووە. ئەگەر ئەو کەسانەی کە خۆیان باری دەرونیی یان ژیرییان تەواو نییە بڕێکی زۆر بەکاربهێنن پێدەچێت بیانخاتە هەلومەرجێکی زۆر ئاڵۆزو پڕتەنگوچەڵەمەوە.

---

[124] Ibid
[125] Ibid

بەڵگەی یەکلاکەرەوە بەدەستەوە نییە کە بەکارهێنانێکی ماماوەندی و دوورودرێژی کانەبیس بووبێتە هۆی تێکچون و دارمانی جەستەیی یان دەرونی بەردەوام. بەڵام زۆر نزیکە کە بەردەوام هەڵمژینی دوکەڵی کانەبیس بەدرێژایی چەندەها ساڵ ببێتە هۆی نەخۆشی ڕێچکەکانی هەواو کێشەکانی دیکەی کۆئەندامی هەناسەدان و ئەگەری شێرپەنجەی سییەکان و بەشەکانی کۆئەندامی هەرس. ئەگەری مەترسییەکان زۆر زیاترە ئەگەر کانەبیس لەگەڵ توتندا بکێشرێت. زۆر کەس دەڵێن زیانەکانیان وەک یەکەو هەندێکی دیکە دەڵێن زیانی دوکەڵی کانەبیس زۆرترە(بێگومان لێرەدا مەبەست هەر دوکەڵەکەیەتی نەک کاریگەرییەکانی دیکەی لەسەر مێشک وەک دەرمانێک) . تا ئێستا ڕوون نییە کە کامیان (دوکەڵی توتن و کانەبیس) زیاتر وێرانکەرە ئەگەرچی ئەوانەی کانەبیس دەکێشن وادیارە قووڵتر هەڵیدەمژن و کانەبیس ئەو جۆرە قەترانانەی زیاتر تێدایە کە دەبنە هۆی شێرپەنجە[126] .

بەبڕوای کاتی بایلی لەUSA ، کاریگەرییەکانی کانەبیس لەسەر مێشک نابێت پشتگوێبخرێن. ئەو هەست بەخۆشیکردنەی بەکارهێنەرانی کانەبیس یان ماریوانا Marijuana بەهۆی مادەی tetrahydrocannabinols (THC)وەیە کە لەو ڕووەکەدایە و وەک پێشتر باسیکرا بەهێزترین توخمێتی لەسەر مێشک. بەڵام ئەو توخمە کیمیاوییە لایەنی نێگەتیفیشی هەیە، کاتێک ئەو کەسە ئەو دەرمانە دەکێشێت THC بەپەلە بەنێو سوڕی خوێندا بەرەو مێشک گەشت دەکات. لێرەدایە کە کێشەکە دەقەومێت. لەنێو مێشکی هەر کەسەدا شانەی تایبەتی وەرگر هەیە، کە پێیان دەڵێن وەرگری cannabinoid ، کە لە چەندەها شوێنی گرنگی مێشکدا جێگیرن بەو شوێنەشەوە کە لە بیرو هۆشی ئێمە بەرپرسیارە THC . دەنوسێت بە وەرگری cannabinoid ەوەو کاردەکاتە سەر کارکردنی ئاسایی مێشک بە بەرگرتن لە گواستنەوەی پەیامەکان .[127] وەک لەو هێڵکارییەدا ڕوونکراوەتەوە :



MENTAL BLOCK: A THC molecule binding to a cannabinoid receptor and suppressing the neuron's ability to send messages

[126] Ibid
[127] Real News About Drugs and Your Body. [online]

خوگری جەستەیی نەسەلماوە بۆ بەکارهێنانی کانەبیس، ئەوانەی کە بەردەوام کێشاویانە و دواتر وازیانلێهێناوە نیشانەکانی پاشەکشەیان پێوەدیارنەبووە بەو شێوەیەی کە لە دەرمانێکی وەک هیرۆیندا هەیە. ئەگەرچی بەکارهێنەرانی بەردەوام لەلایەنی سایکۆلۆژییەوە خوی پێوەدەگرن و بۆئەوەی ڕۆژەکەیان بەسەر بەرن پشت بە کانەبیس کێشان دەبەستن[128] .

بەڵام دوکتۆر گلێن هانسن بەڕێوەبەری پەیمانگای نیشتمانی بۆ مەبەستی خراپبەکارهێنانی دەرمان NIDA لە ئەمریکا لەوباوەڕەدایە کە کانەبیس، یان وەک ئەمریکییەکان دەڵێن ماریوانا، خوگرو بگرە ئالودەکەریشە. ئەو دەڵێت: " من گاڵتەم بەوە دێت کە دەڵێن ئالودەکەر نییە، مەگەر بڵاوترین دەرمانی نایاسایی نییە کە لەلای ئێمە بەکاربێت " .[١٢٩] ئەگەرچی دوکتۆر هانسن هۆشیارە کە هەرکەس ئەو مادەیەی کێشا ئالودە نابێت بەڵام ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە کە زۆر کەس سوێیان دەبێتەوە بۆ دەرمانەکەو کە دەستیان ناکەوێت نیشانەکانی پاشەکشەیان لێوەدەردەکەوێت. ئەو بەمجۆرە کۆتایی بە قسەکانی دەهێنێت: " بەلای منەوە ئەوە پێناسەی ئالودەگییە".[١٣٠]

هەندێک کەس دەڵێن گوایە بەکارهێنانی کانەبیس دەبێتە هۆی کێشەی دەرونی کە بە "نەخۆشی دەرونی کانەبیس" ناسراوە. لەڕاستیدا بەکارهێنانی کانەبیس دەتوانێت باری دەرونی ئەو کەسانە خراپتر بکات کە کێشەی وەک شیزۆفرینیایان هەیە. بەڵام بەڵگەی دڵنیاکەرەوە لەبەردەستا نییە کە بەکارهێنانی کانەبیس ببێتە هۆی دروستبوونی ئەو جۆرە کێشانە. بەڵگە نەسەلمێنراوەکان وا دەگەیەنن کە جۆری Skunk پێدەچێت بەرپرسیار بێت لە "نەخۆشی دەرونی کانەبیس"، بەڵام ئەم بیردۆزەیەش بەتەواوی نەسەلمێنراوە. ئەوەی کێشەکە دروستدەکات پێدەچێت مەسەلەی بەهێزی مادەکە بێت، چونکە Skunk چەندەها ئەوەندەی کانەبیسی ئاسایی بەهێزترە[131].

کەسێک کە بەزۆری کانەبیس بەکاردەهێنێت پێدەچێت ماندوو بێتاقەت و بێهێز دیاربێت و لە کارو خوێندندا تەمەڵ و کەمبەرهەم بێت. ئەم بارودۆخە ڕەنگە چەندەها هەفتە بەردەوام بێت دوای ڕاگرتنی دەرمانەکە. ئەگەرچی ئەو بارە دەگمەنەو لەو بارە دەچێت کە لە کەسێک چاوەڕواندەکرێت کە ئەلکهول زۆر دەخواتەوە یان بەبەردەوامی حەبی هێورکەرەوە دەخوات .

زۆر کەس ووتویانە بەکارهێنانی کانەبیس دەبێتە هۆی ڕۆیشتن بەرەو دەرمانە بەهێزەکانی وەک هیرۆین و کۆکاین. زۆربەی ئەوانەی کە هیرۆین و کۆکاین بەکاردەهێنن کانەبیسیان بەکارهێناوە بەڵام زۆربەی ئەوانەی کە کانەبیسیان بەکارهێناوە هیرۆین و کۆکاینیان بەکار نەهێناوە. بە شێوەیەکی دیکە بڵێین، کانەبیس بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی نابێتە هۆی بەکارهێنانی دەرمانی دیکە[132] .

ئایا کانەبیس کەڵکی پزیشکی هەیە؟

کانەبیس لە دێر زەمانەوە بۆ مەبەستی چارەسەری پزیشکیی میللی بەکارهاتووە [بڕوانە: مێژووی بەکارهێنانی دەرمان و مادە سڕکەرەکان] . لە بەریتانیاش تا ساڵی ١٩٧٣ بەکارهێنانی بۆ مەبەستی پزیشکی میللی قەدەغە نەبوو. لەو کاتەوە لە ئەمریکاو بەریتانیا گرنگییەکی زۆر دراوە بە لایەنە نوژدارییەکانی بەکارهێنانی کانەبیس بۆ گەلێک مەبەستی پزیشکی وەک ڕەبوو، گلاوکۆما، چارەسەرکردنی ئازاری بەهێزو لاواز، گرژبوونی ماسولکەکان و کێشەکانی مەزاج. ئەو دۆزینەوە نوێیانەش سەبارەت بە وەرگری cannabinoid ئەگەری ئەوە دروستدەکەن کە پێدەچێت کانەبیس کاریگەر بێت بۆ چارەسەرکردنی ژمارەیەک شێوانی سایکۆلۆژی و جەستەیی .

---

128 Drug Scope [online]
129 Real News About Drugs and Your Body. [online]
130 Ibid
131 Drug Scope [online]
132 Ibid

ئەندامە تاکەکانی پیشەی پزیشکی و کۆمەڵەی نوژدارانی بەریتانی BMA پشتیوانی خۆیان بۆ هەڵمەتی بەکارهێنانی کانەبیس بۆ مەبەستی پزیشکی دەربڕیوە. بێگومان BMA پشتیوانی ئەوە ناکات کە کانەبیس بەشێوەی کێشان بنوسرێت بۆ نەخۆش بەڵکو دەبێت بەشێوەیەکی پزیشکی ئامادەبکرێت و نەخۆشەکان بۆمەبەستی دیاریکراو کەڵکی لێوەربگرن. کۆمیتەی دیاریکراوی ئەنجومەنی لۆردەکانیش لە ساڵی ١٩٩٨دا گەیشتە هەمان دەرەنجام دەربارەی کانەبیس[133] .

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش گەڵێک توێژینەوە بەدەستەوەیە بۆ دەستنیشانکردنی بەرهەمەکانی کانەبیس و چۆنێتی گۆڕینیان بۆ دەرمانی پزیشکی بەسود. لە داهاتودا پێدەچێت یاساکان گۆڕانکاریان بەسەردا بێت و ڕێگابدرێت بە پزیشکەکان کە کانەبیس بۆ نەخۆش بنوسن بۆ چارەسەری نەخۆشی بەشێوەی جیاواز لە کێشان؛ پێدەچێت لەشێوەی حەب، هەڵمژین، سپرای، بەکارهێنانی لەسەر پێست و لە ڕێگای کۆمەوە هتد... شتێکی دوورە کە کانەبیس بەڕێگای کێشان بکرێت بە دەرمانی نوژداری. حکومەت و BMA لە بەریتانیا لەوباوەڕەدان کە زۆر ئەستەمە بەڕێگای کێشان بتوانیت ژەمی پزیشکی لێئامادەبکەیت، لەکاتێکدا کە ژمارەیەک مادەی شێرپەنجەیی و قەتران و مادەی ژاراوی تێدایە کە دەبنە هۆی تێکشکاندنی تەندروستی و هێنانە کایەی شێواندنی باری مەزاج و هەڵسوکەوت. کێشەیەکی تر مەسەلەی کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی دەرمانەکەیە وەک دەرمانێکی نوژداری و ناکرێت هەر بەهۆی لایەنە پۆزەتیفەکانییەوە لایەنە نێگەتیفەکانی فەرامۆشبکەین و خەڵکانێک کە ڕەنگە بۆ مەبەستی چارەسەری پزیشکی دەستی بدەنێ کاتێک بەخۆیان بزانن خوییەکی تەواویان پێوەگرتووە.

ئامادەکردنی دەرمانی نوژداری لە کانەبیس تا ئێستا بە شێوەیەکی یاسایی نەکەوتۆتە بازاڕەوە. دەرمانسازانی GWکە تایبەتمەندن بە ئامادەکردنی دەرمانی نوژداری لە کانەبیس ئەزمونە کلینیکییەکانی خۆیان تەواوکردووە لەسەر ئامادەکردنی جۆرە سپرایەک کە پێیدەڵێن دەرمانی Sativex ، بەڵام ئەو دەرمانەش جارێکی دیکە چاوەڕوانی ڕێگەپێدانی یاساییە[134].

لەلایەنی یاساییەوە لە UK و گەڵێک شوێنی دیکەی ئەوروپادا مشتومڕی لەسەرە. زۆر کەس دەڵێن پێویستە کانەبیس بەشێوەیەکی سنوردار ئازادبکرێت و هەندێکی دیکەش دەڵێن نەخێر. لە ٢٩ی کانونی دووەمی ٢٠٠٤دا لە بەریتانیا یاساکانی لەمەڕ کانەبیس گۆڕانکارییان بەسەردا هات و کانەبیس گوێزرایەوە بۆ پۆلی Cبەڵام بەم مەرجانە:

- کانەبیس هەر وەک دەرمانێکی نایاسایی دەمێنێتەوە.
- هەڵگرتن و هەبوونی کانەبیس لەلات هێشتا هەر تاوانە.
- پۆلیس دەتوانێت ئەوانە دەستگیر بکات کە لە شوێنە گشتییەکان، نزیک قوتابخانەو خوێندنگاکان یان بەئاشکرا لەبەرچاوی پۆلیسەکە کانەبیس دەکێشن. هەروەها ئەوانەش دەستگیر دەکەن کە پێشینەی تاوانبارییان هەیە یان پێشتر هۆشیارییان دراوەتێ. ئەوانەش کە تەمەنیان ١٧ ساڵ و کەمترە ناتوانن بیکێشن.
- ئەوەی کە کانەبیسی پێبێت ئەوپەڕی سزاکەی لە ٥ ساڵەوە کرا بە ٢ ساڵ.
- بەڵام ئەوەی بازرگانی پێوەبکات واتە دابینیکات و بیفرۆشێت، سزاکەی لە ٥ ساڵەوە کرا بە ١٤ ساڵ زیندانی. شایانی باسە ئەم یاسا نوێیە بۆ سزای بازرگانیکردن وقاچاخچێتی پێوەکردنی هەموو دەرمانەکانی دیکەی پۆلی C یش دەگرێتەوە.

لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەشدا لە ١٩ی ئازاری ٢٠٠٥دا وەزیری ناوخۆی بەریتانی چارڵس کلارک لە نامەیەکدا بۆ ئەنجومەنی ڕاوێژکاری خراپبەکارهێنانی دەرمان ACMD دەنوسێت کە ئەگەرچی ڕێگەشلکردن بۆ کانەبیس نەبووەتە هۆی زیاتر بەکارهێنانی ئەو دەرمانە بەڵام بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی فێرگسن لە نیوزلەندە لە ساڵی ٢٠٠٤دا بۆیان دەرکەوتووە کە بەکارهێنانی کانەبیس بەشێوەیەکی بەردەوام دەبێتە هۆی زیادکردنی ئەگەری

---

[133] Ibid
[134] Ibid

دەرمان و مادە سڕکەرەکان هۆکارەکانی ئالودەگی و شێوازەکانی .

مەترسی دەرکەوتنی ئاسەواری نەخۆشی دەرونی لە قۆناغەکانی دواتری ژیاندا. هەروەها ڕاپۆرتێکی نوێتری پرۆفیسۆر Os لە زانکۆی ماستریکت لە ٢٠٠٤دا ئەو بۆچونەی دووبارەکردۆتەوەو زیاتر لەسەر کاریگەرییەکانی لەسەر گەنجان چەقیبەستووە.

هەروەها کلارک سوپاسی ئەو هەولآنە دەکات بۆ دەستنیشانکردنی ئەو جۆرانەی کانەبیس کە ڕادەی بەرز Tetrahydrocannabinol (THCتێدایەو بەتایبەتی جۆری ناسراو بە . skunk هەروەها ئەوەش دووپاتدەکاتەوە کە حکومەتی هۆڵەندیش دەرکی بەو ڕاستییەکردووەو لە بیری ئەوەدان کە ئەو کانەبیسەی کە زۆر بەهێزە لە پۆلێکی بەرزتردا دابنرێن. لەکۆتاییدا سوپاسی ACMD دەکات بۆ هەوڵەکانیان و داوایان لێدەکات کە لە دەرەنجامی توێژینەوەکانیان ئاگاداری بکەنەوە[135].

هەموو ئەم لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو بەدواداچونانە ئاماژە بۆ ئەوەدەکەن کە کانەبیس دەرمانێکی بێمەترسی نییەو ئەگەرچی پێدەچێت بکرێت بۆ مەبەستی نوژداری و بازرگانی کەڵکی لێوەربگیرێت بەڵام ئەوە وا ناگەیەنێت کە بەکارهێنانی ئێستای وەک دەرمانێکی سەرشەقام و هەڕەمەکی و بەتایبەتی کێشانی شتێکی ڕەواو پاساوهەڵگرە.

٥.کێتەماین : Ketamine کێتەماین ناوە زانستییەکەی ketamine hydrocloride کە لەسەر شەقام و نێوبازاڕەکاندا بەگەلێک ناوی دیکەوە ناسراوە وەک: سەوز، K، ڤیتامینK ، Kی تایبەت و گەلێک ناوی دیکەش، دەرمانێکی سڕکەر یان بەنجکەری بەهێزە کە بۆ مەبەستی بەنجی نەشتەرگەری لە مرۆڤ و ئاژەڵدا بەکارهاتووە. ئەم مادەیە نە بەرهەمێکی گیایی نێو جەنگەڵەکانی ئەمریکای باشورەو نە هی کوێستانەکانی ئەفغانستان، بەڵکو مادەیەکی دەستکردی مرۆڤە. کیمیاگەری بەلجیکی C.L. Stevens لە ساڵی ١٩٦٣دا دۆزییەوە و لە ساڵی ١٩٧٠دا بەڕێوەبەرێتی خواردن و دەرمانی ئەمریکی FDA بڕیاریدا کە دەکرێت کێتەماین لەزۆر باردا بۆ مەبەستی بەنج بۆ ئاژەڵ و مرۆڤ بەکاربهێنرێت .[136] لەگەڵ ئەوەشدا کە کێتەماین دەرمانێکی بەنجی بەهێز بوو بەڵام هەر زوو ئاشکرا بوو کە ئاسەوارێکی لاوەکی نائاسایی هەیە. لە سەدا بیستی ئەو نەخۆشانەی کە بەهۆی کێتەماینەوە بەنج کرابوون ڕایانگەیاند کە خەونی هۆشدار دەبینن؛ واتە کاتێک کە بەخەبەرن خەون دەبینن و دیاردەی نائاسایی مێشکیان لێوەدەردەکەوێت کاتێک لەژێر کاریگەری ئەو دەرمانەدان .

لە ساڵی ١٩٩٢دا لەنێو یانەو هۆڵەکانی ئاهەنگی بەریتانیادا بڵاوبوەوە، کاتێک خەڵک بەکاریاندەهێنا و وایاندەزانی ئێکستاسییە . Ecstasy کێتەماین بەگەلێک شێوە هەیە، بێجگە لەشێوە شلەمەنییە دەرمانسازییەکەی، بەشێوەی دەرزی و لەشێوەی حەبیشدا هەیە هەروەها لەشێوەی تۆزیشدا لەڕێگەی لوتەوە هەڵدەمژرێت و تانانەت هەندێک جار دەکێشرێت[137] .

کێتەماین کاریگەری ئازارشکاندنی هەیە بەڵام کاردەکاتە سەر هەستەکانیش و بەو جۆرە کاریگەرییەکی هەلوسەهێنەرانەشی هەیە. ئەوانەی کە بەکاریدەهێنن دەڵێن وا هەستدەکەن کە لە خۆیان و خەڵکانی دیکەی دەوروپشتیان دابڕاون. ئەم دەرمانە بەگوێرەی ئەو بڕەی کە وەرگیراوە کاریگەرییەکەی دەگۆڕێت. ئەوانەی کە بڕێکی کەم وەردەگرن وا هەست دەکەن کە بوونە خاوەنی شەپۆلێکی بزووتن و ووزە. بەڵام ئەوانەی کە بڕێکی زۆر وەردەگرن هەست بە هەلوسە دەکەن لەشێوەی ئەوانەی کە LSD بەکاردەهێنن و واهەست دەکەن کە لەنێو لەشی خۆیاندا نین و لێی جودابونەتەوە. دوای ئەم بارە بەشێوەیەکی گشتی هەست بە سڕبوون دەکەن، بەتایبەتی لە چوارپەلداو ماسولکەکانیان بەشێوەیەکی سەیرو نامۆ دەبزوێن. بەکارهێنەران پێدەچێت

---

[135] Home Office Press Releases -CLASSIFICATION OF CANNABIS. Reference: 057/2005 - Date: 19 Mar 2005 00:01.
[136] K., James, (1998) Ketamine: Mtaprogramming From Within the Eye of the Storm. [online]
[137] Drug Scope [online]

بەشێوەیەکی ترسناک بڕشێنەوەو بێهۆش بن و تەنانەت لەوانەیە بە هۆی ڕشانەوەکەی خۆیانەوە بخنکێن. ئەگەری کارەسات زۆرترە بەهۆی نەمانی کۆنترۆڵ بەسەر ئەندامەکانی لەش و بورانەوەوە. کارێکی سەختە بزانیت بڕی ئەو مادەیە چەندە کە ئەو کەسە وەریگرتوەو چیدیکەشی تێکەڵکراوە[138] .

بەشێوەیەکی گشتی ئەو زانیاریانەی کە لەسەر کاریگەرییە درێژخایەنەکانی کێتەماین لەبەردەستدان پرشوبڵاون. بەڵام هەندێک ڕاپۆرت ئەوە دەدەن بەدەستەوە کە فلاشباک و شێوانی بیروهۆش، ووریایی و بینین پێدەچێت لەئەنجامی بەکارهێنانی بەردەوام و دووروودرێژەوە ڕووبدەن. لەشی ئەو کەسە بەخێرایی لەگەڵیدا ڕادێت و بەردەوام پێویستی بە زیادکردنی بڕەکەی هەیە بۆ ئەوەی ئەو هەستەی پێشوی بداتێ. ئەوانەی کە بڕی زۆر بەکاردەهێنن پێدەچێت کێشیان دابەزێت و ئارەزووی خواردنیان کەمبێتەوە و لەلایەنی سایکۆلۆژییەوە خوی پێوەبگرن و تووشی کێشە دەروونییەکان بن و پلە بەپلە پەیوەندییان بە جیهانی ڕاستی و واقعییەوە نەمێنێت. بەکارهێنانی کێتەماین بەشێوەیەکی تایبەت ترسناکە ئەگەر لەگەڵ ئەلکهول یان دەرمانە هێورکەروەکانی دیکەدا بەکاربێت چونکە پێدەچێت ببێتە هۆی لەکارخستنی سییەکان یان دڵ .

دڕکە مۆخ کە لەنێو بڕبڕەی پشتدایە پەیام و فەرمانەکانی مێشک دەگەیەنێت بە سەرتاپای لەش و هەست و نەست بە ئازارو گلەیی و گازەندەکانیش دەگەیەنێتەوە بە مێشک. کێتەماین بەردەگرێت لەو پەیام و گلەیی هەست بە ئازار کردنانە و ناهێڵێت بگەنەوە بە مێشک و هەر لەبەر ئەوەشە کە بە هۆکارێکی باشی بەنجکردن دادەنرێت. بەڵام مەترسییەکە لەوەدایە کە بەشێوەیەکی بەردەوام بەکارهێنانی پێدەچێت ببێتە هۆی لەکارخستن یان ئیفلیجکردنی ئەو پرۆسەیە. بێگومان بەکارهێنانی بۆ مەبەستی پزیشکی و لەژێر چاودێری پزیشکی پسپۆڕدا نکولی لێناکرێت بەڵام بەکارهێنانی بۆ مەبەستی دیکە و بەشێوەیەکی بەردەوام گەلێک مەترسی لێدەکەوێتەوە کە بێجگە لە زیانی دەرمانەکە خۆی شێوەی بەکارهێنانیشی لەڕێگای دەرزییەوە ئەگەری توشبوون بە نەخۆشیHIV ئایدز زیاد دەکات[139].

لەلایەنی یاساییەوە لە UK تا ئێستا [کاتی نوسینی ئەم باسە] ئەم دەرمانە قەدەغە نەکراوە، بەڵام ئێستاکە لەژێر باس و لێکۆڵینەوەدایەو پێدەچێت لە پاشەڕۆژێکی نزیکدا بڕیاری لەسەر بدرێت. لە ئەمریکا ئەم دەرمانە قەدەغەیەو لە لیستی سێیەمی دەرمانە یاساخەکاندا پۆلێن کراوە .

دەرمانە نوژدارییەکان:

مەبەست لە دەرمانە نوژدارییەکان ئەو دەرمانانەن کە پزیشک بەشێوەیەکی گشتی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆش بەکاریان دەهێنێت. ئەگەرچی هەندێک لەو دەرمانانەی کە بۆ مەبەستی نایاسایی بەکاردەهێنرێن خۆیان لە بنەڕەتدا بۆ مەبەستی پزیشکی دروستکراون بەڵام خەڵک خراپ بەکاریاندەهێنن؛ ئەوانە هەریەکەیان بەپێی توانا لەشوێنی خۆیاندا باسیان کراوە. ئەوەی لێرەدا دەمەوێت باسی بکەم ئەو دەرمانانەن کە خەڵک زۆر بە ئاسانی دەتوانێت دەستی بکەوێت و زۆر بەبێ مەترسی بەکاریان دەهێنن بەبێ ئەوەی ئاگاداری مەترسییەکانیان بن .

ئەو دەرمانانەی کە بەئاسانی دەست دەکەون لە وڵاتێکی وەک بەریتانیادا تەنها ئازارشکێنە سوکەکانی وەک پاراستامۆلَ و ئەسپرین و دەرمانی دژی خوران و دەرمانی کۆکەو هەڵامەت و هەندێک ڤیتامینات و بەهێزکەر دەگرێتەوە کە بەبێ ڕاچێتەی پزیشک لە دەرمانخانەو زۆر لە مارکێتەکاندا دەتوانیت بیکڕیت. بەڵام بەهچ جۆرێک دژە تەن و دەرمانی بەهێزی دیکە ناگرێتەوەو بەبێ ڕاچێتەی دوکتۆر فرۆشتنی ئەو دەرمانانە یان بەخشینی بە کەسێکی دیکە قەدەغەیەو سزای یاسایی لەسەرە. لە کوردستان و گەلێک وڵاتی دیکەش، بەداخەوە زۆر لە دژە تەنەکانیش دەگرنەوە کە خەڵک زۆرجاریش بە هەڵەو بەبێ ڕێنومایی پزیشکی پسپۆڕو شارەزا

---

138 Ibid

139 K., James, (1998) Ketamine: Mtaprogramming From Within the Eye of the Storm. [online]

بەکاریان دەهێنن وەک ئەمپیسیلین و ئەمۆکسیسیلین و بەرهەمەکانی پەنسلین و هتد... دیارە لەم کاتەدا لە زۆرترین باردا زیانیان زیاترە وەک لە کەڵک .
کێشەیەکی دیکە کێشەی نەبوون یان لاوازی کۆنترۆڵی جۆرە لە وڵاتانی ناسراو بە جیهانی سێیەم یان تازە پێگەیشتوو. کۆمپانیاکانی دەرمان ئەو هەلە دەقۆزنەوەو گەلێک دەرمان کە لە ئەوروپاو وڵاتانی خۆرئاوادا چیدیکە بەکارنایەت ڕەوانەی دەوڵەتە هەژارەکانی دەکەن. بە گوێرەی ڕاپۆرتی گروپی کارا لەمەڕ تەندروستی و بوژانەوە WEMOS لە ئەمستردام، لە ساڵی ١٩٩١دا ٧٥ بەرهەمی دەرمان کە لەنێوانیاندا دژەتەنیش هەبووەو لەیەکێک یان زیاتر لە دەوڵەتە ئەوروپییەکاندا یا قەدەغەکراون یاخود لەبەکارهێنان کشێنراونەوە لە جیهانی سێیەمدا بینراون و دەستنیشانکراون .[140] هەبوونی ژمارەیەکی یەکجارزۆری دەرمان بە گەلێک ناوی بازرگانی جیاوازەوە لەو وڵاتانەدا ئەگەری فراوانی بواری ئەو بازرگانییە درێوە زیاتر دەکات؛ Ong Beng Gaik دەڵێت:
"کاتێک شێوازێکی سەرکەوتووی دەرمانێک دەکەوێتە بازاڕەوە، کۆمپانیاکانی دیکەش بەپەلەپڕوزێ دەکەونە خۆ بۆ بەدەستهێنانی سەرمایەو بە بەرهەمهێنانی دەرمانی دیکەی هاوشێوەی ئەوی تر بۆ ئەوەی پشکێکیان دەستبکەوێت لەو بازاڕە گەرمەدا. هەر لەبەر ئەوەیە کە تەنها لە هیندستان بازاڕی دەرمان ٧٠٠٠٠ بەرهەمی تێدایە بەبەرانبەر کردن لەگەڵ لیستی دەرمانە بنچینەییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیی WHO کە تەنها ٢٥٠ دەرمانی لەخۆگرتووە ".[141] هەروەها نوسەر لەمەڕ دژەتەنەکانیش دەڵێت:
"لە لیستی دەرمانە بنچینەییەکانیWHO دا تەنها ٢٠ دژەتەن دیاریکراوە، بەڵام بۆ نمونە لە مالیزیا ٢٠٠ بەرهەمی دژەتەن دەفرۆشرێت[142]".
لەبەر ئەوەی من نە پزیشکم و نە پسپۆڕی بواری دەرمانسازیم و بواری ئەم کتێبەش ئەوەندە فراوان نییە کە هەموو دەرمانێک بگرێتە خۆ، لەبەرئەوە تەنها ئەوەندە دەتوانم بڵێم کە بەکارهێنانی دەرمان و بەتایبەتی دژەتەنەکان بەبێ ڕێنومایی پزیشک ترسناکەو پێویستە سنوردار بکرێت. لێرەدا من وەک نمونە باسی زیانی خراپ بەکارهێنانی ئەو دەرمانانە دەکەم کە لە بەریتانیا بەبێ ڕاچێتەی پزیشک دەتوانرێت بکڕێن و بەکاربهێنرێن.
زیانی ئەو دەرمانانە دەگەڕێتەوە بۆ خراپ بەکارهێنانیان و پەیوەندی هەیە بە جۆری دەرمانەکەو بڕی بەکارهێنانی یان بەکارهێنانی لەگەڵ دەرمانی دیکەدا. ئامارەکان لە UK واڕادەگەیەنن کە ٥٠٠٠٠ کەس دەستنیشانکراون کە تووشی باری دژوار یان تەنانەت کوژەریش بوون بەهۆی خراپ بەکارهێنانی ئەو دەرمانانەوە. لانی کەم ٢٠٠٠ کەس لە ساڵێکدا بەهۆی ئاسەوارەکانی ئەسپرین و دەرمانەکانی دژی هەوکردنەوە دەمرن. پێویستە ئەوەش بوترێت کە ئەو دەرمانانە هەموویان سەلامەتن ئەگەر بەڕێکوپێکی و شارەزایی بەکاربهێنرێن و مەترسییەکان لە خراپ بەکارهێنانیاندایە[143] .
ئەو دەرمان و مادە سڕکەرانەی کە هەتا ئێرا باسکراون بەشێوەیەکی گشتی دەرمانە هەرە باوو بڵاوو مەترسیدارەکانی گرتۆتەوە کە لەلایەن ئاژانسەکانی کۆنترۆڵکردنی دەرمان و مادە سڕکەرەکانی بەریتانیاو ئەوروپاو ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەستنیشانکراون. دیارە ژمارەی گشتی دەرمان و مادە سڕکەرەکان زۆر لەوە زیاترەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش گۆڕانکاری ڕوودەدات لەو بوارانەدا و پسپۆڕان و زانایان لەسەرتاسەری جیهاندا ڕۆژانە ئەزمونی نوێ ئەنجامدەدەن لەسەر زیان و مەترسی هەردەرمانەو پشت دەبەستن بە تاقیکردنەوەو سەلماندنی زانستی .

---
[140] Misuse and overuse of antibiotics: who is to blame? TWN Third World Network [online]
[141] Ibid
[142] Ibid
[143] Home Office UK, (2004) Substance Misuse and the Workplace. A training pack. P.2.19

٣.چونێتی بەرەنگاربوونەوەی دەرمان و مادە سڕکەرەکان

کۆنترۆڵکردن-پەروەردەکردن- چارەسەرکردن
مرۆڤ و وێڵبوون بەدوای بەختەوەریدا

لەڕاستیدا سەرکەوتوترین بەرنامە ئەو بەرنامەیەیە کە خەڵک بڵێن : من ئەو کارە ناکەم چونکە خراپە، چونکە عەیبەو ئابڕوم دەچێت، چونکە لەکۆمەڵگاو هاوڕێیانم دادەبڕێم و تەریک دەکەوم؛ نەک تەنها لەبەرئەوەی قەدەغەیە یان حەرامە.

کۆنترۆڵکردن-پەروەردەکردن- چارەسەرکردن

بەرەنگاربوونەوەی دەرمان و مادە سڕکەرەکان ئەرکێکی ئاسان نییە؛ بەڵکو بەسەختترین ئەرکی دەوڵەتان، چ گەورەو چ بچوک، و نەتەوە یەککرتووەکانیش دادەنرێت. لە جیهاندا بە هەزاران دەزگای دەوڵەتان و نێو دەوڵەتی دامەزراوە بۆ مەبەستی بەرەنگاربوونەوە بەو مادانەو ساڵانە بودجەی گەورەو گرانی بۆ تەرخاندەکرێت.

پێدەچێت کەسێک بڵێت جا ئەگەر ئەو دەوڵەتە گەورانە و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسە هەواڵگرییە نێودەوڵەتییەکان نەتوانن بەرەنگاریان ببنەوە، ئێمەی هەژار دەتوانین چیبکەین! یاخود کەسێکی دیکە بڵێت ئەوانەی گیرۆدەی ئەو مادانە بوون خۆیان خەڵکی خراپ و گومڕان و ئەوە کێشەی من نییە و پەیوەندی بە منەوە نییە نە من و نە ماڵ و منداڵی من توشی ئەو کێشانە نابن!

لەڕستیدا کێشەی دەرمان و مادە سڕکەرەکان کێشەی هەموانە بە تاک و کۆمەڵ و بە ڕۆشنبیرو خەڵکی ڕەمەکییەوە و بەرەنگاربوونەوەی دەرمان و مادە سڕکەرەکانیش ئەرکی هەموانە چ تاک و چ کۆمەڵ چ دەوڵەت و چ خەڵکی سیڤیل .

لە ئەمڕۆی سەردەمی جیهانگیری و هەڕاج بوونی هۆکارەکانی پەیوەندی و ڕاگەیاندن و گواستنەوەو هاتوچۆدا هەموو دیاردەیەک چ باش و چ خراپ دەگاتە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە و خۆی دەکات بە هەموو ماڵێکدا. دەوڵەمەند بیت یان هەژار ڕۆشنبیر بیت یان نەخوێندەوار لە ئەوروپاو ئەمریکا بژیت یان لە گوندێکی بچوکی ناوچەیەکی دوورەدەستی وڵاتێکی هەژار، تەکنۆلۆژیای نوێ کاریگەرییەکانی لەسەرت جێدەهێڵێت و ناهێڵێت تەنیاو دوورەدەست بمێنیتەوە: خۆی دەکات بەنێو ماڵو خێزانتداو کاریگەری خۆی لەسەر لە منداڵ و گەنجەکان جێدەهێڵێت؛ ئەمەش جارێکی دیکە لایەنی خراپ و باشی هەیەو پێویستی بە خۆئامادەکردن و جەنگینە بەرانبەر دیاردە خراپەکان. ئەمڕۆ لە ڕێگای سەتەلایت و ئینتەرنێتەوە هەواڵی هەموو جیهان چرکە بە چرکە دەبیستین، سەدان ماڵپەری ئینتەرنێت تەرخانکراوە بۆ پەروەردەو ڕێنومایی دژی دیاردەخراپەکان بە دەرمان و مادە سڕکەرەکانیشەوە، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت کە بە سەدانی دیکەش پروپاگەندە بۆ ئەو دیاردە دزێوانە دەکەن چ بەشێوەی ڕاستەوخۆو چ ناڕاستەوخۆ .

بەرەنگاربوونەوەی دەرمان و مادە سڕکەرەکان ئەرکی هەموانە چونکە ئێمە ناتوانین بەیەک تاکە ڕێگا بەرەنگاریان ببینەوە. ئەگەر ئەو ئەرکە تەنها بە ئەرکی پۆلیس و ئاسایش بزانین ئەوا پێدەچێت کەوتبینە هەڵەیەکی گەورەوە؛ چونکە لایەنەکانی دیکەمان فەرامۆشکردووە.

بەشێوەیەکی گشتی بەرەنگاربوونەوەی دەرمان و مادە سڕکەرەکان دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە ڕێکبخرێت:



سێکوچکەی کۆنترۆڵ، پەروەردە، چارەسەر ئەو سێ پایەیە کە بەرنامەیەکی سەرکەوتوو گشتگیر دەتوانێت لەسەری ڕابوەستێت و بەڕێبازی گونجاودا پێشڕەوی بکات .

کۆنترۆڵ هەر بەناوەکەیدا دیارە کە بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی سنورو بازاڕو شوێنە گشتییەکان لە دیاردەی قاچاخچێتی و دزەکردن و هەبوون و خستنەڕووی دەرمان و مادە سڕکەرەکان. ئەو مەسەلەیەش بە پلەی یەکەم ئەرکی پۆلیس و ئاسایش و دەزگا هەواڵگرییەکانە، بەڵام هاوکاری هاوڵاتیانیش لەم نێوەندەدا گرنگییەکی ژیانیی هەیە و دەتوانن زانیاری گرنگ پێشکەش بەو دەزگایانە بکەن لەپێناوی سەرخستنی ئەرکەکانیاندا. بەشێوەیەکی بنەڕەتی کۆنترۆڵ دژی بازرگانی پێوەکردن و دابینکردنی ئەو مادانەیەو دیارە تا کۆنترۆڵیش بەهێزتر بێت هەبوونی دیاردەکە کەمتر دەبێتەوە .

دەوڵەتە جیاوازەکان ستراتیژییەتی جیاجیایان هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی دەرمان و مادە سڕکەرەکان. بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی دەوڵەتان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە دیاردەی قاچاچێتی کردن بەو مادانەوە تاوانێکی گەورەی نێودەوڵەتییەو پێویستە هاوکاری و هاوئاهەنگی جیهانی لەسەربکرێت. شایانی باسە نە لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی و نە لەسەر ئاستی دەوڵەتە تاکەکان بە هێزە هەرە گەورەکانیشەوە لە هیچ شوێنێکی ئەم جیهانە کۆنترۆڵی تەواو نەکراوە بەسەر قاچاخچێتی دەرمان و مادە سڕکەرەکاندا. بێگوکان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گەلێک هۆ لەوانە قاچاخچێتی دەرمان و مادە سڕکەرەکان بەشێکی دانەبڕاوە لە تۆڕی تاوانە ڕێکخراوەکان کە قاچاخچێتی ئەو مادانەو چەک و تیرۆریزمی نێودەوڵەتیش دەگرێتەوە. بەڕێوەبەرێتی داسەپاندنی یاسای دەرمان و مادە سڕکەرەکانی ئەمریکا DEA جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پەیوەندییەکی نەپساوە هەیە لەنێوان تیرۆریزمی جیهانی و قاچاخچێتی دەرمان و مادە سڕکەرەکان و بزوتنی پارە لەنێوان دەوڵەتاندا (حەواڵە .[144] (ئەوان لەوباوەڕەدان کە گروپ و باندە قاچاخچییەکان لە ڕێگای حەواڵەو گواستنەوەی نایاسایی پارەی کاژ و حساب بانکی ساختەو کڕینی زێڕەوە دەتوانن پارەی فرۆشتنی دەرمانەکانیان کۆبکەنەوە. لە ئەفغانستان بزوتنەوەی تالیبان بە بڕوای DEA زۆربەی پارەو پولی خۆی لە ڕێگای قاچاخچێتی دەرمانەوە پێکەوەناوە. هەرچەندە بە گوێرەی ڕێکەوتننامەیەک لەگەڵ بەرنامەی کۆنترۆڵکردنی دەرمان و مادە سڕکەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا(UNDCP) تالیبان هەستا بە تێکوپێکدانی کێڵگەکانی ئەفیون لەبەرانبەر وەرگرتنی یارمەتیدا لە نەتەوە یەکگرتووەکان. بەڵام دوای جەنگی ئەمریکا لەو وڵاتە ئەو بارە شێواو ڕادەی چاندنی ئەو مادەیە بەشێوەیەکی سامناک چووەسەرەوە، کە بەگوێرەی ڕاپۆرتی UNDCP بەڕادەی ١٤٠٠% بووە .[145] بەڵام دوای ئاسایی بوونەوەی بارودۆخی شەڕ ئەو ڕادەیە دابەزیوەتەوە بۆ ئاستێکی باشتر. لە کۆلۆمبیاش گروپە سیاسییەکان بەپارەی کۆکاین درێژە بەو شەڕە ناوخۆییە نەپساوەیەیان دەدەن و قاچاخچییە هەرەگەورەکانی دەرمان لە مەیامی بوونەتە خاوەنی کۆشک و ڤێللای ئەفسانەیی .[146] چەندەها جار هەوڵدراوە کێڵگەکانی دەرمان خاپور بکرێن، دەرمان و مادە سڕکەرەکان بسوتێنرێن و قاچاخچیان لەداربدرێن، بەڵام تا ئەوکاتەی خواست لەسەر ئەو مادانە زۆر بێت قاچاخچێتی بەو مادانەوە هەر بەردەوام دەبێت و گەر دەرگاو پەنجەرە دابخەن لە سەربانەوە هەڵدەکێشرێت!

گرانی نرخی مادەکان وایکردووە کە خەڵکانێکی زۆری تێوەبگلێن بە تەماعی بەدەستهێنانی پارەیەکی زۆر لەماوەیەکی کەمدا. ئەمڕۆ ئەو باندو تاقمە تاوانکارییانە کەڵک لە پێشکەوتوترین بەرهەمی تەکنۆلۆژیای مۆدێرن وەردەگرن و بە پاڵپشتی ئەو پارەیەی کە لەو بازرگانییە دزێوەدا دەستیان دەکەوێت تۆڕەکانی خۆیان بەسەرتاسەری جیهانەوە گرێداوە. باندەکانی قاچاخچی دەرمان و مادە سڕکەرەکان لە هیندستان و پاکستان و ئەفغانستان و ئێرانەوە بەرەو ئەرمەنستان و ئازەربایجان و تورکیا دەکشێن و دەگەنە ئەوروپا. لەلایەکی دیکەشەوە لە وڵاتەکانی ئەمریکای لاتینەوە، بەتایبەتی کۆلۆمبیا، بەرەو ئەمریکاو ئەوروپا جارێکی دیکە پێکەوە گرێ دەدرێنەوە. بێگومان گەندەڵی سیاسی و ئابوری لەو وڵاتانەدا و هێزی بەرتیل و پارە بووەتە هۆی ئەوەی کە بتوانن بە ئاسانی هاوکارو خۆفرۆش لەنێو هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس و تەنانەت گەورە پیاوانی

---

[144] US Drug Enforcement Administration DEA. Narco-Terrorism. [online]
[145] Claire, A.,& Smith, H., (2003) Drug Culture: The Facts Behind the Headlines. London: Franklin Watts p.14
[146] Ibid P. 15

سیاسیشدا بدۆزنەوە. ئاژانسی دەرمانی یەکێتی ئەوروپا نیگەرانی خۆی دەربڕیوە لە فراوانبوونی ئەورووپاو هاتنی ١٠ ئەندامی نوێ بۆ نێو کۆمەڵەی ئەوروپا لە ٢٠٠٤دا. ڕاپۆرتەکە پێشنیاری ڕێوشوێنی نوێ دەکات بۆ بەگژاچونەوەی باندەکانی قاچاخچی دەرمان و مادە سڕکەرەکان کە لەگەڵ هەلومەرجی نوێی ئەوروپادا بگونجێت..[147] لەڕاستیدا گەندەڵی لەهەموو شوێنێکی جیهاندا بە پلەی لێکجیاواز هەیەو وەک Bean دەڵێت هەندێک جار لە وڵاتێکی وەک بەریتانیاشدا هەندێک کارمەندی پۆلیس و گومرگ تووشی گەندەڵی دەبن و لەبەرژەوەندی قاچاخچیان کاردەکەن .[148] بەڵام ئەم دیاردەیە زۆر کەم و دەگمەنەو زۆر سنوردارەو زوو پەردەی لەسەر هەڵدەماڵدرێت لەو وڵاتانەدا. لە وڵاتە خۆرئاواییەکاندا بێجگە لەوەی کە باندەکانی قاچاخچی چالاکن و بریکارو نوێنەری ناوچەییان هەیەو دوکانەکانیان لەگەڕدان، تاقیگەو کۆمپانیای نهێنیش هەیە بۆ دروستکردن یان گەشەپێدانی چەندەها جۆر دەرمان. نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە ڕژێمی سەرمایەداری لەسەر بناغەی بازاڕی ئازادو قازانجی زیاتر دامەزراوەو خودی ئەو ڕژێمە زەمینەیەکی لەبارە بۆ گەشەکردنی ئەو تاوانانەو گەلێک تاوان و کێشەی کۆمەڵایەتی دیکەش.

بێگومان قەوارەو هێزی ئەو بازرگانییە دزێوە مانای ئەوە نییە کە دەستەوسان بوەستین و بڵێین کار لەکار ترازاوە. ئەوەی بەشێوەیەکی پراکتیکی دەکرێت بهێنرێتە دی کەمکردنەوەی ئاستی ئەو بازاڕەیە هەتا ئەو شوێنەی کە دەکرێت و بەرگرتنە لەو بازرگانییە دزێوە لەهەر شوێنێک کە دەست پێی ڕابگات. ئەم ئەرکەش ئەرکی تاکەکەس و دەوڵەت و حکومەتە بچوک و گەورەو ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانە هەموویان پێکەوە .

کێشەی دووەم کە پێویستی بە کۆنترۆڵکردنە کێشەی ئالودەگییە بە دەرمان و مادە سڕکەرەکانەوە. ئەوانەی کە بەتەواوەتی ئالودەبوون بەردەوام پێویستییان بەبڕی زیاتری ئەو مادانەیە، بەتایبەتی مادە هەرە بەهێزەکان. شتێکی بەڵگە نەویستیشە کە ئەو مادانە گران بەهان ؛ ئەوەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە بەشێوەیەکی بەردەوام پێویستییان بەبڕێکی زۆر پارە هەیە. ئەوانەی کە ئالودەبوون توانای کارکردنیان یان نییە یان لاوازەو ئەگەری دەستکەوتنی کاریشیان زۆر کەمە بەهۆی ووریابوونەوەی زۆربەی خاوەن کارەکان لە کێشەکانیان و سەرباری هەموو ئەوانەش چ پارەیەک دەرەقەتی ئەوە دێت کە کەسێک ڕۆژانە پێویستی بە ١٦٠ پاوەندی ئیستەرلینی بێت بۆ ئەوەی خووەکەی پێ کپبکاتەوە[149] !

لێرەدایە کە زۆربەی ئالودەبوان دەست دەدەنە تاوان و ئەمەش سەرەتای کێشەیەکی دیکەیە. لێرەدایە کە کۆنترۆڵکردن پێویستە بۆ بەرگرتن لە تاوانەکانیان و پاراستنی کۆمەڵگە لێیان .

زیادبوونی ژمارەی زیندانییەکان و سەرپێچیکردنی بەردەوامی ژمارەیەکی هەرچی زیاتری گەنجان و گەڕانەوەی زۆر لە ئازادکراوەکان بۆ تاوانی گەورەترو ئاڵۆزتر هەڵوەستەی بە لایەنگرانی بیرۆکەی کۆنترۆڵکردو ناچاری کردن بە ڕێوشوێنەکانیاندا بچنەوە. ڕۆڵی کۆنترۆڵ بۆ پاراستنی کۆمەڵگە لە تاوانباران و باندەکانی قاچاخچی و هاوکارەکانیان ناکرێت فەرامۆشبکرێت ، بەڵام چارەسەرکردنی ئاو لەسەرچاوەوە ئامانجی سەرەکییە نەک لە گۆماودا. هەر بەتەنها لە بەریتانیادا لە ماوەی نێوان نیسانی ٢٠٠٢ و کانونی یەکەمی ٢٠٠٣دا ٢٦٠٧٩ کیلۆ کۆکاین و ١١٠٤٤ کیلۆ هیرۆین دەستگیرکراوەو زیاتر لە ٣٣٠ باندی قاچاخچی و تاوان هەڵوەشێنراونەتەوە[150].

پەیوەندییەکی نەپساوە هەیە لەنێوان دەرمان و مادە سڕکەرەکان و تاواندا. قاچاخیی دەرمان و مادە سڕکەرەکان خۆی لەخۆیدا مانای ئەوەیە هەرکەس بەکاریان بهێنێت یان لەلای خۆی گلیانبداتەوە تاوانێکی ئەنجامداوە. لەلایەکی دیکەشەوە گرانی ئەو مادانە کارێکی ئەوتۆیان کردووە کە زۆربەی ئالودەبوان بۆ بەدەستهێنانی پارەکەیان پەنا دەبەنە بەر تاوان. بەمجۆرە لەنێو بازنەیەکی بۆشدا دەخولێنەوە :

---

[147] European Monitoring Centre for Drugs and Drug Addiction. 2003 Annual Report-Lisbon.
[148] Bean, P., (2004) Drugs and Crime. 2nd ed. Devon: Willan Publishing. P.44
[149] Home Office. Drug Strategy Progress Report 2004. Tackling Drugs. Changing Lives: keeping Communities Safe from Drugs. P. 6
[150] Home Office. Drug Strategy Progress Report 2004. Tackling Drugs. Changing Lives: keeping Communities Safe from Drugs. P. 3



لێرەدا بۆ سەلماندنی هۆی گرانی دەرمان و مادە سڕکەرەکان چەند داتایەک دەخەینە ڕوو:
کیلۆیەک ئەفیون لە ئەفغانستان بۆ جوتیارەکان دەوروبەری ٣٥ دۆلاری ئەمریکی ($) دەگرێتەوە بەڵام کاتێک دەگاتە بەریتانیا کیلۆی ٢٥٠٠٠ $ دەگرێتەوە. کۆکاینیش بەهەمان شێوە لە کۆلۆمبیا کیلۆی ٣٠٠ $ ە بەڵام کاتێک دەگاتە سەر سنوری ئەمریکا کیلۆی ٣٠٠٠ $ دۆلار دەکات. کاتێک دێتە ناو ئەمریکاوە کیلۆی دەگاتە ١٢٠٠٠ $ و کە دابەشدەکرێت بەسەر بەکارهێنەراندا کیلۆی ٢٠٠٠٠ $ دەگرێتەوە[151].
هەندێک بیرورایان وایە کە ئەگەر دەرمان و مادە سڕکەرەکان ئازادبن تاوان کەمدەبێتەوە. بەڵام هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە کە بیسەلمێنێت ئازادکردنی دەرمان و مادە سڕکەرەکان دەرئەنجامێکی باشی لێدەکەوێتەوە Bean .جەخت لەسەر ئەو مەسەلە دەکاتەوەو دەڵێت کە یاسایی کردنی دەرمان و مادە سڕکەرەکان تەنها کارئاسانییە بۆ قاچاخچییەکان و هیچ ئەنجامێکی باشی نابێت ئەو باسی ئەوە دەکات کە ئەگەر قاچاخچییەکان بزانن ئەو مادانە قازانجیان کەمترە ئەوا پەنا دەبەنە بەر مادەی دیکە وەک قاچاخچێتیکردن بە جگەرەوە[152].
بوارێکی دیکەی پەیوەندی نێوان دەرمان و مادە سڕکەرەکان و تاوان مەسەلەی نەخۆشی HIV Aids ە. ئەوانەی کە ئالودەبوون بەو مادانەوە زۆریان لەڕێگای دەرزییەوە بەکاریاندەهێنن. ئاشکراشە کە بڵاوبوونەوەی ئەو نەخۆشیانە لەڕێگای بەریەککەوتنی خوێنی کەسێکی نەخۆش و کەسێکی ساخەوە ڕوودەدات. مەسەلەیەکی دیکەش کە زیاتر قورەکە خەست دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەو ژنانەی ئالودەبوون زۆربەیان خەریکی دیاردەی لەشفرۆشیین بۆ دابینکردنی پارەکەیان؛ یان ڕوونتر بڵێین زۆربەی هەرەزۆری لەشفرۆشەکان ئالودەن بەم مادانەوە :

---
[151] Bean, P., (2004) Drugs and Crime. 2nd ed. Devon: Willan Publishing. P. 146
[152] Ibid P. 245

90%ی لەشفرۆشانی سەرشەقامەكان دەرمانی پۆلی A بەكاردەهێنن بێجگە لەوەش دیاردەی لەشفرۆشی پەیوەندییەكی نەپساوەی هەیە بە قاچاخچێتی دەرمان و مادە سڕكەرەكان و تاوانی ڕێكخراوەوە[153].

دیاردەی لەشفرۆشی لەبارترین مەیدانە بۆ تەشەنەكردنی نەخۆشییە زایەندییەكان (سێكسییەكان) و بەمجۆرە دەرمان و مادە سڕكەرەكان ڕۆڵێكی بەرچاو دەبینن لە پەرەپێدانیدا .

دەرمان و مادە سڕكەرەكان ساڵانە دەبنە هۆی مردن یان گرفتاربوونی خەڵكانێكی زۆر. ئەو كارەساتانەش گەلێك هۆی لێكجیاوازیان هەیە كە هەر لە تێكەڵكردنی چەند مادەیەك و مادەی دیكەی نامۆوە لەگەڵ دەرمانەكاندا بیگرە تا ژاراوییوون و زیادەڕەوی لە بەكارهێناناو نەشارەزایی لە هێزو بڕی مادەكەو نەخۆشییە دەروونییەكان و خۆكوشتن و پەلامارو دەستدرێژی جەستەیی و سێكسی و ئیغتیساب Rape و دەیان و سەدان كێشەی دیكە دەگرنەوە .[154] هەروەها Bean دەڵێت:

"پیاوێک كە بەهۆی ئالودەبوون بە دەرمانی وەک هیرۆین و كۆكاین كۆنترۆڵی خۆی لەدەستداوە زۆر نزیكە كە بڕی لە ٨٠ بۆ ١٠٠ تاوانی دزی ئەنجامبدات لە ساڵێكدا. یاخود ژنێكی لەو جۆرە پێدەچێت پەنا بباتە بەر دیاردەی لەشفرۆشی بۆ ئەوەی دەرمانەكەی پێبكڕێت[155]".

لەڕاستیدا هەروەک Bean جەختی لەسەر كردۆتەوە ئەو ژنانەی كە دەرمان و مادە سڕكەرەكان بەكاردەهێنن هەمان كێشەكانی پیاوانی بەكارهێنەریان هەیە. بەهەمان شێوە گیرۆدەی دەردو كێشە تەندروستییەكان دەبن و بەهەمان شێوەش لەكاتی زیادەڕەویدا لە بەكارهێناندا دەمرن. ئەوانیش وەک پیاوان كێشیان بەشێوەیەكی بەرچاو دادەبەزێت و گرفتاری نەخۆشییەكانی وەک زەردووی جۆری B و C دەبن. ژنانیش وەک پیاوان تووشی لەدەستدانی ووزەی ماسولكەكان و كەم خۆراكی و هەموو كێشە تەندروستییەكانی دیكە دەبنەوە. بەڵام ئەوەی كە ژنان هەڵدەهاوێرێت و تایبەتمەندی نوژداری تایبەتیان پێدەبەخشێت ئەو كێشانەیە كە پەیوەندی هەیە بە سكپڕی و منداڵبوونەوە و كاریگەرییەكانی دەرمانە لەسەر كۆرپەلەی لەدایک نەبوو یان تازە لەدایكبوو. ئەوەی كە زیاتر جێگەی سەرنجە ئەو كێشە كۆمەڵایەتی و سایكۆلۆژیانەیە كە چواردەوری كەسێک دەدەن كە دایكەو ئالودەشە بە دەرمان و مادە سڕكەرەكانەوەو ئەو تەنگەشەیە چ ئاسەوارێک لەسەر منداڵەكانی جێدەهێڵێت[156].!

سەرباری ئەو كێشانەش كە باسكران هەر لەدیاردەی لەشفرۆشی و نەخۆشییە زایەندیەكانەوە بیگرە تا دەگاتە سكپڕی و منداڵبوون و دایكایەتی، ژنانی ئالودە زۆربەی جار دووچاری دەستدرێژی سێكسی دەبنەوەو ئەوەش كاریگەری دەروونی قووڵ لەسەریان جێدەهێڵێت؛ لەكاتی هەر پرۆسەیەكی چارەسەردا پێویستە ئەو لایەنەش بایەخی پێبدرێت و بەهەند وەربگیرێت[157].

Beanپەیوەندی نێوان تاوان و دەرمانی لەسێ خاڵدا ڕوونكردۆتەوە .[158] ئەو پەیوەندییە دەكرێت لەو شێوەیەی خوارەوەدا بەرجەستە بكرێت:

- بەكارهێنانی دەرمان دەبێتە هۆی تاوان
- تاوان دەبێتە هۆی بەكارهێنانی دەرمان و مادە سڕكەرەكان
- دەرمان و تاوان دوو ڕووی یەک دراون

---

[153] Home Office. Drug Strategy Progress Report 2004. Tackling Drugs. Changing Lives: keeping Communities Safe from Drugs. P. 18
[154] Bean, P., (2004) Drugs and Crime. 2nd ed. Devon: Willan Publishing. P.14
[155] Ibid P.28
[156] Ibid P. 210
[157] Ibid P. 224
[158] Ibid P.31



بەهەمان شێوە Bean باسی پەیوەندییەکی دوولانە دەکات لەنێوان پەشێوییە دەروونییەکان و خراپبەکارهێنانی مادە کیمیاوییەکاندا

پەشێوییە دەروونییەکان ←———— خراپبەکارهێنانی مادە کیمیاوییەکان

خراپبەکارهێنانی مادە کیمیاوییەکان ————→ پەشێوییە دەروونییەکان .[159]

ئەزمونەکان دەریانخستووە کە بنبڕکردنی دەرمان و مادە سڕکەرەکان بەشێوەیەکی بنچینەیی و هەتا هەتایی شتێکی ئەستەمە. هەروەها بەرگرتن لە چاندنی ئەو مادانەش لە وڵاتە بەرهەمهێنەکاندا ئەگەرچی زۆر باشە بەڵام ئەویش دیسان لەئەستەمەوە نزیکە. بەرگرتن لە گەیشتنی ئەو مادانەش بە بازاڕی وڵاتانی جیهانیش هەر ئەستەمە. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە دەرمان و مادە سڕکەرەکان هەمیشە پێویستیان بە کڕیارو ئالودەیەو ئەگەر ئەو کڕیارو ئالودانە نەبن یان کەمبن ئەوا ئەوانیش بازاڕیان کز دەبێت .[160] هەر بپێی ئەو بۆچونە کەمکرنەوەی خواست لەسەر ئەو مادانە پەکخستنی خستنەڕووەو پێویستە جەختی زیاتر لەسەر لایەنی خواست بکرێت، کە دیارە ئەویش دەمانبات بەرەو خاڵی دووەم و سێیەم کە پەروەردەو چارەسەرکردنن .

بەمجۆرە ڕوندەبێتەوە کە کۆنترۆڵکردن بەشێوەیەکی ڕەهاو سەداسەد نایەتە دی و هەر لەبەرئەوەشە کە بەتەنها ناتوانرێت پشتی پێببەسترێت، یاخود بە تاکە لێپرسراو بزانرێت بۆ ئەم دیاردەیە .

کۆنترۆڵکردن پێویستە هاوتاو هاوشان بێت لەگەڵ بەرنامەیەکی پەروەردەیی هاوچەرخ و گشتگیر. پەروەردەیەک کە بتوانێت منداڵان و گەنجان بەشێوەیەک پەروەردەبکات کە دیاردەی بەکارهێنانی دەرمان و مادە سڕکەرەکان بە شتێکی دزێوو نەفرەتلێکراو بزانن و نەیانەوێت لەو کێشانەوە بگلێن. لەڕاستیدا سەرکەوتوترین بەرنامە ئەو بەرنامەیەیە کە خەڵک بڵێن : من ئەو کارە ناکەم چونکە خراپە، چونکە عەیبە ئابڕوم دەچێت، چونکە لەکۆمەڵگاو هاوڕێیانم دادەبڕێم و تەریک دەکەوم؛ نەک تەنها لەبەرئەوەی قەدەغەیە یان حەرامە .

[159] Ibid P. 51
[160] Ibid P. 236

بەردی بناغەی هەر پەروەردەیەكی پتەو لە خێزانەوە دەستپێدەكات. خێزانەكان ئەركێكی بنچینەییان هەیە لە پەروەردەی منداڵەكانیاندا. ئەزمونەكانی ژیان سەلماندویانە كە ئەو منداڵانەی لە خێزاندا پەروەردەیەكی باش و گونجاویان دەبێت لە قوتابخانەش باشتر كەڵك لە پەروەدەی خوێندن و ڕەسمی وەردەگرن و ئەگەر لە قۆناغی گەنجی و هەرزەكاریشدا هەندێكیان سەركێشی و لاساریان پێوەدیاربێت و پێچەوانەی ویستی دایک و باوک و مامۆستا بوەستنەوە، لە قۆناغێكی دواتردا دەگەڕێنەوە سەر بنچینەی پەروەردی منالّییان. كۆمەڵگا خۆرئاواییەكانیش ئێستا زۆر جەخت لەسەر پەروەردەی نێو خێزان دەكەنەوەو تەنانەت ئەو منداڵانەش كە پەروەردەیەكی خێزانی گونجاویان نییە ئەركی سەرشانی دەوڵەتە بەخێویان بكات. ئەگەرچی دەوڵەت ئەو منداڵانە بەشێوەیەكی باش و گونجاو پەروەردە دەكات بەڵام بەهیچ كلۆجێک ناتوانین بڵێین ئەوە بە تەواوی جێگای پەروەردی نێو خێزان دەگرێتەوە. وەزارەتی ناوخۆی بەریتانی چەند گروپێک منالّی دەستنیشانكردووە كە زیاتر پێویستیان بە چاودێری هەیەو ئەگەری ئالودەبوونیان زۆرە:

- ئەو منداڵانەی كە دایک و باوكیان دەرمان و مادە سڕكەرەكان بەكاردەهێنن.
- ئەوانەی كە لە قوتابخانە وەدەرهاتون یان ڕێژەی بزربوونیان بەرزە.
- ئەو منداڵ و گەنجانەی كە لەلایەن دەزگا كۆمەڵایەتییەكانەوە پەروەردە دەكرێن.
- سەرپێچیكەرە گەنجەكان[161] .Young Offenders

بەم شێوەیە ڕووندەبێتەوە كە لەهەر كۆمەڵگایەكدا بژیت پەروەردەی خێزانی و هەبوونی كۆشی خێزانێكی گەرم بنچینەیەكی پتەوە بۆ پەروەردەیەكی ڕێكوپێكی منداڵ. جا نەبوون یان لاوازبوونی ئەو جۆرە باوەشە گەرمە لە كۆمەڵگایەكی خۆرئاواییدا بە خاڵێكی پۆزەتیف دانانرێت بەڵكو خاڵێكی نێگەتیفەو خۆیشیان ئەو ڕاستییە باش هەڵدەسەنگێنن .

دوای پەروەردەی نێو خێزان پەروەردەی قوتابخانە دەستپێدەكات. پێویستە بەرلەوەی بەرنامەیەک بۆ منداڵان دابڕێژین بەرنامەیەكی پەروەردەیی ڕاست و دروست دەربارەی دەرمان و مادە سڕكەرەكان بگاتە هەموو مامۆستایان و مامۆستایان بەوپەڕی متمانەو باوەڕەوە ئەو مەسەلەیە لەگەڵ خوێندكارەكانیان باسبكەن. ئەگەر مامۆستایەک زانیاری پێویستی نەبێت دەربارەی دەرمان و مادە سڕكەرەكان چۆن دتوانین داوای ئەوەی لێبكەین كە منداڵان لەمەترسییەكانی ئەو مادانە هۆشیاربكاتەوە؟ ئەو كارەش دیارە كارێكی بەپەلە نییە و پێویستی بە ئەرک و ماندووبوونێكی زۆر هەیە و كات و پارەو كارمەندی پێویستە.

دوای قوتابخانەو خوێندنگا و پەیمانگاو زانكۆكان ئەركی پەروەردەیی دەكەوێتە سەر ئەنجومەنی گەڕەكەكان و ڕێكخراوە دیموكراتی و پیشەییەكان و سەنتەرەكانی چالاكی گەنجان و بنكەكانی دیكەی پەروەردیی وەک بنكەی منداڵانی ئیشكەرو هتد ...

هەبوونی سەنتەرەكانی چالاكی گەنجان هەنگاوێكی بەرچاو بوو. ئەو هەنگاوە شایستەی ڕێزو هاندان و گەشەپێدانەو شتێكی باشتریشە ئەگەر ئەو سەنتەرو بنكانە لەهەموو شوێنێكی كوردستان بكرێنەوەو گوێنەدرێت بە لایەنی سیاسی و پەیوەندی پارتایەتی. ئەو سەنتەرانە، ئەوەندەی من ئاگادارم ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە لە هوشیاركردنەوەی گەنجانداو دەكرێت وەک بنكەی پەروەردەی گەنجان بۆ تێوەنەگلان لە دەرمان و مادە سڕكەرەكان بەكاربهێنرێن و لەهەمانكاتیشدا بۆ ڕاهێنانەوەی گەنجانی لادەرو سەرپێچیكەر و فێربوونی كارو پیشەو هتد....

میدیاكانیش بە تەلەفیزیۆن و ئینتەرنێت و ڕادیۆو گۆڤارو ڕۆژنامەكانیشەوە دەتوانن ڕۆڵی باش ببینن و هەندێكیشیان بەردەوام بینیویانە، لە هۆشیاركردنەوەی كۆمەڵانی خەڵكدا و ڕێنومایی كردنی گەنجان بۆ بەدەستكەوتنی زانیاری ڕاست و دروست. هەروەها نواندن و زنجیرە تەمسیلی و كۆمیدییەكانیش دەتوانن ڕۆڵە

[161] Home Office. Drug Strategy Progress Report 2004. Tackling Drugs. Changing Lives: keeping Communities Safe from Drugs. P. 11

خراپ و باشەکان بەئاراستەی ڕاستی و کێشەکانی ئەم سەردەمەدا ببەن و بێگومانم کە ئەو هۆکارانەی ڕاگەیاندن و میدیا لە کوردستاندا کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆو دیاریان هەیە لەسەر خەڵک .

شتێکی بەڵگە نەویستە کە گەنجانی ئەمڕۆ ئۆقیانوسێکی فراوان و بێبنی زانیارییان لەبەردەستدایە بەڵام خۆ ئەو زانیاریانە هەمووی باش نین و ئەو ئۆقیانوسە پێویستی بە فێربوونی مەلە هەیە. ئەم مەسەلەیە سەبارەت بە سەتەلایت و ئینتەرنێت زیاتر گرنگی هەیە. لەوانەیە ٥٠ساڵ لەمەوبەر هەرشتێک چاپکراو بوویێت یان لە ڕادیۆیەکەوە پەخشکرابێت خەڵکی بە سەنەدی ڕەسمی وەریانگرتبێت. بەڵام لە ئەمڕۆی هەڕاجی تەکنۆلۆژیاو ئەلەکترۆنیاتدا ئەو مەسەلەیە شێوازێکی دیکەی هەیەو بۆ ئەوەی لەنێو زانیاری هەڵەو فریودەرانەدا نەخنکێییت پێویستت بە ڕێنومایی و ماندوبوون هەیە و کات تادەڕوات تەنگەبەرتر دەبێتەوە. ئەمڕۆ شتێکی گێلانەیە گەربتەوێت منداڵ و گەنجەکان بە ترس و تۆقاندن لەو مەسەلانە دوربخەیتەوە. ئەوان پێویستیان بەوە هەیە کە ڕووی ڕاستی مەسەلەکانیان بۆ ڕوونبکەیتەوە؛ بەبێ کەم و زیاد کاریگەرییە نزیکخایەنە خۆشەکانی بناسن هەروەک لەمەترسی کاریگەرییە درێژخایەنە خراپ و داڕوخێنەرەکانی هۆشدارییان دەدەیتێ .

پێدەچێت لە کوردستان پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانیش بتوانن ڕۆڵی خۆیان ببینن و کۆمەڵانی خەڵک و لانی کەم دۆستان و لایەنگرانی خۆیان بەئاراستەی پێویستدا بەرن. بێگومان ڕۆڵی مزگەوت و پێشەوا ئاینییەکانیش نابێت فەرامۆش بکرێت کە لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا ئاین ڕۆڵی خۆی هەیە لە ئاراستەکردنی ژمارەیەکی زۆری خەڵکدا.

بوارێکی دیکەی گرنگ بواری وەرزشە. گەشەپێدان بە وەرزش و سەرقاڵبوونی گەنجان بە چالاکییە وەرزشییەکانەوە زەمینەیەکی باشە بۆ دوورکەوتنەوە لە تێوەگلان لە دەرمان و مادە سڕکەرەکانەوەو خۆی لەخۆیدا نیشانەی تەندروستی باش و هەستکردنە بەوەی کە بەشێکی چالاکی کۆمەڵگان. شایانی باسە چالاکییە وەرزشییەکان لەلای هەندێک کەس هاندەریشن بۆ بەکارهێنانی هەندێک جۆری دەرمان و مادە سڕکەرەکان. ئەو کەسانە بەبەکارهێنانی ئەو دەرمانانە هەست بە هەندێک نیشانەی کورتخایەن و چالاکی کاتیی دەکەن کە لەڕاستیدا زیانیان زۆر زۆرە و لەگەڵ ڕەوشت و ئەدگاری کەسانی وەرزشەواندا نایەنەوە. زۆر لەو دەرمانانە کە پێدەچێت بۆ مەبەستی بەهێزکردنی ماسولکە یان خێرابوون و چالاکبوون بەکاربهێنرێن لەشوێنی خۆیاندا باسکراون .

ڕەنگە کەسێک بڵێت: جا پەروەردە چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر کەسێک کە هۆشی بەخۆی نییەو تا بینەقاقای تێوەگلاوە لەو مادانەوە؟ بەرلەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە دەمانبات بەرەو خاڵی سێیەکی بەرنگاربوونەوە کە ئەویش چارەسەرە، ئەم نمونەیە باسدەکەین:

"تاینا کچێکی ئینگلیزەو هەر لە تەمەنی بیست ساڵییەوە دەستی دایە بەکارهێنانی هیرۆین و بۆ ماوەی دەساڵی ڕەبەق بەکاریدەهێنا. ماوەی چوارساڵیان ئەوە هەر بەتەواوی ئالودە بووبوو زۆر بە توندی بەکاریدەهێنا. ئەو پارەکەی بە سواڵکردن و دزی لە کۆگاو دوکانەکان و تەزویرکردنی بەڵگەنامەکان بەدەستدەهێنا. لەکاتی هەرە خراپیدا ڕۆژانە پێویستی بە بڕی ١٦٠ پاوەند هەبوو بۆ ئەوەی بتوانێت خووەکەی پێ کپبکاتەوە .

دوای ماوەیەک تووشی خەمۆکی بوو، بۆ چارەسەری خەمۆکییەکەی پەنای بردە بەر پزیشک بەڵام خوی دەرمانەکەی بەبێ چارەسەر مایەوە. ئەو پێدەچێت ئەو گروپانەی بەدڵ نەبوویێت کە چارەسەریان کردووە یان ئەو دەرمانەی کە داویانەتێ وەک جێگرەوەیەک بۆ هیرۆین بەکەمی زانیوە. دوای ئەوە پەیوەندی کرد بە گروپێکەوە کە لەگەڵ ئەوەشدا دەیانزانی ئەو دەرمان بەکاردەهێنێت هەر قوبوڵیان بوو لەگەڵیان بێت. ئەوان ماوەیاندا بە تاینا کە بەڕاشکاوی باسی کێشەکانی بکات و چەندەها بواری چارەسەریان خستەپێشچاوی. ئەو بەبەکارهێنانی چەند جێگرەوەیەک بۆ ماوەیەکی دیاریکراو توانی بەسەر خووەکەیدا زاڵبێت. ئەو ئێستاکە

لەگەڵ ڕێخراوە نیشتمانییەکانی بەرگریکردن لە دەرماندا کاردەکات و بەگوێرەی ئەزمونی خۆی ئامۆژگاریدەدات بە خەڵکانی دیکە بۆ ئەوەی زاڵبین بەسەر خووەکەیاندا[١٦٢]."

چارەسەرکردن خاڵی سێیەم و کۆتایی پرۆسەی بەرگرتنە لە دەرمان و مادە سڕکەرەکان. چارەسەرکردن گەلێک بواری هەیەو لە وڵاتە لێک جیاوازەکاندا بۆچونی جودای لەسەرە. لەهەندێک وڵات چارەسەرکردن بودجەی گەورەو گرانی بۆ دادەنرێت و لەهەندێک وڵاتی دیکەشدا بە جۆرێکی دیکەیە. لە بەریتانیا ئامانجی ستراتیژی دەوڵەت ئەوەیە کە تاساڵی ٢٠٠٨ بتوانن هەموو ئەوانەی کە بەهۆی بەکارهێنانی دەرمان و مادە سڕکەرەکانەوە تووشی لادان و تاوان دەبن بتوانن چارەسەربکرێن. لە ئەمریکاش تاوانباران ئەگەر تاوانەکەیان بەهۆی دەرمانەوە بێت ئەوا دەبرێنە دادگای دەرمان و بەرنامەی چارەسەرکردنیان بۆ دادەنرێت.

خاڵێکی دیکەی چارەسەرکردن لە بەریتانیا کەمکردنەوەی مەترسییە. ئەوان لەوباوەڕەدان کە خەڵکی خوگرتوو ئالودەبوو دەرمان و مادە سڕکەرەکان هەر بەکاردەهێنن، بەڵام بۆ کەمکردنەوەی مەترسی تووشبوون بە نەخۆشییە زایەندییەکانی وەک HIV Aids و هیپەتایتس سرنجیان بە خۆڕایی بۆ دابین دەکەن و لەبەرانبەر گێڕانەوەی سرنجە بەکارهاتووەکاندا وەریدەگرن. ئەم ڕێگایە زۆر بۆچونی لێکجیاوازی لەسەرەو هەندێک لەوباوەڕەدان کە ئەوە هاندانی زیاترە بۆ بەکارهێنانی دەرمان و کارئاسانییە بۆیان، بەڵام کەسانێکی دیکەش دەڵێن کەمکردنەوەی مەترسی باشترە لە مەترسی گەورەتر.

لە بەریتانیا ئالودەبوان چەندەها ڕێگاو بواریان لەبەردەمدایە بۆ وەرگرتنی چارەسەری وەک دەرمانی هێواشتری جێگرەوە بەتایبەتی بۆ ڕاهێنانەوەی ئەوانەی کە ئالودەبوون بە دەرمانی پۆلی A ەوە، هەروەها بە چونە نێو گروپی هاودەردو بیروڕائاڵوگۆڕکردن و دووبارەڕاهێنانەوە بۆ نێو کۆمەڵگاو پێشکەش کردنی کۆمەکی تایبەت بەو کەسانەو کەسوکارو خێزانەکانیان لەپێناوی زاڵبوون بەسەر خووەکەیاندا.

ڕێگای دووبارەڕاهێنانەوە ڕێگایەکی کاریگەرە بۆ ئەوانەی کە واهەست دەکەن لە کۆمەڵگا تەریککەوتون و کەوتونەتە پەراوێزەوە. ئەو جۆرە کەسانە کە بەزۆری بەهۆی تووشبوون بە نەخۆشییە دەرونییەکان یان بەکارهێنانی دەرمان و مادە سڕکەرەکان یاخود هەردووکیان پێکەوە تووشی ئەو بارە ناهەموارە دەبن، پێویستیان بە پشتگیری و کۆمەکی خێزان و دۆستان و هاوڕێیان و کۆمەڵگاو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان هەیەو پێویستە دووبارە سەرلەنوێ ڕابهێنرێنەوە بۆ گەڕانەوە بۆ نێو ژیانی کۆمەڵگا. چەندەها کەس هەیە دوای ئالودەبوون بە دەرمانەوەو تێوەگلان لە تاوانەوە و بەسەربردنی ماوەیەکی زۆر لە زینداندا و وەرگرتنی چارەسەر وا هەست دەکەن ژیانێکی زۆریان فەوتاوەو تەمەنیان لەگەڵ ئەو زانین و زانیاریانەدا ناگونجێت کە هەیانە. ئەوانە لە وڵاتانی خۆرئاوادا کۆمەکی باشیان پێدەکرێت و خەڵکانی تایبەت کە بەزۆری خۆبەخشن هاوکارییان دەکەن تا وەک منداڵ سەرلەنوێ ڕایاندەهێننەوە و سەرلەنوێ فێردەبنەوە .

بەشێوەیەکی گشتی ئالودەبوان پێویستیان بە چارەسەرو کۆمەکەو ئەو ئەرکەش ئەرکی کۆمەڵگاو دەوڵەتە لەپێناوی کەمکردنەوەی ئەو مەترسیانەدا کە بەهۆی خراپبەکارهێنانی دەرمانەوە ڕوودەدەن. لەلایەکی دیکەشەوە ئەوانە، بەتایبەتی گەنجان، ئەندامانی کۆمەڵگان و پێویستیان بە ڕاستکردنەوەو ڕێنومایی هەیە نەک تەنها سزاو زیندان. ئەمڕۆ زانستی کریمینۆلۆجی لەو باوەڕەدایە کە باشترین سزا ئەو سزایەیە کە ئەو کەسە لەنێو کۆمەڵگادا بمێنێتەوەو ئازادییەکانی سنورداربکرێن و وایلێبکرێت کاربکات، بەڵام بەشێوازێکی سەردەمیانەو بەپێی ڕێوشوێنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی دیموکراتی نەک وەک کاری قورسی بەزۆری نێو زیندانەکان. بەپێی ئەم ڕێبازە ئەو کەسە پێویستە خۆی ڕازیبێت بەو کارەو پێدەچێت بواری پێبدرێت لەنێو چەند جۆرە کارێکدا هەڵبیژێرێت. پێویستە کارەکە لەگەڵ تواناو تایبەتمەندییەکانیدا بگونجێت و یارمەتیدەربێت بۆ دووبارەڕاهێنانەوەی بۆ نێو کۆمەڵگا وەک هاوڵاتییەکی بەسود .

---

[162] Home Office. Drug Strategy Progress Report 2004. Tackling Drugs. Changing Lives: keeping Communities Safe from Drugs. P. 6

مرۆڤ و وێڵبوون بەدوای بەختەوەریدا

مرۆڤ لەسەردەمە هەرە کۆنەکانەوە بەدوای بەختەوەریدا وێڵبووە. پاشاکان هەرەم و کۆشکەکانیان بە ئومێدی نەمری و بەختەوەرییەکی هەتا هەتایی دروستکردووە. مرۆڤ تا ئێستا نەیتوانیوە پێناسەیەکی دەقاودەق بکات بۆ بەختەوەری. پێدەچێت هەژار دەوڵەمەند بە بەختەوەر بزانێت چونکە بە پارەکەی دەتوانێت هەموو شتێک بکرێت و لەوانەشە زۆر دەوڵەمەند هەژار بەبەختەوەر بزانێت چونکە سەری سوکە. خەڵکی خۆرهەڵات لەوباوەڕەدان خۆرئاواییەکان زۆر بەختەوەرن چونکە پێشکەوتون و تەکنۆلۆژیا لەلای ئەوان گەیشتوەتە لوتکە، بەڵام پێدەچێت زۆر لەخەڵکی خۆرئاواش ژیانێکی سادەو ساکاری خۆرهەڵاتی بەبەختەوەرتر بزانن لە ژیانی خۆیان؛ بەرزی ڕادەی خۆکوشتن و کێشە دەروونییەکان لە کۆمەڵگا خۆرئاواییەکاندا ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت.
بەدەر لە دابین بوونی لانی کەمی پێویستییەکانی ژیان کە بۆ هەر کەسێک پێویستەو لەبنەڕەتدا مافی سروشتی هەموو مرۆڤێکیشە کە لانی کەمی پێویستییە بنچینەییەکانی بۆ دابینبکرێت، لەڕاستیدا پێدەچێت بەختەوەر ئەو کەسەبێت کە خۆی بەبەختەوەر دەزانێت و باوەڕو متمانەی بەو بارە هەیە کە تێیدایە و پێوەرێک نییە کە ڕادەی بەختەوەری مرۆ بپێوێت بێجگە لە بۆچوونی خودی ئەو کەسە خۆی. مرۆڤی بەختەوەر کەسێک نییە کە خاوەنی تایبەتمەندی و سامانێکی ماددی یان مەعنەوەی دیاریکراوبێت بەڵکو مرۆڤێکە کە خاوەنی سامانێکی باشی کۆنترۆڵکردنە بەسەر هەست و نەست و ئارەزووەکانیدا.
ئاشکرایە هەموو جۆرەکانی دەرمان و مادە سڕکەرەکان لەپێناوی بەختەوەریدا تاقیکراونەتەوەو هەتا ئێستاش ئەوانەی کە خوویان پێوەدەگرن یان ئالودەدەبن لەسەرەتادا بەمەبەستی بەختەوەری و بیرچونەوە یان ڕاکردن لە کێشەو گرفتەکانیان دەستیان دەدەنێ، ئەگەرچی دواتر بۆیان ڕووندەبێتەوە کە وەدوای سەرئاویلکە (سەراب) کەوتون. توێژینەوەکان دەریانخستووە کە هەموو ئەو کەسانەی دووچاری ئالودەگی دەبن لە یەکێک لە قۆناغەکانی ژیانیاندا هەست بە پەشیمانی دەکەن و زۆر کەسیش کەڵک لەو پەشیمانییە وەردەگرێت. من لە کوردستان پیرەمێردی ٧٠ ساڵەم بینیوە دەستی لە جگەرەکێشان هەڵگرتوەو جارێکی دیکە توخنی نەکەوتۆتەوە بەبێ هیچ چارەسەرو دەرمانێکی نوژداری جێگرەوە .
ڕژانی مادەی Dopamine لەمێشکدا دەبێتە هۆی هەستکردن بەخۆشی بەڵام تا چ ڕادەیەک؟ پێدەچێت هەرمرۆڤە ڕادەیەکی دیاریکراوی هەبێت لەو مادەیە یان ئاستێکی دیاریکراوی هەبێت بۆ ڕژاندنی لەکاتی لەبارداو پێویستی بە هەلومەرجی تایبەت هەبێت، فشارخستنەسەر مێشک بۆ ڕژاندنی بڕێکی هەرچی زیاتر لەو مادەیە بەپێچەوانەی هەلومەرجی تایبەتی خۆیەوە وایلێبکات دواتر نرخی ئەوەی پێشو بداتەوە. ئەوەی پشتگیری ئەو بۆ چونە دەکات هەستکردن بە ماندویی و سەریەشەو پەستی و کێشەی دەروونییە دوای بەکارهێنانی ئەو مادانە. کەسانێک کە ئەلکهول دەخۆنەوە دوای هەست بە سەریەشەو ئەو جۆرە پەستییە دەکەن کە بە بەردانی دوای مەستی ناسراوە. ڕاستە بەشی زۆری سەریەشەکە لەئەنجامی کەمبوونەوەی شلەمەنیەوەیە لەلەشدا بەهۆی میزکرنی ناسروشتییەوە، بەڵام پێدەچێت بەشێکی دیکەشی بەهۆی سڕکردنی ناوەندی پەیوەندی ناردن و وەرگرتنی پەیامەکانەوە بێت لەنێو مێشکدا کە دەبێتە هۆی ئەوەی جەستە نەتوانێت بەڕێکوپێکی وەڵام بە مەترسی و پێویستییەکان بداتەوە. مادە هێمنکەرەوەکان لێدانی دڵ کەم دەکەنەوەو هەناسەدان هێواش دەکەنەوە. ئەو پەیامانەی کە دەچن بۆ ماسولکەکان و بەتایبەتی چوارپەل زۆر هێواش و لەرزۆکن و دەست و قاچ بەڕێکوپێکی ناجولێن. بەوجۆرە جەستە ناتوانێت هەست بە مەترسی بکات یان کاردانەوەی خێرای هەبێت بۆ مەترسی.
مادە ووریاکەرەوەکان دەبنەهۆی پێکهێنانی پەیامی هەڵە لەمێشکدا کە وا لە جەستە دەگەیەنێت لەژێر فشاردایەو ئەویش بە ناردنی خوێنی زیاتر بۆپێست و زیادکرنی لێدانی دڵ و زیادڕژاندنی شەکر لەلایەن جگەرەوە پەرچەکرداری خۆی پیادەدەکات. لەئەنجامدا ئەو کەسە لەپەلوپۆ دەکەوێت و پرزۆڵی لەبەردەبڕێت و ئەگەر جەستە کەوتە ژێر فشارێکی ڕاستەقینەوە ناتوانێت وەڵامدەرەوەبێت بەو فشارە. ئەو وێنەیەی خوارەوە ئەو پەیوەندیانەو گەلێک کاریگەری دیکەش ڕووندەکاتەوە:



هەرچی مادە هەلوەسە هێنەرەکانیشە ئەوە کاریگەری سامناک لەسەر هەڵسوکەوت و هۆش و بیری ئەو کەسە جێدەهێڵن و مەترسی کاریگەرییەکانیان لەوانی دیکە کەمتر نین. بەم شێوەیە ڕووندەبێتەوە کە دەرمان و مادە سڕکەرەکان هیچ بەختەوەرییەکی بەردەوام بەرهەم ناهێنن و ئەو خۆشییە کاتییەش کە مرۆڤ هەستی پێدەکات لەزۆرترین باردا دواتر نرخەکەی دەداتەوە. ئەوەندەی کە پەیوەندی بە ئالودەگییەکی تەواوەوە هەیە بەو مادانەوەو بەتایبەتی بە مادە هەرە بەهێزەکانەوە ئەوا نرخەکەی زۆر قورسە لەسەر تاکەکەس، خێزان و کۆمەڵگا .

فەرهەنگۆک

Addiction:ئالودەگی؛ بریتییە لە ئالودەبوون و گرفتاربوون بەو مادانەوەو نەتوانینی هەڵکردن بەبێ دەرمان و مادە سڕکەرەکان و بوونیان بە کێشەی بنچینەیی و سەرەکی ژیان.

Dependent:خووگری؛ بریتییە لە خوگرتن و ڕاهاتن لەگەڵ دەرمان یان خویەکی دیکەی سایکۆلۆژی .

Tolerance:ڕاهاتنی لەش لەگەڵ ئەو مادانە و پێویست بوون بە زیادکردنی بڕی ئەو مادەیەی کە بەکاریدەهێنێت بەشێوەیەکی بەردەوام، بۆ ئەوەی کاریگەرییەکەی یەکەم جار بدەنەوە بەدەستەوە .

Withdrawal:کشانەوە یان پاشەکشە؛ ئەو هەستە کاتێک ڕوودەدات کە ئەو کەسە دەست لە بەکارهێنانی دەرمان و مادە سڕکەرەکان هەڵدەگرێت یان دەستی ناکەوێت و هەست بە بێتاقەتی و شێوانی باری جەستەیی و دەروونی دەکات و ئۆقرەی لێهەڵدەگیرێت .

Bibliography سەرچاوەکان

A brief History of Coffee [online] Thttp://www.2basnob.com/coffee-history.htmlT
Albert Hofmann. 'LSD: My problem child, McGraw Hill 1980.
Alcohol Health & Research World, Vol. 14, No. 4, 1990.
TAlcohol Research & HealthT 27(2):125–133, 2003.
All about Khat [online] Thttp://www.geocities.com/forceps1974/khat.htmlT
Armitage, R., (1987) Lets Discuss Drinking. Hove: Wayland Publishers Ltd.
ASH -Action On Smoking and Health , Basic Facts One, January 2003.

Barber, J., G., (2002) Social Works With Addictions. 2PndP ed. London: Palgrave.
BBC News [online] Thttp://news.bbc.co.uk/1/hi/health/4348559.stmT
Bean, P., (2004) Drugs and Crime. 2PndP ed. Devon: Willan Publishing.
Brownlee, (2002) This is CANABIS. London: Sanctuary Publishing.
Christian Olive. Reuters, 3 January 2004. Bam, Iran. [online] Thttp://opioids.com/opium/iran.htmlT
Claire, A.,& Smith, H., (2003) Drug Culture: The Facts Behind the Headlines.
Connolly, S.,(2002) Need to Know Solvent Abuse. Oxford: Heinemann.
Cooney, J., G., (2002) Under the Weather: Coping with Alcohol Abuse and Alcoholoism. 2PndP Ed. Dublin: Newleaf.
Corporate Strategy 2002-2005: More treatment, better treatment, fairer treatment.
Donnellan, C., (1999) Alcohol. Cambridge: Independence.
Donnellan, C., (2000) Drugs in Sport. Cambridge: Independence.
Donnellan, C., (2001) Drug misuse. Cambridge: Independence.
Delivering drug services to Black and minority ethnic communities. Home Office, United Kingdom.
Dr Syed Rashid Ali (Online) Drugs and Ahmadiyyah Movement. Thttp://alhafeez.org/rashid/drugs.htmT
Drug Awareness Studies and their Applications (NCFE Course). UK. 2003
Drug Scope (online) Thttp://www.drugscope.org.uk/T
Drug Intelligence Brief –Khat, June 2002- US Drug Enforcement Administration [online]
Thttp://www.usdoj.gov/dea/pubs/intel/02032/02032p.htmlT
Drugs Act 2005 [online] Twww.hmso.gov.uk/actsT
Drugs Act 2005 C.17 [online]
Thttp://www.legislation.hmso.gov.uk/acts/acts2005/20050017.htmT
Ectaco Dictionaries. [online] Dictionaries for 45 Languages. Thttp://www.knowledgesource.blogspot.com/T
European Monitoring Centre for Drugs and Drug Addiction- 2003 Annual Report-Lisbon.
Foetal Alcohol Syndrome aware UK Thttp://www.fasaware.co.uk/#topT
Freuds Magical Drug [Online]
Thttp://www.botgard.ucla.edu/html/botanytextbooks/economicbotany/Erythroxylum/T
Hammersley, R., et al., (2002) Ecstasy: and the rise of the Chemical Generation.London: Routledge.

Heroin Addiction and Drug Policy: the British system, J. Strang and M. Gossop (eds), Oxford Univeristy Press, 1994.
History Net- The History of Tobacco part 1 (to 1676) [online]
Thttp://www.historian.org/bysubject/tobacco1.htmT
Holy Quran (online) 37/47 Alsafiyat
Thttp://quran.muslimweb.com/sura.htm?aya=037T
Home Office. Drug Strategy Progress Report 2004. Tackling Drugs. Changing Lives: keeping Communities Safe from Drugs.
Home Office Press Releases -CLASSIFICATION OF CANNABIS. Reference: 057/2005 - Date: 19 Mar 2005 00:01.
Home Office UK, (2004) Substance Misuse and the Workplace. A training pack.
IAS factsheet; Alcohol: Tax, Price and Public Health. [online]
Thttp://www.ias.org.uk/factsheets/tax-price.pdfT
Imaging and diffusion tensor imaging to assess brain damage in alcoholics. TAlcohol Research & HealthT 27(2):146–152, 2003.
International Narcotics Control Board. Vienna International Centre. 2004 [online]. Thttp://www.incb.org/e/index.htmT
Islam Online. What does Islam say about Drugs?
Thttp://www.islamonline.com/cgibin/news_service/spot_full_story.asp?service_id=749T
June Russells Health Facts. Alcohol- Kidney and Bladder. [online]
Thttp://www.jrussellshealth.com/alckid.htmlT
K., James, (1998) Ketamine: Mtaprogramming From Within the Eye of the Storm.
[online]
Thttp://www.erowid.org/chemicals/ketamine/references/other/1997_kent_resproject_1.shtmlT
Macpherson, G., MB, BS (2002) Blacks Medical Dictionary. 40PthP edition, London: A&C Black Publishers Ltd.
Marsano, L.S. et al. Diagnosis and treatment of alcoholic liver disease and its complications. TAlcohol Research & HealthT 27(3):247–256, 2003.
Mary Ann Emanuele,M.D., Frederick Wezeman, Ph.D., and Nicholas V. Emanuele, M.D. Women and Alcohol: An Update. Volume 26, Number 4, 2002.
Medical Research news- News Medical.net (2004) [online]
Thttp://www.news-medical.net/?id=861T
Misuse and overuse of antibiotics: who is to blame? TWN Third World Network [online] Thttp://www.twnside.org.sg/title/ong-cn.htmT

Models of care for treatment of adult drug misusers. Home Office, United Kingdom.
National Criminal Intelligence Service, 2003. [online] Thttp://www.ncis.co.uk/ukta/2003/threat03.aspT
National Institute on Alcohol Abuse and Alcoholism. [Online] Thttp://www.niaaa.nih.gov/T
Newburn, T., & Shiner, M.,(2001) Teenage Kicks? Young people and Alcohol: A review of the Literature. York: York Publishing Services Ltd.
NIDA,National Institute on Drug Abuse: The science of drug abuse and addiction. [Online] Thttp://www.drugabuse.gov/T
Nigel, S., Drugs: Cultures, Controls & Everyday Life.
Ohio State Highway Patrol [online] Thttp://statepatrol.ohio.gov/media/2002/mr0201.htmlT
Oscar-Berman, M. and Marinlovic, K. Alcoholism and the brain: An overview.
Psilocybe Magic Mushrooms and the law- legal issues. [online] Thttp://www.magic-mushrooms.net/legal.htmlT
Real news about drugs and your body [online] Thttp://teacher.scholastic.com/scholasticnews/indepth/headsup/facts/index.asp?article=drug_inhalentsT
Rosenbloom, M., Sullivan, E.V., and Pfefferbaum, A. Using magnetic resonance.
Stop Drugs. Org- Tobacco [online] Thttp://www.stopdrugs.org/tobacco.htmlT
The Guinness Book of Records 1997.
The History of Tea (online) T http://www.2basnob.com/tea-history-timeline.htmlT
Uddin, J., et al., (2001) Community Engagement Project. Department of Health.
UNODC 2004 United Nations Office on Drugs and Crime. [Online] http://www.unodc.org/unodc/index.htmlT
UNODC-Iran Country Office [online] http://www.unodc.org/iran/index.html
US Drug Enforcement Administration DEA. Narco-Terrorism. [online] http://www.usdoj.gov/dea/ongoing/narco-terrorism.html
VOA News, GENEVA, Switzerland, Feb. 27, 2005
Warren, K.R., and Foudin, L.L. Alcohol-related birth defects—The past, present, and future. TAlcohol Research & HealthT 25(3):153–158, 2001.
Westcott, P.,(2000) Why do people take drugs? Lewes: White-Thomson Publishing Ltd.

WHO-(2004) Global Status Report: Alcohol Policy. Geneva. [online] http://www.who.int/substance_abuse/publications/en/Alcohol%20Policy%20Report.pdf.
Wikipedia encyclopaedia (2005) [Online] http://en.wikipedia.org/wiki/Alcohol
World Drug report of UNODC [online] http://www.unodc.org/unodc/index.html
World's First Anti-Tobacco Treaty Goes into Force.
World Health Organization Geneva (1992): Women and Tobacco. London: Franklin Watts.
World Star free dictionaries [online] http://www.stars21.com/index.html?pname=african&aname=farsi&fname=dict_fa&word=

پاشکۆی ١
دابەشبوونی جوگرافی ناوچەکانی دەوەنی کۆکاو ڕووەکی ئەفیون :



World Cultivation of Coca Shrub and Poppy Plant

MOST Newsletter No. 9 - October 1998

http://www.unesco.org/most/news9mp2.htm

پاشکۆی ٢

From: Sharon McEachen [SharonM@drugscope.org.uk]
Sent: 02 March 2005 12:09
To: 'zhiar@ukonline.co.uk'
Subject: RE: Drugs and law
Dear Ata
Thank you for your email. Can you tell me where on the DS website you saw the incorrect information, it would help me in my trawl of all the information there. Supplying class C drugs is now 14 yrs - up from 5. Law changed as result of reclassification of cannabis to deter dealing.

kind regards

Sharon McEachen
Information Officer
Information and Library Services
Drugscope
32-36 Loman Street
London
SE1 0EE
tel: 0207 922 8620
email: sharonm@drugscope.org.uk

-----Original Message-----
From: Ata Arif [mailto:zhiar@ukonline.co.uk]
Sent: 02 March 2005 09:09
To: info@drugscope.org.uk
Subject: Drugs and law
Dear Drug Scope

At your website under law it comes that class C drugs have 14 years imprisonment for supplying but in other places it is 5 years for the same purpose. Can you please make me sure which one is the most updated one?

Best regards

Ata

--
No virus found in this outgoing message.
Checked by AVG Anti-Virus.
Version: 7.0.300 / Virus Database: 266.5.2 - Release Date: 28/02/2005
--
No virus found in this incoming message.
Checked by AVG Anti-Virus.
Version: 7.0.300 / Virus Database: 266.5.7 - Release Date: 01/03/2005

دەربارەی نوسەر :

- ناوی عەتا مەلا کەریمە
- لەساڵی ١٩٦٤دا لە گوندی پارەزانی سەر بە ناوچەی شارباژێڕ لە پارێزگای سلێمانی، لەدایک بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٨دا کۆلێژی ئاداب بەشی زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی بەغدا تەواوکردووە .
- ئەندامی کۆمەڵەی وەرگێڕانی عێراقییە
- ئەندامی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووەو لە ساڵی ١٩٨٢ دا لەلایەن دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعسەوە دەستگیرکراوەو دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر لە لێبوردنێکی گشتیدا ئازاد بووە
- لەساڵی ٢٠٠٢دا گەیشتووەتە بەریتانیاو لەوێش دەستیداوەتە خوێندنی کریمینۆلۆجی لە پەیمانگای لانکەشێری خۆرهەڵات بۆ خوێندنی باڵا/ سەر بە زانکۆی لانکستەر و لە ساڵی ٢٠٠٧ دا بە پلەی یەکەم تەواوی کردووە و بڕوانامەی:

BA Honours Criminology (First Class) awarded by Lancaster University ی وەرگرتووە.

- بێجگە لە بابەتی سەرەکی خوێندنەکەی ئەم بڕوانامانەشی وەرگرتووە:

OCA Criminology
OCB Law
OCB Psychology
OCR-RSA- Computer
NCFE in Drug Awareness Studies and Their Applications
NCFE Computer Practioners
HNC Criminology

- لە گەلێک گۆڤارو ڕۆژنامەو ماڵپەڕدا بابەتی وەرگێڕراو، ئامادەکراو یان نوسراوی خۆی بڵاوکردۆتەوە بەکوردی و بە ئینگلیزی
- کتێبی تیرۆریزم: چونە نێو ناخی دیاردەیەکی جیهانییەوەی وەرگێڕاوە بۆ کوردی

- له بەریتانیا لەگەڵێک چالاکی ڕۆشنبیری و کولتوری و کۆمەڵایەتی و تەندروستیدا بەشداری کردووه و چەندەها جار له ڕادیۆی BBC ناوچەی لانکەشێر و ڕۆژنامەو کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی ناوچەکەیدا چاوپێکەوتنی لەگەڵدا سازکراوه
- ئەندامی خۆبەخشی کۆمەڵەی کۆمەکی قوربانیانی تاوانەVictim Support
- وەک خۆبەخش کار بۆ کۆمەڵەی منالاَن دەکات
- بەشدارە له پرۆژەی ئی فەرهەنگدا بۆ دروستکردنی فەرهەنگێکی دیجیتاڵی کوردی بۆ زمانە زیندووەکانی دیکەی جیهان و بەردەوام کاری بۆ دەکات .